ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

# کوردستان

www.kurdistanukurd.com

ژمارە ٨١٦ ■ هەینی ١٥ی ڕێبەندانی ١٤٠٠ _ ٤ی فێورییەی ٢٠٢٢

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا

## دووهەمین خولی دادگای نێونەتەوەیی ئابان دەستی پێ کرد



دووهەمین خولی دادگای نێونەتەوەیی ئابان بۆ پێڕاگەیشتن و بەدواداچوونی سەرکوتی ناڕەزایەتییەکانی خەزەڵوەری ٩٨، ڕۆژی هەینی ١٥ی ڕێبەندان لە شاری لەندەن دەستی پێ کرد.

بەرپرسانی دادگا بۆ پاراستنی گیانی شایەتەکان کۆبوونەوەکانی خولی دووهەم بە شێوەی نائاشکرا بەڕێوە دەبەن. بڕیارە لەو خولەدا زیاتر لە سەد شایەتحاڵی دیکە لە دادگا باسیان هەبێ. لە خولی پێشوودا کە ئەو دادگایە بە پاڵپشتیی ڕێکخراوەکانی «عەداڵەت بۆ ئێران»، «مافی مرۆڤی ئێران» و ڕێکخراوی نێونەتەوەیی «پێکەوە دژی ئێعدام» بەڕێوە چوو، ٣٤ شایەتحاڵ و شەش کارناس بەڵگە و دۆکیۆمێنتەکانی خۆیان خستە ڕوو.

لەو دادگایەدا لێژنەی دادئەستێنی دوای بیستنی قسەی شایەتەکان و تاوتوێی بەڵگەنامەکان ١٦٠ کاربەدەستی کۆماری ئیسلامیی سەبارەت بە سەرکوتەکانی خەزەڵوەری ٩٨ و کوشتاری خەڵک بە تاوانبار ناسیوە. لە کوشتاری خەزەڵوەری ٩٨دا لانی کەم ١٥٠٠ کەس کوژران.

## دانانی ناوەندە ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامی:

# ناڕەزایەتییە گشتییەکان سێ هێندەی ساڵی ڕابردوو زیادیان کردوە



سەروتار

## کۆماری ئیسلامی چۆن دەڕووخێ؟

**عەلی بداغی**

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە کاتێکدا جێژنی ٤٣ ساڵەی دامەزرانی خۆی دەگرێ، کە لە ماوەی ئەو ساڵانەدا زۆر کارەسات بە سەر خەڵکی وڵات هاتوە و لە سۆنگەی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی و شێوەی بەڕێوەبردنی وڵات لەلایەن ئەم ڕێژیمەوە مەترسیی زۆر کارەساتی دیکەش بۆ سەر خەڵک و کۆمەڵگە هەست پێ دەکرێ. بەڵام ئەو پرسیارەش لەو کاتوساتەدا بەجێیە بکرێ ڕێژیمێک کە کەمترین شەرعییەتی لەلایەن خەڵکەوە هەیە و ئێستا زۆرینەی ڕەهای خەڵک پشتیان تێکردوە، چۆنە هێشتا دەسەڵاتی بەدەستە؟ خەڵک و ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی بۆ نەیانتوانیوە خۆیان و وڵات لەو دۆخە دەرباز بکەن و هۆکارەکانی چەقبەستوویی ئەو دۆخە و بۆنبەستی گۆڕانکارییەکان بۆ تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی چین؟ بۆ بزووتنەوە ناڕەزایەتییەکان ناگەن بە ئاکام و بۆچی ئۆپۆزیسیۆن نەیتوانیوە ببێ بە ئالتەرناتیڤی ئەو ڕێژیمە؟

یەکەم هۆکار لێکبڵاویی ئۆپۆزیسیۆنە. ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی نەک هەر نەیانتوانیوە لە چوارچێوەی پلاتفۆرمێکدا بچنە خانەی کاری هاوبەش و هەرەوەز و پێکهێنانی حکوومەت لە تاراوگە و بەدەستەوەگرتنی جڵەوی ناڕەزایەتییەکانی نێوخۆ و ڕێبەریکردنی، بەڵکوو ئێستاش بەشێکی زۆر لەوان وزەی سەرەکیی خۆیان لەدژی یەکتر بەکار دێنن. بە واتایەکی دی کۆماری ئیسلامیی ئێران هیچ گوشارێکی ...

درێژە لە لاپەڕەی ٢

## وانەکانی یەکیەتی و مافی ئینسانی لە مانگرتنی مامۆستایاندا

ناڕەزایەتیی سینفیی مامۆستایانی ئێران لە حەوتووی ڕابردوودا خاڵگۆڕانێکی نویی ئەزموون کرد و گەورەترین مانگرتنی سەراسەریی مامۆستایان لە مێژووی ئێراندا تۆمار کرا. مامۆستایان لە ماوەی سێ ڕۆژ مانگرتنی خۆیان لە زیاتر لە ٣٠٠ شاری ئێراندا لەسەر سێ مافی سەرەکیی خۆیان پێیان داگرتەوە: «پەسندکردن و جێبەجیکردنی پلەبەندیی مامۆستایان»، «جێبەجیکردنی یاسای وەکیەککردنی مووچەی مامۆستایانی خانەنشینکراو» و «ئازادکردنی مامۆستایانی بەندکراو».

ناوەندە ئەمنیەتی و دەزگاکانی بڕیادەری کۆماری ئیسلامی لەلایەک مامۆستاکانیان لە شەقامدا سەرکوت و دەستبەسەر کرد، لەلایەکی دیکەش بە پەلەپڕووزە گەڵاڵەی پلەبەندییان بە کەموکوڕی و نقوستانیی زۆرەوە پەسند کرد بۆوەی دەنگی ئەو ناڕەزایەتی و مانگرتنانەیان کپ کردبێ.

گرینگترین ماف کە مامۆستایان لەسەری پێداگرن، جێبەجێکردنی یاسای «پلەبەندیی مووچە»یە کە لە ئەگەری جێبەجیکردنیدا مز و دەرماڵە پیشەییەکانی مامۆستایان زیاد دەکا. نوێنەرانی مەجلیس پاش مانگرتنی سەرانسەریی مامۆستایان گەڵاڵەکەیان بە نیوەچڵی و کەموکوڕییەوە پەسند کرد، بێئەوەی سەرچاوەی ماڵیی پێویست بۆ جێبەجێکردنەکەی لەگۆڕێدا هەبێ. جێبەجێکردنی پەسندکراوی مەجلیس بۆ زیادکردنی مووچەی مامۆستایان ٢٥ هەزار میلیارد تمەنی سەرچاوەی ماڵی پێویستە و ڕوون نییە کە دەوڵەت چۆن و لەکوێ دەتوانێ ئەو بڕە بودجەیە دابین بکا.

## کوژران و برینداربوونی ١٩٢ کۆڵبەر و بەندکردنی ٥٣٢ چالاکی سیاسی

لە ماوەی یەک مانگ و نیوی زستاندا لانی کەم ١٨ کۆڵبەر و کاسبکاری ناوچە سنوورییەکانی کوردستان بوونەتە قوربانیی سیاسەتی پەرەنەسەندنی کوردستان لە ڕووی ئابووری و، ڕەفتاری دوژمنکارانەی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەرحەق بە گەلی کورد. لەو ١٨ کۆڵبەرە ٢ کەسیان کوژراون و ١٦ کۆڵبەریش بریندار بوون. بەوەش ژمارەی ئەو کۆڵبەر و کاسبکارانەی سەرەتای ئەمساڵەوە کەوتوونەتە بەر دەستڕێژی هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم گەیشتە ١٩٢ کەس بووە کە ٥١ کەسیان کوژراون و ١٤١ کۆڵبەر و کاسبکاریش بریندار بوون.

جێی بیرهێنانەیەوەیە لە ساڵی ڕابردوو (١٣٩٩)یشدا ٢٢٨ کۆڵبەر و کاسبکاری کورد بەهۆی تەقەی ڕاستەوخۆ، تەقینەوەی مین، بەربوونەوە لە بەرزایی لە سۆنگەی ڕاوەدوونان و هەروەها ڕەقهەڵاتن لە سەرما گیانیان لەدەست دا و بریندار ببوون.

هەر لەو ماوەیەدا لانی کەم ٨٢ کەس لە خەڵکی ئاسایی و چالاکانی مەدەنی و سیاسی لەلایەن دەزگا ئەمنیەتییەکانەوە بە تۆمەتی چالاکیی ئەمنیەتی و سیاسی لە دژی کۆماری ئیسلامی و بەرژەوەندییەکانی ئەو ڕێژیمە گیراون. بەو پێیە ژمارەی ئەو کەسانەی لە سەرەتای ئەمساڵەوە تا ئێستا گیراون ٥٣٢ کەس بووە کە ١٢٤ کەس لەوان حوکمی زیندانیان بۆ دەرکراوە.

ساڵی ڕابردووش ٦٤٠ کەس لەلایەن دەزگا ئەمنیەتییەکانەوە بەتۆمەتی چالاکیی ئەمنیەتی و سیاسی لە دژی کۆماری ئیسلامی و بەرژەوەندییەکانی ئەو ڕێژیمە گیرابوون.





هۆکارەکانی بەردەوامیی کۆماری ئیسلامی
٢



وتووێژی بەهێز و هێزی وتووێژ
٣



متمانە سەرمایەی بەهێزی مامۆستایان
٤



پێگەی جەماوەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان
٧



کۆڵبەری لەنێوان بەپیرۆزکردن و شوناسی دەستکرد و درۆیینەدا
١١

دریژەی سەروتار

# کۆماری ئیسلامی چۆن دەڕووخێ؟

... ئەوتۆی لەلایەن ئۆپۆزیسیۆن و لایەنە سیاسییەکانی دژبەری خۆیەوە لەسەر نییە، ڕێژیم پاڵی داوەتەوە و دژبەرانیشی سەنگەریان لەدژی یەکتر گرتوە.

ناکۆکی و جیاوازیی قووڵی بیرکردنەوە لە نێو ڕووناکبیران و ئیلیتی کۆمەڵگە، کە کۆمەڵگە چاوی لە دەم و ڕەفتاری ئەوان بۆ شوێنکەوتنە، هۆکارێکی دیکەی مانەوەی ڕێژیمە. بەشێک لە ڕووناکبیران باوەڕیان بە شۆڕش و گۆڕانکاری قووڵ و ڕادیکاڵ هەیە، بەشێکی دی بەڵام لایەنگری ڕیفۆرم و خەباتی ناتوندوتیژن و هەشن کە شتی تریان لە گۆڕانکاریی سیاسی پێ لەپێشترە. ئەوانەی لایەنگری شۆڕش و ڕووخانی ڕێژیمن، لایان وایە جەوهەری ئیستبدادیی ڕێژیم نەگۆڕە و هەتا کۆماری ئیسلامی لە دەسەڵاتدا بێ، لە سۆنگەی قۆرغکردنی هەموو جومگەکانی وڵاتەوەوە گۆڕانکاریی دیکە لە بەستێنەکانی ئابووری، کولتووری و کۆمەڵایەتیشدا بەدی نایە.

لە بەرانبەردا لایەنگرانی خەباتی ناتوندتیژ ڕایان وایە هەر چەشنە جموجۆڵێکی ڕادیکاڵ تەنانەت ئەگەر ڕووخاندنی نیزامی سیاسیی وڵاتیشی بەدواوە بێ، حاکمییەتێکی سیاسیی سەرەڕۆ و نادێموکراتیک لەجێی ڕێژیمی پێشوو دێنێتە سەر کار و، بەو پێیە لایەنگری چاکسازیی بەشێنەیی و بەرەبەرەی دەسەڵاتی سیاسیی نادێموکرات و ئیستبدادیی ئێستاکەن!

دەنگی سێهەم لە کۆمەڵگەش پێکهاتەی سیاسی لە قەوارە گشتییەکەی وڵات جیا دەکاتەوە و لای وایە بە پەرەسەندنی قووڵ لە کەرتەکانی ئابووری، کولتوور و کۆمەڵگە نیزامی سیاسییش ناچار بە گۆڕانکاری و تۆخ‌فرێدان دەبێ. دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییش بە مودیرییەتی تایبەت بە خۆیەوە ڕێی لە دروستبوونی دەرەنجامێک لە ئاکامی بەریەک‌کەوتنی ئەو فرەوێژمانییە گرتوە و لە بەرژەوەندیی خۆیدا لەغاوی کردوون.

کێشەیەکی تر لە بەردەم دروستبوونی هاوپەیمانییەکی نیشتمانی بۆ گۆڕینی نیزامی سیاسی و دێموکراتیزەکردنی وڵات لەلایەن ئۆپۆزیسیۆنەوە، سووڕانەوە لە جەغزی کۆمەڵێک بەها و ئیدئۆلۆژی و دوگماتیزمی وەک پاراستنی تەواوەتیی خاکی وڵاتدایە، ئەویش لە کاتێکدا کە حکوومەتی بێ‌کیفایەت و گەندەڵ و نابەرپرس بە قۆستنەوەی ئەو هەلە؛ ئارخەیان و ئاسوودە خوێنی خەڵکی وڵاتی لە شووشە کردوە. ئۆپۆزیسیۆنی دڵنیگەران کە بەشی زۆریشیان لە دڵی وڵاتانی ئورووپایی و ڕۆژئاواییدا دەژین و ڕۆژانە دێموکراسی و ماف و ئازادییەکانی خەڵک لەو وڵاتانە بە چاوی خۆیان دەبینن، دەبێ باوەڕ بەوە بهێنن کە تەواوەتیی خاکی ئێران لە ئەگەری هەر گۆڕانکارییەکدا تەنیا و تەنیا لەسۆنگەی دابین‌بوون و پارێزراوبوونی مافە نەتەوایەتییەکان و مافی وەک یەکی هەموو نەتەوە پێکهێنەرەکانی ئەو وڵاتە دەستەبەر دەبێ.

هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن پێویستە زۆر زوو ئەو قۆناغە ببڕن و بە ڕێککەوتن لەسەر جەوهەری مەنشووری نەتەوە یەکگرتووەکان، جاڕنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤ و میساقەکانی پەیوەست بەوان، گۆڕینی قانوونی بنەڕەتیی وڵات بە قانوونێکی بنەڕەتیی هەڵقوڵاو لە ئیرادەی ئازادی خەڵک، پێداگری لەسەر دێموکراسی، مافە بنەڕەتییەکان و وەک یەکی هەموو نەتەوەکانی وڵات، جیایی دین لە دەوڵەت و دارشتنەوەی نیزامی سیاسیی وڵات بەبەشداری هەمووان و بێ‌پەراوێزخستنی هیچ لایەنێک ببن بە ئاڵترناتیڤی جێی متمانەی خەڵک و کۆمەڵگەی جیهانییش. دواتر هەوڵەکانیان لەسەر ئەو چڕ بکەنەوە کە بۆ تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی شۆڕشێکی دی پێویستە، یان بە ڕێگا و شێوازی دی ئەشێ کۆماری ئیسلامی بەچۆکدا بهێنرێ.

شۆڕش بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی پێویستیی بە ڕێکخستنێکی بەربڵاو، پلان‌بۆداڕێژراو و جموجۆڵی بەرفراوانی ئامانجدار هەیە کە بە لەبەرچاو گرتنی کۆمەڵگەیەکی لێک‌ترازاوی ژێر شاڵاوی بنیات و دامودەزگای سەرکوت و ئیستبدادی سەخت و دژوار دەنوێنێ. بەڵام هەتا ئێستاش ڕوانگەکان هەر لەسەر تەوەری جووڵەی گشتی و جەماوەریی ڕێکخراو لە سەرەوە بۆ خوارێ دەوەستێ، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەزموونی مێژوویی گۆڕانکارییە سیاسییەکان لە ئێران دەگەڕێتەوە کە خەڵک جووڵە و ڕێکخراوی ژێر چاوەدێری و کۆنترۆڵی "ڕێبەر"ی قبووڵە و گۆڕانکارییەکانیش تەنیا لە بەستێنی سیاسیدا دەبینێ؛ بۆیە چاوەڕوانی هەل و دەرفەتی لەبارە. هەڵبەت لێرەشدا پرسیار ئەوەیە کە ئەم هەل و دەرفەتە لەبارە چۆن دروست دەبێ، کێ دروستی دەکا و خەڵک چۆن خۆی تێدا دەبیننەوە؟

بۆ هەمووان ئاشکرایە کە لە ئێستادا بوار بۆ سەرهەڵدانی جەماوەری خۆش و لەبارە. هەر ئەو ماوەیە لە کۆبوونەوەی نهێنیی "قەرارگای سارولڵا"دا کە بەڵگەکانی ئاشکرا بوو، هاتبوو کە خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییەکان لە ١٠ مانگی ڕابردوودا سێ هێندەی ساڵی پێشوو بووە. قەیرانە ئابوورییەکان کە خۆی لە بێکاری، ئاوسان و گرانیدا دەبینێتەوە، لە تەنیشت قەیرانە کۆمەڵایەتییەکان و بەڕێوەبەریی ناکارامەی حکوومەتی گەندەڵ و بچووک‌بوونەوەی هەرچی زیاتری ئاڵقەکانی جێی‌باوەڕی ناوکی دەسەڵات بارودۆخێکیان پێک‌هێناوە کە ڕێژیم بۆ دامرکاندنی تەنیا و تەنیا زمانی چەک و سەرکوت شک ببا.

لەو هەلومەرجەدا سەرەڕای ئیرادەی ڕێژیم بۆ سەرکوتی توندوتیژ ناڕەزایەتییەکان بە ئاکام دەگەن بێتوو چەند فاکتەرێک بایەخمەندیی خۆیان پەیدا بکەن. پێش هەموو شتێک ئەگەرچی باڵی ڕیفۆرمخوازی ڕێژیم هیچ متمانەیەکیان لای خەڵک نەماوە، بەڵام تەوەهومی ڕیفۆرم لە حکوومت بە شێوەی ئاسان و بێ‌ژانەسەر هێشتا ئاسەواری بە کۆمەڵگەوە دیارە؛ ئەو گومان و تەوەهومە نابێ بمینێ.

ئۆپۆزیسیۆن دەبێ خۆی ببینێتەوە و بتوانێ ناڕەزایەتییەکان لە نێوخۆی وڵاتدا ڕێبەری بکا و ڕێکیان بخا. هەروەها ئەو گومانە دەبێ برەوێتەوە کە ڕێژیم بەهێزە و توانای سەرکوتی هەرجۆرە سەرهەڵدانێکی هەیە. هەر ئێستا دەبینین کە هێز و توانای حکوومەت لە دەرەوی سنوورەکانی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ لە نزمی دەدا و ڕێژیم بە هەموو توانای تەبلیغیی خۆیەوە هەوڵ دەدا شکان و هەرەسهێنانەکەی داپۆشێ. نموونەی ئەو ڕێژیمە دیکتاتۆرانەش کە زەبروزەنگیان لە کۆماری ئیسلامییش زیاتر بووە و بە سەرهەڵدانی خەڵک ڕووخاون گەلێک زۆرە. ڕێژیم کەمایەتییەکی چەند سەد هەزار کەسیی سپا و بەسیج و هێزە چەکدار و ناوەندە ئەمنیەتییەکانی بە دەورەوە ماوە کە بێگومان ناتوانن لەبەرامبەر شاڵاویی میلیۆنیی خەڵکدا خۆڕاگری بکەن. بەڵام هەموو شتێک لەگرەوی پێویستیی وتووێژ، لێک‌تێگەیشتن، سازانی هێزە گۆڕانخوازەکان لەسەر بنەما هاوبەشەکان و هاتنە مەیدانی ئۆپۆزیسیۆنێکی ئەرک‌وەخۆگر دایە و ئەوەش ئەرک بۆ هەموو هێز و لایەنە سیاسییەکانی دژبەری ڕێژیم دروست دەکا.

# هۆکارەکانی بەردەوامیی کۆماری ئیسلامی


ڕەحمان سەلیمی

ناهاوسەنگیی گەشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی لەگەڵ گەشەی سیاسی دەبێتە هۆکاری سەرهەڵدانی چینی نوێی ئابووری – کۆمەڵایەتی، کە داوای پشکی سیاسی و حوکمڕانی دەکا و ئەم دۆخە نوێیە بەستێنی سەرهەڵدانی شۆڕش فەراهەم دەکا. ئەو بۆچوونەی هانتینگتۆن ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگری تێدایە و تا ڕادەیەک دەتوانێ هۆکارەکانی سەرهەڵدانی شۆڕشی ٥٧ی ئێرانیش شی بکاتەوە.

دوای ناچاربوونی شا و ملڕاکێشانی بۆ ڕیفۆرمی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە سەرەتاکانی دەیەی ٤٠ی هەتاوی، کۆمەڵگەی ئێران لەگەڵ دۆخێکی نوێ بەرەوڕوو بۆوە کە دەروازەکانی مۆدێرنیزم بەرەوڕووی ئێران کرانەوە و بەتایبەت بە دوای بەرزبوونەوەی نرخی نەوت لە پەنجاکاندا شەپۆلێک لە ئامێر و کەلوپەلی ڕۆژ لە ڕۆژئاواوە هاوردەی ئێران کران. هەرچەند ئەو ڕووداوە زەمینەی بۆ ئاشنابوونی کۆمەڵگە بە چەمکە نوێیەکان خۆش کرد و ئازادی و دیمۆکڕاسی و حکوومەتی قانوون وەک ویستێکی سەردەمیانە هاتنە نێو ئێرانەوە، بەڵام ڕێژیمی سیاسی و دەسەڵاتی پۆلیسیی ساواک ئیزنی ئەوەی نەدا ببێتە خواست و زەرووڕەتێکی گشتی. واتە چەمکە ڕۆژئاواییەکان زیاتر لە کۆڕ و کۆبوونەوەی ڕووناکبیریدا قەتیس مانەوە و بەو شێوەیە کولتووری مامەڵە لەگەڵ ئامرازی مۆدێرن بە بێ عەقڵانیەتی ڕۆژئاوایی لە ئێراندا بڵاو بۆوە و ئەوەش سیکلێکی خەوشداری لە پەیوەندیی نێوان خەڵک و دەسەڵاتدا دروست کرد کە لە ئەنجامدا هێزە کۆنەپارێزەکان تێیدا باڵادەست بوون و توانییان دەست بە سیستەمی بەهاکانەوە بگرن کە پێشینەیەکی مێژوویی و کۆنیان هەبوو.

بەو شێوەیە دروستبوونی چینێکی کۆمەڵایەتیی نوێ کە بتوانێ ویست و داخوازەکانی بکاتە ویستی گشتی و بەرەنگاری دەسەڵات ببێتەوە لەگەڵ بەربەستی گەورە بەرەوڕوو بۆوە. لەوانەیە کۆنەپارێزیی ئایینی و دەستپێوەگرتنی زۆرینەی خەڵکی ئێران لە ناوەند و گەورە شارەکان وای کرد ململانێی بەرهەمهاتوو لە دۆخی نوێی کۆمەڵایەتی و ئابووری، ببێتە ململانێی دوو هێزی کۆنەپارێز هەرکام لە ڕوویەکەوە. ناکام‌بوونی شۆڕشی ٥٧ بەرهەمی ئەو هاوکێشەیە بوو کە نەتەنیا گەشەی سیاسی لێ نەکەوتەوە بەڵکوو بناغەکانی دیکتاتۆڕی و خۆسەپێنیی گەیاندە ئەوپەڕی خۆی.

دوای تێپەڕینی ٤٣ ساڵ بەسەر شۆڕشی ٥٧دا و بە سەرنجدان بەوەی ناڕەزایەتیی چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگە لە حوکمڕانیی ئایینی بەشێوەیەکی بەربڵاو لە ئارادایە، ئەو پرسیارە دێتە گۆڕێ کە ڕازی مانەوەی کۆماری ئیسلامی چییە؟ ڕێژیمێک کە چ لە نێوخۆ و چ لە دەرەوە لەگەڵ قەیرانی مەشرووعیەت بەرەوڕوویە بۆچی تا ئێستاش بەردەوامە؟ ئەوە لە کاتێکدایە کە هیچ ئاسۆیەکی ڕوون بۆ ڕیفۆرم لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامیدا بەدی ناکرێ و تەنانەت بەشێکی زۆر لە وەفادارانی ئامانجەکانی خومەینیش لەو ڕاستییە تێگەیشتوون.

بەردەوام بوونی دەسەڵاتدارێتیی کۆماری ئیسلامی بەرهەمی چەندین هۆکاری نێوخۆیی و دەرەکییە کە هەوڵ دەدرێ هەڵوەستەیەکیان لەسەر بکرێ.

فرەنەتەوە بوونی ئێران و زاڵبوونی بیری زێدەخوازیی ناوەندگەرایی پێکهاتەی فارس – شیعە، فۆبیایەکی لە سبەینێی شۆڕش وێنا کردووە کە وادەزانن تێیدا نەتەوە جیاوازەکانی نێو جوغرافیای ئێران جیا دەبنەوە و ئەوەش وەک کارەساتی هەڵوەشانەوەی نەتەوەی دروستکراوی ئێرانی دەرخواردی کۆمەڵگە دەدەن. ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی ناڕەزایەتییەکانی خەڵک نەگاتە ئاستی ئامادەبوونی زەمینەی شۆڕشێکی جەماوەری. هەڵگرانی ئەو بیرۆکەیە ئەگەرچی تەنانەت جاڕی سێکۆلاریزم و دیمۆکڕاسی خوازی دەدەن بەڵام ئاستەنگی گەورەن لەبەردەم کامڵ بوونی وشیاریی سیاسی بەرەو گۆڕانی ڕیشەیی لە سیستەمی دەسەڵاتدارێتیدا. ئەوان چ لە دەسەڵاتدا بن و چ لە دەرەوەی دەسەڵاتدا بن ئامانجێکی هاوبەشیان هەیە ئەویش قوربانی‌کردنی دیمۆکراسی و ئازادییە لە پێناو پاراستنی شوناسی وەهمیی ئێرانیدا. شوناسێک کە دوای ئەوەی زیاتر لە سەد ساڵە بانگەشەی بۆ دەکرێ و بە هەموو دامودەزگا و دامەزراوە حکوومیەکانەوە هەوڵی بنیاتنانی دەدرێ، ئێستا لاوازتر لە هەمیشەیە و ویستی شوناسخوازیی نەتەوە پەڕاوێزخراوەکان ڕۆژبەڕۆژ لە گەشەکردندایە.



ترس لە دوارۆژی شۆڕش و دەرەنجامەکانی بە ئاوڕدانەوە لە شۆڕشی ٥٧، یەکی دیکە لەو هۆکارانەیە کە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیی جەماوەریی خستۆتە گومان و دوودڵییەوە. بە تایبەت بە دوای شۆڕشەکانی دەیەی ڕابردووی وڵاتانی عەڕەبی و وەدینەهاتنی ئازادی و دێموکڕاسی و خۆشبژێوی، نیگەرانییەکانی بەرامبەر دەرەنجامەکانی شۆڕشی هێندەی دیکە زیاتر کردوە. هەرچەند ئەو ترسە بەشێک لە ڕاستی تێدایە بەڵام ستراکتۆری کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووریی وڵاتانی عەڕەبی زۆر جیاوازە لە ئێران و هەروەها هەڵوێستی نێودەوڵەتی بەرامبەر دەسەڵاتی سیاسی لەو وڵاتانە تاڕادەیەک یارمەتیدەری بەردەوامیی دۆخی ئارایی یان تێپەڕنەبوون لە دۆخی ئارایی تێدایە، لە کاتێکدا ڕیشەی مێژوویی بزووتنەوە ئازادیخوازەکان لە ئێراندا و سیاسی‌بوونی کۆمەڵگەی ئێران و بە تایبەت ئامانجداربوونی جووڵە شۆڕشگێڕییەکان لەنێو نەتەوە ژێردەستەکاندا دەرفەتێکی جیاوازی بۆ کۆمەڵگەی ئێران ڕەخساندوە کە لە وڵاتانی عەڕەبیدا نابینرێ. هەر ئەو هۆکارەش تاڕادەیەک کاریگەریی کردۆتە سەر هەڵوێستی نێودەوڵەتی. واتە ڕۆژئاواییەکان لەو تێگەیشتوون ئەگەر بوونی دەسەڵاتێکی خۆسەپێن و دیکتاتۆر لە وڵاتانی عەڕەبیدا پارێزەری بەرژەوەندییەکانیانە، ئەوە لە ئێران ڕێژیمێکی لەو شێوەیە بۆتە هەڕەشە لەسەر بەرژەوەندییەکانیان.

شەڕی نەرمی دەزگا سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی دژی چالاکانی سیاسی و مەدەنی و پیشەیی لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات و هاوکات لەگەڵ سەپاندنی دۆخی ترس و شکەنجە و زیندان، لە هۆکارەکانی سەرنەکەوتنی ویستی گۆڕانخوازانەی خەڵکە. کۆماری ئیسلامی لە ڕێگای دامودەزگا جۆراوجۆرەکانیەوە بەردەوام لە هەوڵی شکاندنی ئەو کەسایەتییانە دایە کە کاریگەرییان لەسەر خەڵک هەیە و دەتوانن لە ڕێکخستنی جووڵە مەدەنی و شۆڕشگێڕییەکاندا بەشدار بن. ئەو سیاسەتە بەرامبەر کەسایەتییە ئۆپۆزیسیۆنەکانی دەرەوەی وڵاتیش بە شێوەی جۆراوجۆر بەڕێوە دەچێ. سەرەڕای ئەوەش دەزگای سەرکوتی ڕێژیم بەردەوام بەدوای ئازادیخوازان و کەسایەتییە کاریگەرەکانەوەیە و هەوڵی دابڕینیان لە کۆمەڵگە دەدا.

پەرتەوازەبوونی ئۆپۆزیسیۆن و نەبوونی ئاڵترناتیڤ هۆکارێکی سەرەکیی دیکەی بەردەوامیی کۆماری ئیسلامییە. ئەو پرش و بڵاوییە وای کردوە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن نەتوانن متمانەی خەڵک لە لایەک و متمانەی نێودەوڵەتی لە لایەکی تر وەدەست بێنن.

چاولەدەستیی هێزی دەرەکی و بێ‌متمانەبوونی خەڵک بە هێزی خۆیان، ڕوحی شۆڕشگێڕانەی لە نێو خەڵکدا لاواز کردوە. شۆڕشەکان تەنیا کاتێک سەردەکەون کە گەل بڕوای بە هێزی خۆی هەبێ و گۆڕانی سیاسەتی دەرەکی بەرامبەر ڕێژیم، کار نەکاتە سەر ئیرادەی گەل. ئەوەی لە کۆمەڵگەی ئێران دەبینرێ بەڕوونی ئەوەمان پێ دەڵێ کە سیاسەتی ڕۆژئاوا بەرامبەر کۆماری ئیسلامی بەرزی و نزمیی زۆری بەخۆوە دیتوە و بەو پێیەش کۆمەڵگەی ئێران کاردانەوەی بەرامبەر ئەو هەڵوێستانە هەبووە. بەجۆرێک کە تەنانەت گۆڕانی سەرکۆمار لە ئەمریکا کاریگەریی لەسەر ویست و کردەی شۆڕشگێڕی لە ئێراندا هەیە.

گرینگترین هۆکاری نێودەوڵەتی کە یارمەتیی مانەوەی کۆماری ئیسلامی دەدا، کەمتەرخەمی و خەمساردیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە حاند پرسی مافی مرۆڤ لە ئێراندایە. کێشەکانی ڕۆژئاوا لەگەڵ ئێران تەنیا لە بەرنامەی ناوکی و دەستێوەردانەکانی ئێران لە وڵاتانی ناوچەدا کورت کراوەتەوە و ئەوەش وای کردوە دەستی ڕێژیم لە سەرکوتی بزووتنەوە جەماوەرییەکاندا کراوە بێ و بێ‌پەروا درێژە بە سیاسەتی ترس و تۆقاندن بدا.

# بەڵگەی زۆر نەهێنیی "قەرارگای سارولڵا": شیمانە دەکرێ ڕاپەڕینێکی سەرتاسەری هەموو ئێران دابگرێ

بەپێی بەڵگەیەکی زۆر نەهێنی کە لە کۆبوونەوەی "پێشگیری لە قەیرانی ئەمنییەتیی بژێویی بەردەوام" بڵاو بۆتەوە، سەرهەڵدانی سەرانسەریی خەڵکی ئێران زۆر نیزیکە و ناڕەزایەتییە کۆمەڵایەتییەکان لە یەک ساڵی ڕابردوودا سێ هێندەی پێشوو زیادی کردوە.

ئەو بەڵگەیە کە لەلایەن گرووپی سایبێریی "عەداڵەتی عەلی"یەوە بڵاو کراوەتەوە، حەوت لاپەڕەیە و باس لە ئاکامگیریی کۆبوونەوەیەک دەکا کە"قەرارگای سارولڵا" ڕۆژی ٣٠ی خەزەڵوەر پێکی‌هێناوە. ئەو کۆبوونەوەیە بە سەرۆکایەتیی پاسداری تێرۆریست "حوسێن نەجات" فەرماندەی ئەو قەرارگایە بەڕێوە چووە. هەروەها نوێنەری دادستانی تاران، ڕێکخراوی ئیتلاعاتی تاران، پۆلیسی ئیتلاعات و ئەمنییەتیی گشتیی ناجا، ئیتلاعاتی ئابووریی بەسیج، سپای حەزرەتی سەیدولشوهەدا، سپای حەزرەتی ڕەسوولڵا، بەسیجی ئەسناف و ڕێکخراوی ئیتلاعاتی سپا تێیدا بەشدار بوون.

"قەرارگای سارولڵا"ی سپای پاسداران، ناوەندی سەرەکی و بەرپرسی سەرکوتی خۆپیشاندانەکانی کوردستان و ئێرانە.

لەو کۆبوونەوەیەدا بەرپرسانی ڕێژیم دانیان بەوە داناوە خەڵکی ئێران چی دیکە متمانەیان بە دەسەڵات نەماوە و ناڕەزایەتییە کۆمەڵایەتییەکان لە ئێران ڕوو لە هەڵکشانە. بەپێی ئەو بەڵگە نهێنییانە سەرهەڵدانی خەڵکی ئێران زۆر نزیکە و ناڕەزایەتییە کۆمەڵایەتییەکان لە یەک ساڵی ڕابردوودا سێ هێندە پتر پەرەی سەندوە. بەپێی بەڵگەنامەکە محەممەدی، جێگری کۆمەڵایەتیی ئیتلاعاتی سپای پاسدارانی ڕێژیم دانی بەوە داناوە کە لە ئێستادا پڕ لە سەتا ٥٣ی خەڵک بە گومانەوە چاو لە دەسەڵاتی ئێران دەکەن و متمانەیان بە ڕێژیم نەماوە و ناڕەزایەتییەکان لە ئێران، لەهەمبەر قەیرانی ئابووری، کەمیی ئاوی خواردنەوە، کەمی و دواکەوتنی مووچە و مزی کرێکاران و فەرمانبەران و کێشە کۆمەڵایەتییەکان، ڕوو لە هەڵکشانە.

پێشتریش ئەحمەد نادری، یەکێک لە نوێنەرانی مەجلیسیی ڕێژیمی ئێران گوتبووی: "بەپێی ئەو بودجەیەی کە بۆ ساڵی داهاتوو تەرخان کراوە، ئەگەری وەرێ‌کەوتنی ناڕەزایەتیی جەماوەری یەکجار لەسەرێیە. ئەو گوتبووی لە بودجەی ساڵی نوێدا پارەیەکی زۆر کەم بۆ پرسە کۆمەڵایەتییەکان و چارەسەری کێشە و قەیرانەکانی کۆمەڵگە تەرخان کراوە و بەوەش خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییەکانی سەرشەقام زیاتر دەبن.

# وتووێژی بەهێز و هێزی وتووێژ





زانیار حوسێنی

وتووێژ جۆرێک لە کردەوەیە لە نێوان دوو یان چەند کەس و ڕێگایەکە بۆ پێوەندی لەنێوان خەڵک بەپێی داب و نەریتی هەر کۆمەڵگەیەک. لێکۆڵینەوەی گفتوگۆ لقێکە لە کۆمەڵناسی کە موتاڵای جۆر و پێکهاتەی ڕەفتاری ئینسانی دەکا و قووڵتر دەڕوانێتە ڕەفتارەکانی گفتوگۆ. هەر وەک زانایان باس لەوە دەکەن کە وتووێژ بەر لەوەی کە پێوەندییەک بێ بۆ بە قەناعەت گەیاندن یان دژایەتی‌کردن، پێوەندییەکە بۆ تێگەیاندن و تێگەیشتن و لە ڕاستیشدا گفتوگۆ ڕێگەیەکە بۆ زانین و خۆی بەشێکە لە بازنەی ژیری. کە وایە دەتوانین بڵێین گفتوگۆ پێوەندییەکە لە نێوان دوو تاک، دوو کۆمەڵگە، دوو وڵات یان باشتر بڵێین پێوەندییەکە کە دوو یان زیاتر لە دوو بەردەنگی هەبێ.

> **حیزبی دێموکرات بە هەڵسەنگاندنی ڕاستییەکانی نێوخۆی وڵات و پوتانسییەلەکان و تێگەیشتنێکی باش لەو ڕاستییە کە وتووێژ و گفتوگۆ لە ئاکامدا چارەسەری زۆربەی هەرە زۆری کێشەکانە، ئەو ڕەوتەی کردۆتە پێوەر و ئەساس بۆ ڕەخساندنی هەلی بە ئاکام گەیشتنی ئامانجەکان. هەر بۆیە بۆ حیزبێکی سیاسی کە دژی سیاسەتەکانی دەسەڵاتی وڵاتە، پێکهێنانی گفتوگۆیەکی بەهێز گرینگە.**

وتووێژ و دانوستان شێوە و چوارچێوەی تایبەت بە خۆی هەیە. بەپێی دۆخ، کات، زەمەن و جۆری پێوەندی و خواستەکان دەگۆڕدرێ. یەکێک لەو ئامرازانەی کە مرۆڤ بەپێی تەمەنی شارەستانییەتی خۆی گرینگی پێداوە یان پێویستی پێی بووە و تاکوو ئێستاکەش پێویستی پێیەتی، گفتوگۆیە.

لە ڕاستیدا گفتوگۆ بەشێکی دانەبڕاوە لە ژیانی مرۆڤ و لە بنەڕەتدا ناکرێ ژیانێکی بێ گفتوگۆ بۆ مرۆڤ لە ئارادا بێ. قسەکردن، دواندن، داوا کردن و کۆمەڵێکی زۆر لەو دەستەواژانە، هەمووی دەگەڕێنەوە سەر ئەو بابەتە کە مرۆڤ و گفتوگۆ، بکەر و کردەوەی یەکترن کە هیچیان بێ ئەوی دیکە، ئیمکانی نییە. بناغەی هەموو پێوەندییەکان گفتوگۆیە و ئەوە لە ڕاستیدا یەکێک لە پێوەرەکانی پێناسەکردنی کۆمەڵگە یان پێکهاتنی کۆمەڵگە وتووێژە. گفتوگۆش وەک تەمەنی مێژووی مرۆڤ لە ئاڵوگۆڕی بەردەوام و پێشکەوتن و تاریف و لێکدانەوەی جۆراوجۆردا بووە و لە مێژووی هاوچەرخیشدا، لەبەردەم ئاڵوگۆڕدایە؛ چونکە جیهان بەو ئاقارەدا دەڕوا کە کێشە و ئاریشەکان بە تایبەت کێشەی نێوان وڵاتان لەسەر بەرژەوەندییەکانیان بە زمانی قسە و پێکهاتن چارەسەر بکەن، تا ئەوەیکە پەنا بۆ زەبر و زۆر ببەن. بە زمانێکی تر وڵاتان لەو سەردەمەدا بەو ئاستە گەیشتوون کە گفتوگۆ زمانێکی بەهێزتر لە زمانەکانی تری ویست و خواستەکانە کە دەتوانرێ کەڵکی لێ وەربگیردرێ و بە خەسارێکی کەمتر لە درێژماوەدا، داخوازییەکان و بەرژەوەندییەکانی پێ بپارێزرێ.

گفتوگۆ و زمانی گفتوگۆ حاڵەت و تایبەتمەندیی جۆراوجۆر بە خۆیەوە هەیە. تەنانەت بۆ هەر کەیس و بابەتێک بەپێی دۆخ و شوێن جیاوازیی هەیە. ئەوە هونەری لایەنەکانی بەرانبەرە کە چۆن و بە چ شێوەیەک لەسەر مێزی گفتوگۆ هەوڵی پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان و وەدەستهێنانی خواست و بەرژەوەندی زیاتر بدەن. جیا لەوانەش داهێنان لەو پرۆسەیەدا ڕۆڵێکی گرینگ دەگێڕێ و ئەوەی کە وردەکارییەکان چۆن دیاری بکرێن و سنوورەکان سەبارەت بە جۆری پێوەندی و گفتوگۆ چۆن دیاری دەکرێن، دەگەڕێتەوە سەر ئاستی وشیاری، ژیری و زانیاری لایەنەکان. لە ڕاستیدا گفتوگۆ خۆی دەبێ وەک زانستێکی جیا چاو لێ بکرێ و لە بازنەیەکی تایبەتیدا تاریف و ڕوون بکرێتەوە و بایەخێکی زۆری پێ بدرێ. ئێستا زۆربەی وڵاتە زلهێزەکان، گفتوگۆ وەک چەکێکی بەهێز و کاریگەر چاو لێ دەکەن کە مەشروعییەتی یاسایی و نێودەوڵەتیشی لە پشتە. لە ئاکامی گفتوگۆ کە بە پەسندی لایەنەکان دەگا، لە باسی ماف و یاسادا بە گرێبەست نێو دەبردرێ و لایەنەکان بێ هیچ زەبر و زەنگێک مەجبوور بە پێبەندبوون بە نێوەرۆکی هەموو ئەو بابەتانە دەکا کە لە نێوەرۆکی گرێبەستەکەدا هاتوون؛ هەرچەند کە پێبەندنەبوون بەو ماف و خاڵانەی کە قبووڵ کراون، دەبێتە هۆی ئەوەی کە لایەنی بەرانبەر بەپێی ڕێوشوێنی یاسایی یان دیاریکراو لە گرێبەستەکەدا، گوشار بخاتە سەر لایەنەکەی‌تر بۆ بەجێهێنانی ئەرک و حاڵەتە دیاریکراوەکان یان قەرەبووکردنەوەی جێبەجێ‌نەکردنی بەڵێننامەکە.

ئەوەی کە گرینگە ئاماژەی پێ بکرێ، ئەوەیە کە گفتوگۆ کۆمەڵێک بنەما و کۆڵەکەی پێویستە بۆ بەهێز بوون. یانی کاتێک لایەنەکان بە مەبەستی پێکهاتن یان قسەکردن لەسەر بابەت یان کێشە یان باسەکان کۆ دەبنەوە، دوو مەسەلە ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن؛ یەکەم هێزی گفتوگۆیە، بەو مانایە کە دوو لایەن یا چەند لایەن بە چ هێزێکەوە لەسەر مێز دادەنیشن. بچووکترین ڕووداوەکان هەتا گەورەترینیان کاریگەریی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بەپێی پێویست لەسەر پرۆسەکە دادەنێ. هەربۆیەش لە گفتوگۆدا بە تایبەت لە گفتوگۆی سیاسیدا، جگە لە ڕەچاوکردنی دۆخی سیاسیی لایەنەکان سەبارەت بە خۆیان و بە یەکتر، پێویستیانە کە ڕۆڵ و کاریگەرییە سیاسییەکان لە ناوچە و جیهانیش بە هەمان ڕادە لەبەرچاو بگرن و خوێندنەوەیان هەبێ لەسەر کارتێکەرییەکان لەسەر خۆیان و ئەو دۆخەی کە دەیانهەوێ پێکی‌بێنن، یان ئاڵوگۆڕی بەسەردا بێ. ئەوەش جێگەی ئاماژەیە کە بەهێزی لە گفتوگۆدا، پێویستیی بە کۆمەڵێک هێز و توانا هەیە لە زۆر بواردا، بە تایبەت لە بوارەکانی ئابووری، نیزامی، ڕادە و چۆنیەتیی پێوەندی لەگەڵ وڵاتانی دیکە و دۆخی نێوخۆی وڵات.

> **لایەنێک کە هێزی گفتوگۆی لە ئاستی لایەنی بەرانبەریدا نییە، دەبێ بتوانێ گفتوگۆیەکی بەهێز ساز بکا کە دوور لە ڕاستییەکان و ئیمکانات و زەرفییەتەکانی خۆی نەبێت. ئەوەش دەگەڕێتەوە سەر جۆری ویست و داخوازییەکان و چۆنیەتیی هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ دۆخی خۆی و هەروەها هێزی داهێنان و گۆڕینی حاڵەتەکان بۆ هێنانە سەری گفتوگۆیەکی بەهێز**

ئەوەی کە لە زۆربەی کاتەکانی مێژووی مرۆڤدا ڕۆڵی سەرەکی گێڕاوە و ئێستاش یەکێکە لە دەورگێڕانی لە گفتوگۆکاندا، ئابوورییە، کە لەو سەردەمەدا وەک چەکێکی قورس چۆنیەتیی ڕێککەوتنەکان، هەڵوێستەکان، بەرژەوەندی و داڕشتنەکان و زۆربەی چۆنیەتیی بەرەوپێشچوونی پێوەندییەکان و چوارچێوەکان دیاری دەکا. لە لایەکی دیکەوە مێدیاکان، ڕای گشتی، کولتوور و کۆمەڵگەش لەو ماتەوزانەن کە ناکرێ چاوپۆشییان لێ بکرێ. بە تایبەت کولتوور کە خۆی بەشێکی دانەبڕاوە لە گفتوگۆکان، کە وەک ئامرازێکی ڕێخۆشکەر بۆ لە یەکتر نیزیک بوونەوە یان دوور کەوتنەوە لە هێندێک بابەت و باس کەڵکی لێ وەردەگیرێ. زۆر سادەتر دەتوانین بڵێین هەر پوتانسییەلێک کە هەر یەک لە بەرانبەرەکان لە بازنەی هێز، دەسەڵات، ئیمکانات و لە دەسکەوتەکانی خۆیان هەیانە، لە ڕەوتی گفتوگۆ ا ڕۆڵ دەگێڕێ. بەڵام لایەنەکی دیکەی گفتوگۆ، گفتوگۆی بەهێزە، کە بەشێکە لە پرۆسەی گفتوگۆ. ئەوەی کە کام لایەن لەو دووانە زیاتر کەڵک لە کام یەک لەوانە وەردەگرێ، دەگەڕێتەوە سەر پوتانسیەل و ئیمکانات و تواناکانی خۆی. بەڵام گفتوگۆی بەهێز چییە؟

دەکرێ بگوترێ ئەو گفتوگۆ و باسەیە کە لایەنێک بە هێنانە بەرباسی بابەتەکان و شیکردنەوە و وێناکردنی حاڵەتەکان لە کورت‌ماوە و درێژماوەدا، بەرانبەرەکەی بەو قەناعەتە بگەیەنێ کە مەبەستی لە دیاریکردنی ئەو حاڵەتانە یان ئەو پێکهێنان و تێبینییانە، بەرژەوەندیی دوو لایەن زیاتر دەپارێزێ و دەبێتە هۆی پێشگیری لە خەسارەکان بۆ هەردووک لایەن. بۆ نموونە دیتراوە کە لایەنێک هێزی گفتوگۆی لە لایەنی بەرانبەر کەمتر بووە، بەڵام توانیویەتی گفتوگۆیەکی بەهێز ساز بکا و دەسکەوت و گرێبەستێکی باشیش پێک بێنێ. ئەوەی کە ڕوونە لەسەر مێزی گفتوگۆ، هیچکات دوو لایەنی بەرانبەر لە ئاستێکدا نەبوون؛ ئەوەش دەگەڕێتەوە سەر هەموو ڕەهەند و حاڵەتەکان و دۆخی وڵاتان. بە تایبەت ئەگەر گفتوگۆ لەنێوان دەسەڵاتێک و بزاڤ و بزووتنەوەیەکی ئارایی لەو وڵاتەدا بێ. ئەوە ڕوون و ئاشکرایە کە هێزی بەرانبەرەکان نە تەنیا هاوسەنگ نییە، بەڵکوو زۆریش نابەرابەرە. هەربۆیە گفتوگۆی بەهێز خۆی وەک چەکێک وایە بۆ بەرانبەرێک کە هێزی گفتوگۆی لەگەڵ لایەنی بەرانبەری لە ئاستێکی هاوسەنگدا نییە. بۆ ئەوە دەبێ جیا لە لێکۆڵینەوە و وردبوونەوە لەسەر ویست و داخوازەکانی لایەنی خۆت، دەبێ خاڵی لاواز و بەهێزیی بەرانبەر بەتەواوی بناسی، کاری لەسەر بکرێ و لە هەمان کاتدا ئەوە ڕوون بێتەوە کە چۆن دەکرێ ئەو خاڵانە بکرێنە مەسەلە یان ببنە ئامانج بۆ شوێندانەری لەسەریان. لە ڕاستیدا بەرانبەرێک کە هێزی گفتوگۆی لە ئاستی لایەنی بەرانبەریدا نییە، دەبێ بتوانێ گفتوگۆیەکی بەهێز ساز بکا کە دوور لە ڕاستییەکان و ئیمکانات و زەرفییەتەکانی خۆی نەبێت. ئەوەش دەگەڕێتەوە سەر جۆری ویست و داخوازییەکان و چۆنیەتیی هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ دۆخی خۆی و هەروەها هێزی داهێنان و گۆڕینی حاڵەتەکان بۆ هێنانە سەری گفتوگۆیەکی بەهێز.

ئەگەر بێینە سەر مەسەلەی ڕۆژهەڵات و خەباتی حیزبی دێموکرات لەسەر ویست و داخوازییەکانی گەلی کورد لەو بەشەی کوردستان، مێژوو ئەوە دەردەخا کە حیزبی دێموکرات لە ڕۆژی یەکەمەوە لەسەر ویست و خواستی گەلی کورد سوور بووە و بە شانازییەوە ئەرکی نوێنەرایەتیی خەڵکی وەئەستۆ گرتوە و لە هیچ هەوڵ و تێکۆشانێک بەپێی دۆخ و زەرفییەت و ئیمکانات کۆتایی نەکردوە. بەڵام ئەوەی کە لە نێو حیزبدا جێی سەرنجە، ئەوەیە کە دیالۆگ و گفتوگۆ جێگە و پێگەیەکی زۆر بەبایەخی هەیە و ئەوەش دەکرێ بە وردبینی و لێکدانەوەی باشی دوکتوورینی حیزبی دێموکرات دابندرێ کە لە هەموو هەلومەرجێکدا و تەنانەت لە کاتی شەڕ و پێکدادان لەگەڵ دەسەڵاتی دژە گەلیی حکوومەتی ئێران؛ هاوکات ئامادەگی خۆی بۆ دانوستان و دانیشتن لەسەر مێزی وتووێژ دەربڕیوە. لە ڕاستیدا حیزبی دێموکرات بە هەڵسەنگاندنی ڕاستییەکانی نێوخۆی وڵات و پوتانسییەلەکان و تێگەیشتنێکی باش لەو ڕاستییە کە وتووێژ و گفتوگۆ لە ئاکامدا چارەسەری زۆربەی هەرە زۆری کێشەکانە، ئەو ڕەوتەی کردۆتە پێوەر و ئەساس بۆ ڕەخساندنی هەلی بە ئاکام گەیشتنی ئامانجەکان. هەر بۆیە بۆ حیزبێکی سیاسی کە دژی سیاسەتەکانی دەسەڵاتی وڵاتە، پێکهێنانی گفتوگۆیەکی بەهێز گرینگە. بۆ نموونە یەکێک لە ڕێگەکان ئەوەیە کە بەپێی دۆخی ئێران و لە کاتی ئێستادا، بە ڕەچاو کردنی زۆرینە و کەمینەکان و باڵانسی ئۆپۆزیسیۆنی دەسەڵات، بەرەیەک پێک بێ، کە نە تەنیا گفتوگۆیەکی بەهێز بێتە ئاراوە، بەڵکوو بتوانرێ هێزێکی گفتوگۆش بە مەبەستی گەیشتن یان نیزیک بوونەوە بەو بەشە لە ئامانجە دیاریکراوەکان و هاوبەشەکان، لە نێوان بەرەی پێکهاتوو پێک بهێندرێ و ئاڵوگۆڕی بیروڕای لەسەر بکرێ.

## پەیامی هاوخەمیی حیزبی دێموکرات بەبۆنەی کۆچی دوایی پەرتەو کرماشانی

هەروەک لە هەواڵەکاندا هاتبوو، ڕۆژی ٥ی ڕێبەندان بەداخەوە شاعیری بەناوبانگی کورد "عەلی ئەشرەف نەوبەتی" ناسراو بە پەرتەوی کرماشانی ماڵاوایی لە ژیان و لە وێژەی کوردی کرد.

مامۆستا پەرتەو یەکێک لە شاعیرە ناودارەکانی کوردستان بوو کە شێعر و هۆنراوەکانی وێردی سەر زمانی خەڵک بە تایبەت خەڵکی خوارووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوون. پەرتەو هۆگرییەکی تایبەتی بە خاک و گەلەکەیەوە هەبوو، هەر بۆیە شێعرەکانی ئاوێتەی خۆشەویستیی نیشتمان بوون. ئەو هیچ کات لە بەرانبەر زوڵم و زۆریی دوو ڕێژیمی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامیدا بێدەنگ نەبوو و بە هەڵوێست و جوامێری و شێعرەکانی خزمەتێکی گەورەی بە زمان و ئەدەبیاتی گەلەکەی کرد.

مامۆستا پەرتەو زیاتر لە سێ هەزار بەیت و هۆنراوەی پێسکەشی کتێبخانەی کوردی کرد و هەوڵی دا بە زمانی پاراوی کوردی هۆنراوەکانی بهۆنێتەوە و لە وشە و دەستەواژەی بێگانە خۆی بە دوور بگرێ.

بە کۆچی مامۆستا عەلی ئەشرەف نەوبەتی گەلی کورد یەکێک لە شاعیرە ناودارەکانی لەدەست دا، بەڵام خزمەتی مامۆستا پەرتەو بە زمان و ئەدەبیاتی بەرگریی گەلەکەی و شێعرە پڕ لە هەستەکانی بۆ هەتاهەتایە لەنێو دڵ و یادەوەرییەکانی خەڵکی کوردستان و مێژووی کورد و کتێبخانەی شێعر و ئەدەبیاتدا کوردی‌دا دەمێننەوە و شاعیران و ئەدەبدۆستانی کوردستان و خەڵکی کورد بە گشتی بە ڕێزەوە سەیری خزمەت و ماندووبوون و گەورەیی ئەو شاعیرە نەمرە دەکەنەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان وێڕای بەداخبوون لە مەرگی شاعیری بەناوبانگی گەلەکەمان مامۆستا عەلی ئەشرەف نەوبەتی ناسراو بە پەرتەوی کرماشانی، سەرەخۆشیی خۆی پێشکەشی بنەماڵەکەی و ئەدەبدۆستان و خەڵکی کرماشان دەکا و خۆی بە شەریکی خەمیان دەزانێ.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**٥ی ڕێبەندانی ١٤٠٠ی هەتاوی**

## ناوەندی هاوکاری: ویست و داخوازیی مامۆستایان بەرحەق و ڕەوان

مامۆستایانی خوێندنگە و زانکۆکانی ئێران و توێژی فەرهەنگی و خانەنشین‌کراوانی کەرتی فێرکردن و پەروەردە لە درێژەی ناڕەزایەتییەکانیان بە دۆخی ژیان و مافە سینفییەکانیان، جارێکی دیکە هاتوونەتەوە سەر شەقام و شەپۆلێکی دی لە ناڕەزایەتییەکانیان وەڕێ خستۆتەوە.

وەک هەمووان ئاگادارن لە سەرەتای ئەم حەوتوویەوە و لەسەر بانگەوازی "ئەنجوومەنی سێنفیی مامۆستایان" لە بەشێکی زۆری شار و گوندەکانی سەرانسەری ئێران بە کوردستانیشەوە مامۆستایان بە مەبەستی داواکردنی دابینکردنی مووچەی خانەنشینی، مووچە و پلەبەندی وەک یەک و، هەروەها داواکاری بۆ ئازادکردنی هاوپیشەکانیان لە بەندیخانەکانی ڕێژیمدا، بەشێوەی مانگرتن و ناڕەزایەتی دەربڕین نەچوونەتە سەر کار و لەسەر داواکارییەکانیان پێداگر بوون. وتەبێژی ئەنجوومەنی سێنفی مامۆستایان دەڵێ ئەم ناڕەزایەتییانە سێ‌سەد شاری ئێرانی گرتۆتەوە و هەر لەم بانگەوازەدا داوا لە قوتابییان و خوێندکاران کراوە کە بۆ پشتیوانی لە مامۆستایان بێنە ڕیزی خۆپێشاندان و ناڕەزایەتییەکانەوە.

دادخوازیی مامۆستایان و ناڕەزایەتییەکانیان لە هەمبەر ڕەوشی خوێندن لە قوتابخانەکان وەک نەمانی ئاسەواری خوێندنی بەخۆرایی بۆ هەمووان، بەڕێوەنەچوونی گەڵاڵەی پلەبەندی، هەڵاواردنی سیستماتیک، و هەروەها ڕێگری لە خوێندن بە زمانی دایک و دواکەوتنی مووچە و حەقدەستەکان مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە. بەڵام کاربەدەستانی ڕێژیم نەک هەر تا ئێستا وڵامی داوا ڕەواکانی مامۆستایانیان نەداوەتەوە، بەڵکوو بەشێک مامۆستایانیان خستۆتە بەندیخانە و لە زۆر شوێن لە لایەن هێزەکانی بە ناو دژە شۆڕش بێڕێزی بە مامۆستایان کراوە و ئەشکەنجە و ئازار دروان. هاوکات ناوەندە ئەمنییەتی و ئیتلاعاتییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ترسی گەشەسەندنی ئەو ناڕەزایەتییانە هەوڵی گرتن، سەرکوت، بەلاڕێدا بردن و چەواشەی داوخوازییە ڕەواکانیان دەدەن. ناوەندە ئەمنیەتییەکان لەو ماوەیەدا هەموو هەوڵیان ئەوە بووە کە سەربەخۆیی ناڕەزایەتیی مامۆستایان و داخوازییە ڕەواکانیان بخەنە ژێر پرسیار و وا نیشان بدەن کە دەستی دەرەکی لە پشت وەڕێ‌خستنی ناڕەزایەتییەکانەوەن.

مامۆستایان وەک توێژی پێشەنگی کۆمەڵگە کە هەردەم لە خزمەت پێگەیاندن و بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگەدان، لە ماوەی زیاتر لە چل ساڵی ڕابردوودا لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە و کاربەدەستان و ئۆرگانە پێوەندیدارەکانەوە پشتگوێ خراون و بایەخێکی ئەوتۆ بە کار و ئەرک و خزمەت و ژیانیان نەدراوە. وەک چۆن لە پڕۆژە یاسای بودجەی ئەمساڵدا بودجەی ناوەندە ئەمنیەتی و سەربازی و ئیدئۆلۆکیکییەکانی ڕێژیم چەند سەت بەرابەر زیاد دەکرێ، کەچی سەرەڕای ئاوسانی ئابووریی سەتا ٥٠ بەڵام مووچە و مزی مامۆستایان سەتا ١٠ دەچێتە سەرێ. سەرباری ئەوەش زۆر جار لەسەر داواکردنی مافەکانیان و دەربڕینی بیروڕا دەگیرێن و سزای قورسی بەندکردنی درێژخایەنیان بەسەردا دەسەپێ. لەو نێوەدا ڕەوتی سەرکوتی مامۆستایان و بێ‌بایەخ‌کردنی مافەکانیان لە کوردستان دیارتر و بەرهەستتر لە ناوچەکانی دیکەی ئێرانیش بووە و زۆر جار مامسۆتایان لەسەر وانەگوتنەوە بە زمانی غەیرە فارسی کەوتوونەتە بەندیخانەوە و سەرەتاییترین مافەکانیان پێشێل کراون.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران وێڕای پشتیوانی لە خواستی بەرهەق و ڕەوای مامۆستایان، داوا لە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە دەکا کە هاوپشت و پشتیوانی مامۆستایان بن و لە خەبات و تێکۆشانی ئەوان کە لەپێناو دەستبەری داهاتوویەکی گەش بۆ کۆمەڵگەیە، پشتیان بەرنەدەن و لەگەڵیان بمێننەوە.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**١٣ی ڕێبەندانی ١٤٠٠ی هەتاوی**

# متمانە

## سەرمایەی بەهێزی مامۆستایان


سمایل شەرەفی

نارەزایەتیی مامۆستایانی قوتابخانەکان لە ئێران و کوردستان لە پێناو دەستەبەرکردنی مافەکانیان هاوکات لەگەڵ بەردەوامبوونی، لە ئاستی جەماوەری و ڕێکخراوبووندا سەرقاڵی ئەزمونکردنی قۆناغێکی نوێیە. لەم قۆناغە لە نارازایەتیی مامۆستایاندا بەشداریی مامۆستایان و پشتیوانیی خەڵک و قوتابیان زیاتر لە جاران بەرچاوە.

مامۆستایان کە بە شێوازێکی مەدەنییانە و بەدوور لە هەر جۆرە توندوتیژییەک داخوازییەکانیان (بەڕێوەچوونی گەڵاڵەی پلەبەندی، هاوشێوەسازی خانەنشین کراوەکان، هەڵاواردنی سیستماتیک، خوێندنی بەخۆڕایی و هەروەها مافی خوێندن بە زمانیی دایک)، هێناوەتە گۆڕێ، نەتەنیا لە لایەن دام و دەزگا پێوەندییدارەکانی ڕێژیمەوە گوێیان نەدراوەتێ، بەڵکوو لە لایەن هێزە ئەمنیەتییە سەرکوتکەرەکانەوە هەوڵی شێواندنی کۆبوونەوەکانیان دراوە و تا ئێستا چەند کەسیان لێ دەستبەسەر کردوون.

نارەزایەتیی مامۆستایان لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا کە ناوەناوە و هەر جارە بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک بەڕێوەچووە، بزووتنەوەی نارەزایەتیی خەڵکی ئێران و کوردستانی بەرانبەر بە نیزامی کۆماری ئیسلامی ئێران بەهێزتر و بەمایەتر کردوە؛ لە لایەک مامۆستایان وەک توێژی ڕووناکبیر و فەرهەنگیی کۆمەڵگە لە ئاراستەکردن نارەزایەتییەکان و نێوەرۆک بەخشین بە داخوازییەکاندا خاوەن مەعریفە و تێگەیشتنێکی قووڵی کۆمەڵایەتین و لەلایەکی دیکەوە بە هۆی پێشەکەیانەوە کە پێوەندییان بە میلیۆنان قوتابی و فێرخواز و بە دەیان میلیۆن کەس لە دایکان و باوکانی قوتابیانەوە هەیە و ڕۆڵ و کاریگەرییان لەسەر کۆمەڵگە بە گشتی دیار و بەرهەستە. ئەم تایبەتمەندییانە کە نیشان لە جێگە و پێگەی مامۆستان لەنێو کۆمەڵگەدایە، دەتوانێ لە زۆر ڕووەوە گیانێکی نوێ بە بزووتنەوە نارەزایەتییەکان ببەخشێ.

پێکهاتنی کۆبوونەوە نارەزایەتییەکانی مامۆستایان کە ڕێکخراوێکی بەهێزی سینفیی وەک "کانونی سینفیی مامۆستایان"ی لەپشتە و کات و شوێنی کۆبوونەوەکان و تەنانەت نێوەڕۆکی دروشم و داخوازییەکان و جۆری نارەزایەتی دەربڕینەکانیش دیاری دەکا، جێی سەرنج و لێفێربوونە. یەکیەتی و یەکگرتوویی لە کردەوە و لە مەترەحکردنی داخوازییەکان و شێوازی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دەسەڵات، وێنایەکی نوێ لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی چاخی سەردەمە کە بە کۆبوونەوە نارەزایەتییەکان مامۆستایان و مانگرتنەکانیانەوە دیار و دڵخۆشکەرە.

جۆر و شێوازی ئەم جۆرە ڕووبەڕووبوونەوانە دەسەڵات و تەنانەت هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمێشی تووشی چالشێکی تازە کردوە؛ مامۆستایان لە ئاستێکی جەماوەریدا لە شوێنێکی دیاریکراو حزوور پەیدا دەکەن. ئەوان بەبێ ئەوەی بە سەر شوێنی جۆراوجۆردا دابەش بن، هەموویان و یەکگرتووانە لە شوێنێک کۆ دەبنەوە و، بەم جۆرە هێزە سەرکوتکەرەکان کەمتر دەتوانن زەفەریان پێ بەرن. ئەوان (مامۆستایان) بەبێ ئەوەی خۆیان تووشی ئەو پەراوێزانە بکەن کە بە ئەنقەست بۆیان ساز دەکرێ، بە شێوازێکی هێمنانە داخوازییەکانیان بەڕوونی لە چەند درووشم و پلاکارددا دێننە گۆڕێ و بە پێچەوانەی ویستی ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم کە بە پلانەوە پیلانی بۆ دادەڕێژن، خۆ لە بیانوو بەدەستەوەدان بۆ سەرکوت دەپارێزن. ئەم خەسڵەتە ڕەفتارییە لە نارەزاییەتییەکانی مامۆستایاندا لە لایەک بۆتە هۆی ڕاکێشانی پشتیوانیی خەڵک و قوتابیان و بە جەماوەرییبوونی نارەزایەتییەکان و لە لایەکی دیکەشەوە وەک ئاماژەی پێکرا دەسەڵات و ناوەندە ئەمنییەتییەکانی تووشی چالش کردوە.

هاندانی نارەزایەتییە مەدەنی و هێمنانەکان بەرەو توندوتیژی، یەکێک لە پیلانەکانی ناوەندە ئەمنییەتییەکانی ڕێژیمە کە لەو ماوەیەشدا بەرانبەر بە نارەزایەتیی مامۆستایانش لێی غافڵ نەبوون و لەکاریان کردوە. بەتایبەت ئەم پیلانە بە نیسبەت بزووتنەوەکان لە کوردستان کە هەمیشە بە چاوی ئەمنیەتییەوە سەیریان کراوە زۆر و خاوەن کارنامەیەکی ڕەش و پڕ لە شەرم و شوورەییە. هەر لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا کە گەڕێکی نەوێ لە نارەزایەتییەکان مامۆستایان لە کوردستان هاتۆتە ئاراوە، هێندێک سایت و بڵاوکراوەی سەر بە سپای پاسداران و ناوەندە ئەمنیەتییەکانی دیکەی ڕێژیم لە کوردستان، هەموو هەوڵێکیان ئەوە بوو کە بیانوویەک بۆ هێرش کردنە سەر مامۆستایان و سەرکوتی نارەزایەتییەکان بدۆزنەوە. ئەوان بە خستنە ژێر پرسیاری جۆری سەرهەڵدانی نارەزایەتییەکان و نێوەڕۆکی داخوازیی مامۆستایان، هەموو هەوڵێکیان ئەوە بوو کە بڵێن ئەم نارەزایەتییانە لە لایەن حیزبەکانی کوردستانەوە ڕێک خراون و درووشمەکانیان لە لایەن ئەوانەوە فورمولە کراوە! تەنیا بۆ ئەوەی پاساوێک بۆ سەرکوتی نارەزایەتیی مامۆستایان بهێننەوە و بەم جۆرە داخوازییەکانیانی بەلاڕێدا بەرن.

ئەوەندەی پێوەندیی بە کوردستانەوە هەیە؛ نارەزایەتیی مامۆستایان لە شارەکانی کوردستان بەربڵاوتر، یەکگرتووانەتر و پڕ نێوەرۆکتر لە شوێنەکانی دیکەی ئێران و تەنانەت شارە گەورەکانیش بەڕێوەچوو. بە وردبوونەوە لە شکڵ و شێوازی ئەم نارەزایەتییانە لە کوردستان بە ئاشکرا هەست بە بەهێزبوونی کۆمەڵگەی مەدەنی لە کوردستان، ڕێکخراوبوونی کۆمەڵگەی کوردستان و بەرزیی ئاستی شعوری سیاسی و کۆمەڵایەتیی خەڵکی کوردستان دەکرێ. مامۆستایانی کوردستان لەگەڵ بەرزکردنەوەی داخوازییە سینفییەکانی خۆیان، لەو ماوەیەدا قەت لە پرسەکانی دیکەی کۆمەڵگە غافڵ نەبوون. بەرانبەر بە داسەپاندنی حوکمی زیندانی بۆ زارا محەممەدی هەڵوێستیان نواند، داکۆییان لە مافی خوێندن بە زمانی دایکی کرد و کوشتنی کۆڵبەرانی کوردیان مەحکووم کرد.

بزووتنەوەی نارەزایەتیی مامۆستایانی کورد، بەشێکە لە بزووتنەوەی مافخوازانەی گشتیی خەڵکی کوردستان و لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا بە ڕاکێشانی پشتیوانیی خەڵک و قوتابیان نیشانیان داوە کە خاوەنی چ متمانەیەکی بەرزن.

## "ناسەقامگیریی دەروونی" لە ئێران

# دەوڵەت یارمەتیی خەڵک دەدا یان زیانیان پێ دەگەیەنێ؟


و: کەماڵ حەسەنپوور

بۆ ئەو ئێرانییانەی زەختەکانی ئابووری، تەندروستی و سیاسی بڕستی لێ بڕیون، پەرەئەستاندنی گۆڕستانی بەهەشتی زەهرا، مەزنترین گۆڕستانی تاران، ناتوانێ گاڵتەجاڕییەکی مێژوویی تەنگەتاوتر بێ.

ئەوە لەوێ بوو کە ئایەتوڵڵا ڕوحوڵڵا خومەینی، لە کاتی گەڕانەوە لە تاراوگە، لە فێبریواری ١٩٧٩ شۆڕشە ئیسلامییەکەی دامەزراند، بەڵێنی "ژیانێکی دەوڵەمەندانە و پڕ لە ڕەزامەندیی" بە ئێرانییەکان دا و پێی گوتن چاوەڕوانی شتی زیاتر لە خانووی نوێ، ئاو و کارەبا و سواریی ئوتوبوسی بەخۆڕایی بکەن. ئەو مەلا کاریزماتیکە شیعەیە ڕایگەیاند: "بەو شتانە ڕازی مەبن، ئێمە لایەنی مەعنەویی ئێوە بەرز دەکەینەوە."

لەگەڵ ئەوەشدا، ٤٣ ساڵ دواتر و لە مانگی دێسەمبەردا زۆر هەواڵ بڵاو بوونەوە کە بە هۆی زەختی ئابووری دزرانی کێلی قەبران لە بەهەشتی زەهرا و گۆڕستانەکانی دیکەی سەرانسەری وڵات ڕوویان داوە و دزەکان دوای سڕینەوە ناوی مردووەکە لە سەر کێلەکان، ئەوان بە نرخی کەمتر دەفرۆشنەوە.

سووکایەتی بە گۆڕستان هەر چەند ناخۆش بێ، بۆ ئێرانییەکان ئەوە تەنیا نیشانەیەکی دیکەی دابەزین لە خەونی بەرزکردنەوەی لایەنی مەعنەوییە. دەگەڵ لێکهەڵوەشانی ئابووری، بێجگە لە چاوەڕوانییەکی کەم بۆ یارمەتی لەلایەن دەوڵەتەوە، نیشانەی دیکە، هەڵکشانی بەرچاوی ڕێژەی خۆکوژیی و پەرەئەستاندنی داواکاری و خزمەتگوزارییە ڕاوێژکارییەکانە.

لە دێسەمبەر، سەرۆکی هێزی بەرەبەرەکانی دەگەڵ کۆرۆنا لە تاران، دوکتور عەلیڕەزا زالی، لێدوانێکی دا کە بۆ مانشێت دەبێ. ئەو گوتی یەک لە سەر سێی خەڵکی وڵات گیرۆدەی "تێکچوونی باری تەندروستیی دەروونی" بوون.



براوەی خەڵاتی ئاشتی نۆبێل، خاتوو شیرین عەبادی لە تورکیەڕا و لە سێمینارێکی ئەنستیتۆی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست، کە بنکەکەی لە واشینگتۆنە، گوتی "لە ژینگەیەکی وەها دیکتاتۆڕانەدا، مرۆڤ خۆیەتیی خۆی لە کیس دەدا و هەستی ڕێز لەخۆگرتن دادەبەزێ و بڕوا بەخۆ بوون لەنێو دەچێ و بشێویی دەروونیی مرۆڤ گەشە دەکا."

هەموو نەتەوەیەکی دنیا هەستیان بە زەختی دەروونی بەهۆی کۆڤید-١٩ کردوە. لێکۆڵینەوەیەک لە سەر ٢٠٤ وڵات کە لەلایەن لانسێت بەڕێوە چووە و لە ئۆکتۆبری ڕابردوودا بڵاو کرایەوە، بۆ وێنە، بەو ئاکامە گەیشت کە لە٢٠٢٠دا ڕێژەی "خەمۆکیی بەربڵاو" و نیگەرانیی پێوەندیدار بە پەتای کۆرۆناوە لە ئاستی جیهانیدا زیاتر لە ٪٢٥ بەرز بۆتەوە.

لە بارەی پەتای کۆرۆناوە، دامودەزگاکانی ئێران لە ڕاستیدا لەلایەن ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی ستایش کران بۆ "هەڵوێستی داهێنەرانە لە خزمەتگوزارییەکانی ساخڵەمیی دەروونی بە شێوەی گشتی،" کە لەواندا لاسایی "شێوە باشەکانی بەرووبوونەوە لە لایەن وڵاتانی دیکەی دنیا"یان کردۆتەوە.

بەگوێرەی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی، سێ حەوتوو دوای ئاشکرابوونی یەکەم دۆخی کۆڤید-١٩، کاربەدەستانی تەندروستیی ئێران هێڵێکی نەتەوەیی یارمەتی سەرهێڵیان بە "کارمەندانی ڕاهێنراو لە بەشی تەندروستیی دەروونی بۆ پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری تاکەکەسیی" دامەزراند کە بە شێوەی مامناوەندی ڕۆژانە وەڵامی ٥١٣٠ کەسیان لە نۆ مانگی یەکەمی پەتایەکە داوەتەوە.

بەڵام بێجگە لە کۆڤید-١٩، نەهامەتیی ئێران بەهۆی کۆیەک لە ئابلۆقەکانی ئەمریکا، بێدەروەستیی ئابووریی دەوڵەت، ویشکەساڵی و ڕێژیمێک کە بەگشتی وەک دۆزەرەوەی ڕێگاچارەی گیروگرفتان سەیر ناکرێ بەڵکوو وەک سەرچاوەی ئازارچێشتنی هاووڵاتیانە، قووڵتر بۆتەوە. بەکردەوە، کۆی زەختی سەر ئێران، تەندروستی دەروونیی ئەو وڵاتە دەکاتە شتێکی تاقانە و ئاکامەکەی شتێکە کە لێکۆڵەرەوان پێی دەڵێن پەرەگرتنی "کولتووری خەمۆکی."

دوکتور موژگان حەکیمی، سەرۆکی بەشی دەروونناسیی کۆلێژی تورۆ لە لۆس‌ئانجێلێس، بە سێمیناری ئەنستیتۆی خۆرهەڵاتی نێوەڕاستی گوت، "وڵاتان تووشی دۆخی خەمۆکی دەبن. بەڵام سیاسەت دەتوانێ یەکلاکەرەوە بێ، ئازادیی دەتوانێ یەکلاکەرەوە بێ."

نیشانەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە توندئاژۆ سیاسییەکان، کە کۆنترۆڵی سەرجەم جومگەکانی دەسەڵاتی دەوڵەتیان بەدەستەوە گرتووە، خەریکە دان بە جیددیبوونی گیروگرفتەکە دادەنێن، ئەگەرچی هێشتا پێشتریەتییان بە دۆزینەوەی ڕێگاچارەکان نەداوە.

کاربەدەستە پلەبەرزەکان دانیان بە دژوارییەکان داناوە و پێشنیاری دراوی نەخدیان کردوە و بەڵێنی چارەسەرکردنی ئابووریان داوە. لەگەڵ ئەوەشدا، فەرهاد مۆئمێنی، بەڕێوەبەری ئەنستیتۆی ناحکوومیی لێکۆڵینەوە ئایینی و ئابوورییەکان دەڵێ، خەیاڵپڵاویی سیاسی کاریگەریی سەرەکی لەسەر تەندروستیی دەروونیی گشتی هەبووە.

موئمێنی لە نۆڤەمبەر بە کاربەدەستانی باسکی توێژینەوەی ڕێکخراوی ئاسایشی کۆمەڵایەتیی دەوڵەتی گوت، "لە کاتێکدا کە پێوەندیی خەڵک دەگەڵ سیستەمی دەسەڵاتدار خراپتر دەبێ، ئێمە تووشی بێمتمانەیی، ناسەقامگیری، پاشقولدان، دابەزینی ڕەوشتی، گیرۆدەبوون بە ماددەی سڕکەر، گەندەڵیی، خۆکوژیی، گیروگرفتی دەروونی، نەخۆشیی دەروونی، چوونەسەری ڕێژەی تەڵاق و تاد. دەبین." ئەو هۆشداریی دا، "سیستەمی [دەوڵەتیی] لێکۆڵینەوە و چاودێریی ... لە دیتنی ئاشکراترین دیاردەکان ناسەرکەوتوویە."

لە ئێرانی ئەمڕۆدا، هەڵاوسانی نرخەکان، هەژاری، هەستی بێهیوایی و ڕێژەی خۆکوژی، هەموویان بەرەو هەڵکشانن. بێگومان، ئاماری فەرمی ئاشکرای دەکەن کە ڕێژەی ئەوانەی لە "هەژاریی تەواو" دان لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا بۆتە دوو هێندە و ٣٠ میلیۆن ئێرانی، واتە زیاتر لە یەک لەسەر سێی حەشیمەت، دەگرێتەوە.

بەگوێرەی ئاماری دەوڵەت، مانگی ڕابردوو ڕێژەی هەڵاوسانی ساڵانە گەیشتە ٪٤٣،٤ و نرخی بەشێک لە خواردەمەنی نزیکەی ٪٨٠ زیادی کرد. لە تاران، نموونەیەکی زیندووی ئاستی هەژاریی لە بازاڕی مەزنی میوە و سەوزەمەنی، شوێنێک کە فرۆشیاران بەرهەمە زیاندیتووەکان و ماوەبەسەرچووەکان، کاتژمێر ٧ی ئێواران دەفرۆشن، دەر دەکەوێ. کڕیاران بە ڕیز ڕادەوەستن تا کەڵک لە نرخە داشکاوەکان وەرگرن.

ڕۆژنامەوانێکی ئێرانی کە ئەزموونی دەیان ساڵەی هەیە و لە لایەن کەسێکەوە کە لە ژێرخانی ماڵەکەیدا دەژی ئەو بازاڕەی پێ ناسێندرا، گوتی، "ڕاستییەکەیت بوێ، من بەڕاستی سەرم سووڕ ماوە چۆن خەڵک هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەوەدا دەکەن."

ئەو دەڵێ بەگوێرەی ئاماری نوێ لەلایەن یەکیەتیی ناوەندیی خواردەمەنی، ئاستی خواردنی گۆشت بە بەراورد دەگەڵ ساڵی ڕابردوودا ٪٥٠ دابەزیوە، لە کاتێکدا کە لە هەمان ماوەیەدا کەڵکوەرگرتن لە بەرهەمەکانی شیرەمەنی نزیکەی ٪٦٠ دابەزیون چونکە نرخەکانیان ٪٧٠ چۆتە سەر.

ڕۆژنامەنووسەکە کە داوای کردووە ناوی نەدرکێندرێ، دەڵێ: "ئەوە هەروەها کاریگەریی لەسەر دۆخی دەروونیی خەڵک هەبووە، چونکە ئەوان ناتوانن ئەو شتانە بکڕن کە پێشدا توانایی کڕینیان هەبوو." ئەو هەروەها دەڵێ مەترسیی بێکاری لە کاتێکدا کە ڕێژەی بێکاریی لە سەرەوەی دە لە سەدە، پەرەی گرتوە.

دژواریی دارایی پەرەئەستێن، هەر دێت و زۆرتر لە ژیانی ڕۆژانەدا دەر دەکەوێ: خەڵک سەربانی ماڵان بەکرێ دەگرن تا بتوانن خێوەتی لێ هەڵدەن؛ ڕێژەی ئەوانی لە زبڵدا بەدوای بژیوی ژیان دەگەڕێن لە زیاد بوونە. لەو حەوتووانەی دواییدا، مێدیای ئێرانی لە ڕاپۆرتەکانیاندا باسی ئەوەیان کردوە کە چۆن خەڵکی تاران، نەوەک ئەوانی کە فرە هەژارن یان گیرۆدەی ماددەی هۆشبەرن، بەڵکوو خەڵکی مووچەخۆری ئاسایی کە چیدیکە ناتوانن کرێ خانوو بدەن، هەموو شەوێ لەنێو ئوتوبوساندا دەخەون، لە کاتێکدا کە ئوتوبوسەکان لە شاردا لە هاتوچۆ دان.

وێنەگرێکی پرۆفێشنال کە لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا، ڕاپۆرتی ڕۆژانەی لەبارەی شەڕی ئێران دژی کۆڤید-١٩ و گیروگرفتەکانی دیکە بڵاو کردۆتەوە و داوای کردوە نهێنی بمێنێتەوە، دەڵێ، "لە ئێران ئابووری هەموو شتێکە و تەندروستیی دەروونی پێوەندیی جیددی بە دۆخی ئابوورییەوە هەیە." ئەو وەبیری دێ کە ، "خەڵک هەستیان دەکرد لە لێواری ئەو مۆتەکەیەدا بن، کاتێک چاویان کردەوە ئەو دنیایەی مردووی نەناسراویان چاو پێکەوت، ئەوان بۆ ئەو دۆخە ئامادە نەبوون."

ئاکامێک: بە گوێرەی ئاماری فەرمیی ناوەندی ئاماری ئێران، لە مانگە سەرەتاکانی پەتایەکەدا بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی پێشوو ڕێژەی خۆکوژیی ٪٢٩ زیاتر بووە و ڕەوتەکە هەروا بەرەو ژوورە، ئەگەرچی هیچ ئاماری نوێ لەلایەن دەوڵەتەوە بڵاو نەکراونەوە.

ئێرانییەکان بە هەمان شێوە تووڕەیی خۆیان لە شکستی دەوڵەت لە هێور کردنەوەی دۆخی ئابووری وڵات ئاشکرا کردووە و ڕژاونە سەر شەقامەکان تا لە نارەزایەتیەکاندا بەشداریی بکەن کە لە ٢٠١٨ بەولاوە بە شێوەی توندوتیژانە سەرکوت کراون و سەدان کوژراوی لێ کەوتۆتەوە.

نوێترین نارەزایەتییەکانی مامۆستایان دوای ئەوە دەستیان پێ کرد کە سەرکۆمار ئیبراهیم ڕەئیسی مانگی ڕابردوو بودجەکەی پێشکەش کرد. ئەو پێشنیاری زیادکردنی ٪٢٤٠ بودجەی سوپای پاسداران و ٪٥٦ بودجەی مێدیای دەوڵەتی کرد لە کاتێکدا کە مووچەی مامۆستایان و کارمەندانی دیکەی دەوڵەتی تەنیا ٪١٠ زیاد دەکا. ئەوانە هەموو زەختی سەر تەندروستیی دەروونی زیاد دەکەن.

دوای بڵاو کردنەوە بەکاوەخۆ لەبەر دژایەتی سەرەتایی ڕێبەری گەورەی ئێران، ئایەتوڵڵا عەلی خامنەیی، بەرانبەر بە واکسێنی دروستکراو لە لایەن خۆراواییانەوە، زیاتر بوونی دەستڕاگەیشتن بە ڤاکسێنی کۆڤید-١٩ کەمێک لە زەختەکەی سووک کردوە.

ڕۆژنامەنووسەکە دەڵێ، "ئێستا تۆزێک لە ڕابردوو جیاوازە؛ دۆخە خراپەکە وێدەچێ دەستاوی دەسەڵاتداران بێ، تەنانەت خامنەیی گوتوویەتی کە متمانەی نێوان خەڵک و ڕێژیم زەرەری دیتووە."

سەرکۆمارە توندئاژۆ نوێیەکە هێندێک هەنگاوی پۆپۆلیستیی هەڵگرتوون وەک سەردانی ئەو پارێزگایانە کە سەرکۆماری پێشوو، حەسەن ڕوحانی، خۆی لێ بواردوون. ڕۆژنامەنووسەکە دەڵێ، "ئەوانە هەوڵێکن بۆ پڕکردنەوەی ئەو قەڵشتە کە ئێستا ئەو هەموو کاربەدەستە دانی پێدا دەنێن."

"هەواڵی خۆش" کە سەرۆکی کاروباری ئابووریی دەوڵەت، موحسین ڕەزایی، بەڵێنی دابوو، دەرکەوت کە کارتێکی یاریدەی دارایی بێ کە تەنیا مانگی ٨ دۆلارە و هێشتا جێبەجێ نەکراوە. پارلمانی ئێرانیش لەبەر پاشگوێخستنی چەند قەیران و جەختکردن لەسەر پرسە ئایینییەکان و سنووردارکردنی زۆرتری ئازادییەکان، کەوتۆتە بەر ڕەخنە. ئەو لەو دواییانەدا کاتی ئەوەی هەبووە هاوردەکردنی ئامێری موسیقا و چاویلکەی هەتاو یاساغ بکات.

ڕەخنەگران دەڵێن ئەو کردەوانە ئاشکرای دەکەن کە ڕێبەرانی ئێران چەندە لەگەڵ دۆخی کۆمەڵگە نامۆن و چەندە لە باشترکردنی مەرجە ئابوورییەکان، کە ڕەنگبێ بتوانێ یارمەتیدەری باشتربوونی دۆخی تەندروستی دەروونیی ئێرانیان بێ، بێتوانان.

ئالێکس وەتەنخا، پسپۆڕێکی ئێران لە سێمیناری ئەنستیتۆی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست گوتی: ئەوان پێشترییەتی بە شتی دیکە دەدەن. ئەوان خەریکی "گرینگترین جەنگی مێژوو" دژی وڵاتە یەکگرتووەکانن؛ و پرۆژەیەکی سیاسەتی دەرەوەی [ناوچەییان] بەدەستەوە کە دەیانهەوێ کۆتایی پێ بێنن. و لەو ماوەیەدا، ئەوان نیشتمانی خۆیان لەبیر دەکەن .... زۆربەی ئێرانییەکان گیروگرفتیان هەن کە پێویستە لە نێوخۆ بۆیان چارەسەر بکرێ."

**کریستیان ساینس مۆنیتۆر– سکات پیترسن**

# ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی



شارۆخ حەسەنزادە

پرۆسەی گۆڕان لە کۆمەڵگەیەکی داخراو بۆ کۆمەڵگەیەکی مەدەنیی کراوەی پێشکەوتووخواز بە هەموو پێوەر و تایبەتمەندییەکانی، لە چەندین بواردا پێویستیی بە گۆڕانکاری و هەوڵی جددی هەیە کە ئێمە دەتوانین ئاماژە بەو چەند خاڵە بکەین:

١- **هەبوونی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی:** بۆ ئەم مەبەستە دەبێ چەندین ڕێکخراوی جۆراوجۆر لە کاری بەردەوام و جدیدا بن بۆ دەستپێکردن بە پرۆسەی گۆڕانی کۆمەڵگە و کاری ئەم ڕێکخراوانەش بریتی دەبێ لە وشیارکردنەوەی هاووڵاتییان لەسەر ئەو بابەتانەی کە پێویستیی بە گۆڕان هەیە، وەک گۆڕان لە بەشە کۆن و چەقبەستووەکانی داب و نەریتی کۆمەڵگە. هەروەها دەبێ ئەم ڕێکخراوانە کارێک بکەن کە لە ڕووی هزرییەوە هەتا ڕادەیەک نەوەکانی پێشوو ئامادە بکەن بۆ گۆڕینێکی مەبەستدار بۆ ئەوەی کاتی دەستپێکردن بە پرۆسەی گۆڕان گرفتی چاوەڕواننەکراو نەیەتە بەردەم پرۆسەکە.

٢- **بواری سیستەمی سیاسی:** لە بواری سیستەمی سیاسیدا دەبێ وڵات لە سیستەمێکی دیکتاتۆریی بەرژەوەندیخوازەوە بگۆڕدرێ بۆ دەسەڵاتێکی دێموکراتی هەڵبژێردراو کە بەرژەوەندیی وڵات لە سەرووی هەموو جۆرە بەرژەوەندییەک دابنێ و گۆڕان لە ڕادەستکردنی دەسەڵاتەکان بە شێوەیەکی دێموکراتیکی بێت بەدور لە هەر کارێکی پڕ لە توندوتیژی.

٣- **جێگیرکردنی ئاشتی و ئاسایش و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی:** بۆ بەدیهێنانی دادپەروەری و ئاشتی و ئازادیی کۆمەڵایەتی کاری سیستەمی سیاسی و سەربازی لە سەرکوتکردن و پەراوێزخستنی دەنگە ئازادیخوازەکان دەگۆڕدرێ بۆ دابینکردنی ئازادی و دادپەروەری و سەربەخۆیی دادگاکان و پاراستنی وڵات لە دەستدرێژیی دەرەکی. واتە هێزی سەربازی تەنیا بۆ بەرگری و بەرپەرچدانەوەی دەستدرێژیی دەرەکی بەکار دێ، نەک لە دژی هاووڵاتییانی نێوخۆ و، هێز لەژێر دەستی یاسادایە و ملکەچیی بۆ هیچ لایەنێکی سیاسی نییە.

٤- **بواری ئابووری و پیشەسازی:** دەبێ سیستەمی سیاسی گەشە بە ئابووریی وڵات و گرنگی بە بازرگانی نێوخۆ و هەوڵی دروستکردنی بازرگانیی دەرەکی بدا و تەنیا بازرگانیی نێوخۆیی بوونی نەبێت. هەروەها دەبێ لایەنی پیشەسازی بەرەو پێشەوە بەرێ و گرینگیی تەواوی پێ بدا و هەروەها دابینکردنی بازاڕی ئازاد بەشێوەیەک کە چاودێری تەواو بکرێ لەسەر ئەم بازاڕە.

٥- **گۆڕان لە ڕۆڵی ئاییندا:** ئایین وەک ئەوەی سەرچاوەی سەرەکیی دانانی یاسا و ڕێساکان و نەخشەی سیاسیی وڵات بێت و ئەو بەرژەوەندییەکانی وڵات دیاری بکا؛ دەگۆڕێ بۆ سیستەمێکی خواپەرستی و دوور دەکەوێتەوە لە گەمەی سیاسەت و سیاسەتمەداران. کەواتە لە کۆمەڵگەی مەدەنیدا ئایین ڕۆڵێکی ئەوتۆی نییە ئەگەر بەراورد بکرێ بە کۆمەڵگەیەکی داخراو.

٦- **گۆڕان لە بیرکردنەوە و ئەرکی تاکەکانی کۆمەڵگە:** تاک لە تاکێکی کۆنەپەرستی نەریتی باوەڕدار بە ئەفسانە و بیرە کۆنەکانەوە دەگۆڕێ بۆ کەسی نوێخوازی لێهاتووی ئەوتۆ کە بتوانێ لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی سەردەمەکەی خۆی بگونجێ. بۆ ئەوەی تووشی دابڕان نەبێ لە ڕەوڕەوەی سەردەمەکەی و تاک لە کەسێکی پشتبەستوو بە قەزا و قەدەرەوە دەگۆڕێ بۆ کەسێک کە پلانی هەبێ بۆ داهاتووی خۆی و ئەرک و مافەکانی خۆیشی دەزانێت.

٧- **گۆڕان لە سیستەمی کۆمەڵایەتیدا:** لە کۆمەڵگەی داخراودا هەستی ناوچەگەریتی و خزمایەتی زۆر بەهێزترە لە هەستی نەتەوەیی و نیشتمانی. بۆیە دەبێ ئەم هەستە بگۆڕدرێ بۆ دڵسۆزی و خۆشەویستی بۆ نیشتمان و مرۆڤایەتی و، دەبێ کار بکرێ بۆ کەمکردنەوە یان نەهێشتنی دەمارگرژیی ئایینی، چینایەتی، کۆمەڵایەتی و سیاسی(١).

**ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی (ڕێکام):**

مرۆڤ بوونەوەرەکی کۆمەڵایەتییە و بەشی هەرەزۆری ژیانی مرۆڤ بۆ پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان تەرخان دەکرێ، لە کۆمەڵگەکانی ئەمڕۆی مرۆڤایەتیدا بەشی هەرەزۆری خەڵک سەر بە ڕێکخراوێک، ڕەوتێک یان بیرۆکەیەکی دیاریکراون.

لە پێناسەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی (ڕێکام) دەگوترێ کە ئەم دامەزراوانە ڕاستەوخۆ بەشێک نین لە چوارچێوەی سیستمی دەوڵەت بەڵام ڕۆڵێکی گرینگیان هەیە لەنێوان کۆمەڵگە و دەستەڵاتداران. وەک چۆن "هێگڵ" دەڵێ پردی پێوەندیی نێوان بنەماڵە و کۆمەڵگەی سیاسی، کۆمەڵگەی مەدەنییە، لێرەشدا پردی نێوان کۆمەڵگە و دەوڵەت ڕێکخراوە مەدەنیەکانن.

بناخەی سەرەکیی چالاکی و کارکردن لە ڕێکخراوەکاندا ئەوەیە کە دەبێ سەربەخۆ بن و سەر بە دەوڵەتەکان نەبن، چوونکە ئەگەر سەر بە حکوماتەکان بن ئەوە ئیتر ڕێکخراوێکی کۆمەڵگەی مەدەنی سەربەخۆ نین و دەبنە (GON-GO) ڕێکخراوگەلی دەوڵەتی، لە بەرامبەر NGO یا "governmental Organization Non" کە لە ئەدەبیاتی ئێران پێی دەگوترێ "سمن" یا "سازمانهای مردم نهاد". لە کوردیدا وەک ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی (ڕێکام) یا ڕێکخراوی ناحکومی باسی دەکرێ.

پشتیوانی و هاوکاریی حکومات لەو ڕێکخراوانە ئەرکێکی ئەخلاقییە، بەڵام دەبێ ڕێکخراوەکان زۆر وشیار بن لە چۆنیەتیی هەڵسوکەوتیان دەگەڵ لایەنی پەیوەندیداری حکومەتی، مەبادا بکەونە ژێر چەتری دەوڵەت و سەربەخۆیی خۆیان لە دەست بدەن؛ چونکە بەمجۆرە نابنە ڕێکخراوێکی سەربەخۆی مەدەنی و سقیل. هەڵبەت لەنێو وڵاتان بەتایبەتی لە وڵاتانی دیکتاتۆردا کە ڕێکخراوی جۆربەجۆر بەڕواڵەت سەربەخۆ دروست دەکەن و لە ژێرەوە خەت و بەرنامەیان دەدەنێ یا دەنا ڕێکخراو بە دانی ئیمتیازی جۆراوجۆر دەکڕێنەوە! کە ئەمانە ناکەونە خانەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی سەربەخۆ. هەربۆیە هەموو ئەو ئاریشە و گرفتانەی بەردەم کۆمەڵگە بۆتە هۆکاری ئەوەی کە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی (ڕێکام) ڕۆژبەڕۆژ پەرەیان پێ بدرێ و گەشەی بەربڵاوی چالاکییەکانیان زیاتر هەست پێ بکردرێ یان پڕبایەختر بن.




بۆچوونی د. ئازاد گەلێک سەرنجڕاکێش و وردە. ئەو پێی وایە، هەریەک لە کۆمەڵ و ڕێکخراوە خۆبەخشە ئازادەکان واتا ئەوانەی لە لایەن سیستەمی سیاسی هەر دەسەڵاتێکەوە هان نادرێن تا دەست بخەنە نێو کاروباری هاووڵاتیانەوە و هەوڵی پێشخستنی سەرجەم بوارەکانی ژیانی خەڵک و کۆمەڵگەکەیان دەدەن. بەمەبەستی کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتووی هاوچەرخ، کە ڕێز لە سەرجەم تاکەکان و توێژەکانی کۆمەڵ بگرێ، ئەرکەکانیان بۆ دیاری بکا و مافەکانیان بپارێزێ. بە واتایەکیتر سەرجەم ئەو کۆمەڵە هەرەوەزی، پیشەیی، سیاسی، ڕێکخراوەیی، زانستی، وێژەیی، یانە وەرزشی و کۆمەڵایەتی ڕۆشنبیریانەی لەهەر یەکێک لە کۆمەڵگەکاندا بوونی هەیە و ئاگادار و شارەزای ئەرک و ماف و توانا و کار و ئامانجەکانیانن. هەروەها لە شوێن خۆیانەوە هەوڵی چەسپاندنی یاسا و بەدیهێنانی ئامانجەکانیان دەدەن. ئەو بۆشاییەش پڕ دەکەنەوە کە لەنێوان خێزان و دەوڵەتدا دروست بووە، بەڵام ئەمانە جیاوازتر لە ئەندامەکانی هەر خێزانێک، کە وابەستەی داب و نەریت و کولتوور و ڕێسای خۆیانن و ڕابردوویانن، یان سیستەمی سیاسیی دەوڵەت یان وابەستەی کۆمەڵێک بەرنامە و یاسای تایبەت بە خۆیەتی و خۆی لێ لانادات، کار و هەوڵەکانیان دەخەنە گەڕ بەڕادەیەک لە پێناو بەرژەوەندیی هەموو توێژەکانی کۆمەڵدا، ئامادەن زۆر سنوور ببەزێنن و تازەگەری بهێننە ئاراوە. بەمەش کۆمەڵگەیەک دادەمەزرێ کە ئازادی و بەختەوەری و ڕێزگرتن لە یەکتری و دابینکردنی ماف بۆ هەمووانی تێدا بەرجەستە دەبێ.

ئەم کۆمەڵگەیە لەسەر سێ بنەمای سەرەکی دامەزراوە، کە دەکرێ لێرەدا بە کورتی ئاماژەیان پێ بکەین:

١- **ئیرادەی تاکەکانی کۆمەڵگە:** مەبەست لەو ئیرادەیە کە هەر یەک لە تاکەکانی کۆمەڵگە لە بەرەوپێشچوونی ڕەوتی کۆمەڵگەکە بڕیاری لەسەر ئەدەن و کاری بۆ ئەکەن. ئەم ئیرادەیە لای هەر تاکێکی کۆمەڵگە جیاوازە لە خزمایەتی و کەسایەتی و هۆزایەتی لە لایەک و ڕەگەزنامەی خۆیی لە لایەکی تر، چونکە هەر تاکێک لە کۆمەڵگە بە هۆی لەدایکبوونی لە خێزانێکدا بۆتە ئەندامی ئەو خێزانە و بنەماڵە و هۆزەکەی. لە کاتێکیشدا بووەتە ئەو ئەندامە کە نە پرسی پێ کراوە و نە توانای بووە خۆی لێ لابدا. هەروەها وەک خەڵکی ناوچە یان وڵاتێک ئەندامیەتی بەسەردا بڕاوە بە ویستی خۆی نەبووە، بەڵکو بەپێی لەدایکبوون و پەروەردەبوون و گەورەبوونی لەو وڵاتەدا ئەو ڕەگەزنامەیەی پێدراوە و وەک خەڵکی ئەو ناوچەیە یان ئەو هەرێمە ناسراوە یان ئەو وڵاتە ناسراوە. بۆ نموونە لەوانەیە زۆربەمان بە ویستی خۆمان نەبووبین بە ئێرانی و حەزمان پێ نەکردبێ، بەڵام بارودۆخی پەروەردەبوون و ژیانی ئێمە لە ئێران ئەو بڕیارەی بەسەر دابین. لە کاتێکدا خۆمان کورد بووین، بەڵام وەک ئێرانی ناسراوین.

٢- **ڕێکخستن و کاری هاوبەش:** مەبەست لە کاری ڕێکخستنی ڕێکوپێک و شیاوی هەر کۆمەڵە و یانە و ڕێکخراو و پارتێکە، کە لەلایەن ئەندامەکانیەوە بە گیانی لێپرسینەوە و دڵسۆزی بۆ بەهێزبوون و گەشەکردنی ڕێکخراوەکەیان هاوکاری و یارمەتیی یەکتر بدەن. دوای ئەوەش گیانی هاوکاری لەگەڵ ڕێکخراو و کۆمەڵ و یانە و پارتەکانی تردا دەگۆڕنەوە و بە هەموویان بە گیانێکی هاوبەش خەبات دەکەن، کە بنیاتنانی کۆمەڵگەی مەدەنییە، چونکە هەر یەکێک لە ئەندامانی هەر ڕێکخراوێک بە ویستی خۆیان بوونە ئەندام و بڕیاری ئەوەیان داوە هەموو تواناکانیان بۆ گەشەکردن و خزمەتی ڕێکخراوەکەیان بخەنە کار. بۆیە چاوەڕوانی گەشە و پێشکەوتنی لەو جۆرەیان لێ دەکرێ. هەروەها لە هەر کۆمەڵگەیەکدا چەندە ڕێکخراو و یانە و پارت و کۆمەڵەکان زیاتر و چوست و چالاک بن ئەوەندە کۆمەڵگەی مەدەنی بەهێز و کاریگەرە.

٣- **یەکتر قبوڵکردنی هەموو ئەندامانی کۆمەڵگە:** مەبەست لەوەیە کە هیچ کۆمەڵگەیەک نابێتە مەدەنی هەتا ئەوەی ڕێکخراوی بەرانبەری قبوڵ نەکات و هاوکاری نەکا و ڕێزی لێ نەگرێ. دیارە ئەگەر هەموو ئەندامانی هەر ڕێکخراوە و کۆمەڵێک یەکتریان قبوڵ کرد و هاوکاریی یەکتریان کرد؛ پاشان کاری ئەندامانی ئەم ڕێکخراوە بۆ یارمەتیدان و هاوکاریکردن و پێشکەوتنی ڕێکخراوەکانی تر بوو، ئەوا بناغەی بەدیهاتنی کۆمەڵی مەدەنی بەهێز و پتەو و ئایندەیەکی گەش و درێژخایەنی دەبێ. بەکورتی کۆمەڵی مەدەنی لە ئەنجامی چەندین کادری کارای جۆراوجۆر لە توانا و بەرنامە و بیرکردنەوەی هاوچەرخ و ڕەگەزی جیاواز دادەمەزریت. ئەوەش دوای ئەوەی هەستی خێزان و تایەفەگەری و هۆزایەتی و ناوچەیی و ئایینی بۆ هەستی خزمەتکردن و بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی فرەیی ئەگۆڕێت. باشتریشە هەوڵەکانی ئەندامانی ئەو کۆمەڵە ڕێکخراوانە بە قەناعەت و باوەڕی خۆیان بێت. نەوەک لە بەرانبەر مادده و خزمایەتی و تێرکردنی ئارەزووەکانی خودی و ئەندامەکان بێت یان لاسایی و چاولێکەری کۆمەڵگەکانی دەوروبەر و جیهان بێت"(٢).

***

**سەرچاوەکان:**

١- ئازاد ئەنوەر، د. کەیوان، کورد و کۆمەڵی مەدەنی، چاپی دووەم سلێمانی خانەی چاپ و بڵاو کردنەوەی چوارچرا ٢٠٠٤.

٢- هەمان سەرچاوەی پێشوو

# ئێران لە گۆڕانی هاوکێشەکان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا



ڕەزا محەممەدئەمینی

لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا ئەمریکا و ئیسرائیل و عەرەبستانی سعوودی و چەند وڵاتی عەرەبیی دیکەی کەنداوی فارس کە هیچ پێوەندییەکی فەرمییان لەگەڵ ئیسرائیل نییە مانۆڕێکی نیزامیی هاوبەش و گەورە و بەربڵاویان لەژێر ناوی "ئای ئێم ئیکس ٢٠٢٢" لە ئاوەکانی ڕۆژئاوای ئەفریقا و ئۆقیانووسی هیندا بەڕێوە برد. ئەو مانۆڕە بەربڵاوە کە تێیدا سەدان فڕۆکەی شەڕکەر و کەشتی و هەزاران سەرباز بەشدار بوون لە حاڵێکدایە کە لەلایەک حووسییەکانی یەمەن -کە لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە تەیار دەکرێن- بە هێرشیی مووشەکی دوورهاوێژ هەڕەشەی جیدییان خستۆتە سەر وڵاتانی عەرەبی کەنداو و لەلایەکی دیکە هەواڵدەرییەکان باسی مانۆڕی نیزامی زۆر گەورەی ئیسرائیل دەکەن کە لەودا جگە لە فڕۆکە شەڕکەرەکانی پێشکەوتوو، فڕۆکەی سووتەمەنیتێریش بەشدار بوون و مەودای مانۆڕەکە ڕێک وەک مەودای نێوان ئیسرائیل و نێو جەرگەی ئێرانە.

ئەو دوو مانۆڕە نیزامییە لە حاڵێکدا بەڕێوە دەچن کە کۆماری ئیسلامییش لەلایەک سەرقاڵی وتووێژەکانی ژیاندنەوەی بەرجامە و لەلایەکی دیکە بۆ سەپاندنی مەرجەکانی خۆی بەسەر ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی جارناجارێک مانۆڕی نیزامی بەڕێوە دەبا و بە شێوەی ناڕاستەوخۆ هەڕەشەی ئەوە دەکا کە پیتاندنی ئۆرانیوم دەگەیێنێتە ئاستێک کە بۆ بەرهەمهێنانی چەکی ناوکی پێویستە. ئەوەی لێرەدا جێی ئاماژەیە و بۆ ڕێژیمی ئێران و ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە ناوچە گرینگیی تایبەتی هەیە، ئاکامی وتووێژەکانی بەرجام و ئاڕاستەی هێزەکان لە داهاتووی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە. بەدڵنیاییەوە ئاڕاستەی هێزەکان و وڵاتانی ناوچە بەئیسرائیلیشەوە بەرەو پێکهێنانی بەرەیەکی یەکگرتوو بەدژی کۆماری ئیسلامی دەڕۆن و وڵاتانی عەرەبی ناوچە کە سەردەمانێک دژبەری سەرەکی ئیسرائیل بوون و چەند جارێک بە هەموو هێزەوە لەگەڵی لەشەڕدابوون، ئێستا لەبەر مەترسیی ڕێژیمی ئێران و ئەو سیاسەتە ئاژاوەگێڕانەو دەستێوەردانانەی ئاخوندەکان بە ناوی ناردنەدەرەوەی شۆڕش لەگەڵ ئیسرائیل لە بەرەیەکدان و ئەوەش نیشان دەدا کۆماری ئیسلامی زۆرتر لە پێشوو تەریک بۆتەوە و وەک دەسەڵاتێکی جێی گومان سەیر دەکرێ.

بەرجام ئەگەر سەرکەوتوو بێ و دوو لایەنی دژبەر لەو وتووێژانە بتوانن بە ڕێککەوتنێک بگەن، بێگومان بە قازانجی کۆماری ئیسلامی نابێ و لەڕاستیدا ئەو هاوکێشەیە وەک کێشانی ددانی مار وایە، چونکە لەلایەک بە زیندووکردنەوەی بەرجام ئەگەر بەشێک لە گەمارۆکانی سەر کۆماری ئیسلامی لادەبرێ، زۆر لە گەمارۆکانی دیکە دەمێننەوە و ڕێژیم بەهۆی پەسندنەکردنی پەیمانی"FATF" ناتوانێ سوودێکی ئەوتۆ لە ڕێککەوتنی بەرجام وەرگرێ؛ هەروەها پرس و ئاریشەی دیکەی جێی ناکۆکیی نێوان کۆماری ئیسلامی و دونیای دەرەوە وەک سیاسەت و کردەوەکانی لە ناوچە و بەرنامە مووشەکییەکانی ماون کە لە داهاتوودا بەرۆکی ئەو ڕێژیمە دەگرن و وڵاتانی ناوچە بە دژی کۆماری ئیسلامی لێک نیزیک دەکەنەوە. درێژەکێشانی شەڕی یەمەن و هاوکاریی هەمەلایەنەی کۆماری ئیسلامی لە حووسییەکان بەدژی عەرەبستان و هاوپەیمانەکانی، کێشە و قەیرانی سیاسی لە لوبنان و دەستێوەردانی کۆماری ئیسلامی لەو وڵاتە بەهۆی حیزبوڵڵاوە کە ئەو وڵاتەی گەیاندوەتە ئاستی لێکهەڵوەشان، دەستێوەردانەکانی کۆماری ئیسلامی لە عێراق و زۆر کارو کردەوەی دیکە لە ناوچە، نیشان دەدەن کۆماری ئیسلامی ناتوانێ خۆ لە لێکەوتەکانی نیزیکبوونەوەی ئیسرائیل و وڵاتانی کەنداو ڕزگار بکا. ئێستا ئیدی هەموولایەک گەیشتوونە ئەو بڕوایە کە کۆماری ئیسلامی جێی متمانە نییە و ئەگەر بەرجامیش زیندوو بێتەوە، ئامانج و سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات نەگۆڕە، هەربۆیەش ئاڕاستەی هێز و هاوپەیمانەتییەکان بەپێچەوانەی ویست و ئامانجەکانی دەسەڵاتدارانی ئێران دەبێ و ئەوەی لەوبەینەدا دۆڕاوی سەرەکییە کۆماری ئیسلامییە.

جگە لەوەش لە نێوخۆی وڵات ڕێژیم لەگەڵ دەیان قەیرانی جۆراوجۆر بەرەوڕوویە؛ لەلایەک ئابووری ئێران داتەپیوە و دەسەڵاتداران بۆ چارەسەری ئەو دۆخە دۆشداماون و نازانن چۆن لێیدەرباز بن، لەلایەکی دیکەش ڕۆژ نییە خەڵکی نارازی و وەزاڵەهاتوو لەو دۆزەخەی کۆماری ئیسلامی پێکی هێناوە نەیەنە سەر شەقامەکان و ناڕەزایەتیی خۆیان دەرنەبڕن. ناڕەزایەتیی مامۆستایانی قوتابخانەکان و خانەنشینکراوەکان کە لە زۆربەی شارەکان بەڕێوە دەچن، تەنگی بە ڕێژیم هەڵچنیوە و سەڕەرای دەسبەسەرکردنی ژمارەیەکی زۆر لە مامۆستانان ئەو ناڕەزایەتییانە بەردەوامە و کۆماری ئیسلامی لە ئاست دەنگی مافخوازانەی مامۆستایان دەستەوەستان ماوەتەوە. هەروەها ناڕەزایەتیی کرێکاران و زۆر لە چین و توێژەکانی بێدەرەتانی کۆمەڵگە، بەردەوامە و خەڵکی ناڕازی داوای مافەکانی خۆیان دەکەن.

کۆماری ئیسلامی لە دوو بەرەی سەرەکی، واتە لە نێوخۆ، لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵکی ئێران و لە دەرەوە لەگەڵ ئەمریکا و بەگشتی جیهانی دەوەرە بەرەوڕوویە و بۆ مانەوەی خۆی لەدەسەڵاتدا دەبی خۆی یەکلایی بکاتەوە؛ یان دەبێ وەک ڕابردوو لە ئاستی جیهان و ناوچەدا لە سیاسەتەکانی خۆی بەردەوام بێ و دژایەتیی ئاشتی و ئارامی لە ناوچە بکاتەوە، یان دەبێ بۆ ویست و داخوازییەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانە جیهانی و ناوچەییەکان مل ڕاکێشی و واز لە سەرکێشییەکانی خۆی بێنێ؛ لە نێوخۆی وڵاتیش بەلەبەرچاوگرتنی ئاستی قەیرانە هەمە لایەنەکان و بەرزبوونەوەی ناڕەزایەتیی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران ئەو ڕێژیمە ناچارە یان ملکەچی ویست و داخوازییەکانی خەڵکی وەزاڵەهاتووبێ، کە بەدڵنیاییەوە ویستی خەڵکی بەرەو ڕادیکاڵتربوون دەچێ و دەچێتە خانەی ڕێفراندۆم و ڕووخانی کۆماری ئیسلامی، یان درێژە بە سیاسەتی سەرکوت و گرتن و کوشتن بدا کە ئەوەش ناتوانێ زۆر درێژەی هەبێ؛ هەر بۆیەش داهاتووی ئەو ڕێژیمە نگریسە دیارە و ئاخوندەکان ناتوانن بۆ ماوەیەکی زۆر درێژە بە دەسەڵاتی دژی گەلی خۆیان بدەن.

## سۆران عەلیپوور:

# کۆماری کوردستان پێناسەیەکی نوێی لە شوناسی کوردی کرد

**دیمانە: کاروان مێراوی**

**[کۆماری کوردستان کە لە بەستێنێکی ئاڵۆز و لە بارودۆخێکی هەستیاری ڕۆژهەڵات نێوەڕاست و جیهاندا دامەزرا و ئەگەرچی کیانێکی ساوا و کەمتەمەن بوو، بەڵام لە مێژووی گەلی کورد و تەنانەت ناوچەکەشدا بە خاڵێکی وەرچەرخان ئەژمار دەکرێ و هەنووکەش لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا بووەتە سەرباشقەی بزووتنەوەی نەتەوەیی گەلی کورد و وانەکانی کۆمار بووەتە ڕەمزی خەبات و هاوکات پاڵنەرێکە بۆ دامەزراندنەوەی کۆماری کوردستان.**

**بەبۆنەی یادی ٧٦ ساڵەی دامەزراندنی کۆماری دێموکراتیکی کوردستان، ڕۆژنامەی "کوردستان" کۆمەڵێک پرس ورووژاندووە و لەم پێوەندییەدا دیمانەیەکی لەگەڵ سۆران عەلیپوور، نووسەر و کارناسی مێژوو و مامۆستای قوتابخانە، هەروەها سکرتێری پێشووی یەکیەتیی لاوان و سەرنووسەری پێشووی گۆڤاری لاوان، نیشتەجێی ولاتی سوێد پێک هێناوە.]**




**کاک سۆران با باسەکەمان بەو پرسیارە دەست پێ بکەین؛ سەڕەڕای ئەوەی کە پێش لە کۆماری کوردستان، گەلی کورد شۆڕشگەلێکی جیاوازتر و تەنانەت کۆماری ئاگریی هەبوو، بۆچی دامەزراندنی کۆماری کوردستان بە خاڵی وەرچەرخانی مێژووی کورد دادەنرێ؟**


سۆران عەلیپوور

بۆ تێگەیشتن لە کۆماری کوردستان دەبێ چاوێک بەسەر ئەو ڕووداوو وێستگە مێژووییانەدا بخشێنینەوە کە بەر لە کۆمار جێپەنجەی خۆیان لەسەر نەخشەی مێژووی ئەو نەتەوەیە بەجێ هێشتووە. لە دەورانی کۆماری کوردستاندا بۆ یەکەمجار چینی مامناوەندیی شارنشینی خوێندەوار، لەگەڵ ئەوەدا کەمینە و لاواز بوو، ڕەوڕەوەی ڕووداوەکان دەگرنە دەست. ئێمە دەزانین دوای هەڵوەشانەوەی میرنشینە کوردییەکان، بۆشایییەک کەوتە نێو کۆمەڵگەی کوردییەوە کە دواجار ئەو بۆشاییە لەلایەن شێخ و بنەماڵە ئایینییەکان و پاشانیش نەوەی میرە کوردییەکان و خاوەن مولکەکان کە لە تاراوگە دەژیان پڕ کرایەوە. ئەو هاوکێشەی هێزە لە کۆمەڵەی ژێکافەوە بەرەبەرە گۆڕانکاریی بەسەردا هات و چی دیکە بنەماڵەی شێخ و دەرەبەگە خاوەن موڵکەکان تاکە ئەکتەری شانۆی سیاسیی کوردستان نەبوون، ئەگەر سەرنج بدەینە کەسایەتییەکانی دامەزرێنەری ژ ـ کاف دەبینین کە ئەوان سەر بە چینی شارنشینی وردەبورژوا بوون. لە کۆماردا لەپاڵ هێزی چەکداری عەشایردا، ئەرتەشێکی قەوارە مۆدێرنیش دانرا، لەلایەکی دیکەوە بۆ یەکەمجار لە مێژووی کورددا لە ڕێگەی دامەزراوە و دەزگا و ناوەندی دێموکراتیک و مەدەنییەوە ویستی ناسیۆنالیستیی کوردان بەرجەستە کرا، لە بڵاوکراوە و وێژمانی سیاسیی کۆماردا هەست بە وشیارییەکی سیاسیی هاوبەش سەبارەت بە بوونی هاوبەشیی نەتەوەیی و مێژوویەکی هاوبەش و چارەنوسێکی هاوبەش دەکرا. ئەو وێژمانە هەرچەند وێژمانێکی یەکگرتووی ڕوون نەبوو، بەڵام هەم لە وێژمانی سیاسیی سەرانی کۆماری کوردستان و هەم لە دروشمی ستراتیژیکیی حیزبی دێموکراتدا مافی چارەی خۆنووسین بەڕوونی هەستی پێ دەکرێ. تێکەڵییەک لە ویستی ڕۆمانتیکی سەربەخۆیی لەگەڵ سیاسەتی ڕۆژ و ڕیئالیستی ئۆتۆنۆمیخوازیدا، کۆماری کردبوو بە خاڵیکی وەرچەرخان، ئەوە بێجگە لە گرینگیدانێکی کەموێنە بە پرسی ناسنامە و زمان.

سەرانی کۆمار ئامادەبوون دەغڵودانی ساڵێکی کۆمار بە سۆڤییەت پێشفرۆش بکەن بۆ ئەوەی بتوانن چاپخانە دابنێن. بۆ یەکەمجار دامەزراوە ئیدارییەکان و ڕێکخراوە مەدەنییەکان هاوکات لەگەڵ پرۆگرامێکی سیاسیی هاوچەرخ بۆ ماوەیەکی کورتخایەن وێنەیەکی مۆدێرن و تۆکمەیان لە ناسیۆنالیزمی کوردی بەدەستەوە دا. خاڵێکی دیکە ئەوەیە کە هاوپێوەندی و یەکگرتوویەک کە لەنێو کوردەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستانیش لە ئاست کۆماردا هەبوو، دیاردەیەکی کەموێنە بوو لە مێژووی کورداندا، بەشداریی بارزانییەکان و ئەفسەرە سەربازییەکانی گەرمێن لە کۆماری کوردستاندا لوتکەی هاوپێوەندیی نەتەوەییدا بوو. هەر لەبەر ئەم هۆیانە و زۆر هۆی دیکە کۆماری کوردستان بە خاڵی وەرچەرخانی مێژووی کورد دادەنرێ.

**پرسی بووژانەوە و گەشەکردنی زمان لە کۆماری کوردستاندا چەندە گرینگی پێ دراوە و تاکوو چەند هەنگاوی بۆ هەڵگیراوە؟**

ئەو پرسیارە کە بۆ زمان و ناسنامە لە کۆماری کوردستاندا بایەخی پێ دەدرا و پێداگریی لەسەر دەکرا، کاتێک وەڵام دەدرێتەوە کە سەرنج بدەینە دۆخی سیاسیی ئێران و پرۆسەی بەناو مۆدێرنکردنی کۆمەڵگەی ئێرانی لەلایەن ڕەزاشاوە. ڕەزاشا لە ڕێگەی بەهێزکردنی دەسەڵاتی ناوەند و لە ڕێگەی سانترالیزمی سیاسی و ئیدارییەوە لە هەوڵی دروستکردنی شوناسێکدا بوو بۆ خەڵکی ئێران، ئەو شوناسە داتاشراوە لەسەر بنەمای سڕینەوە و پەراوێزخستن و شێواندنی کولتوور و مێژووی نەتەوەکانی دیکە داڕێژرابوو، لەڕاستیدا پرۆسەیەکی ئاڵۆزی ئاسمیلەکردن بوو کە لە لە خوێندنگەکانەوە تاکوو پادگانەکانی ئەرتەش پیادە دەکرا. زمانی فارسی وەکوو زمانی فەرمی دیاری کرا و هەرچی لەگەڵ پێناسەی ڕەزاشا بۆ ئەو شوناسە نوێیە ئێرانییە دەگونجا بە مۆدێرن و پێشکەوتوو و شارستانی ئەژمار دەکرا و ئەوی دیکەش کە کولتوور و ناسنامەی نەتەوەکانی دیکە بوو بە دواکەوتوویی و عەشیرەییی بێکەڵک لەقەڵەم درا. کۆنسێپتی دەوڵەت ـ نەتەوەی پەهلەوی هەر زوو لە کوردستاندا کاردانەوەی لێ کەوتەوە، بۆ نموونە ڕاپەڕینی مەحموود خانی کانیسانان و ڕاپەڕینەکەی مەلا خەلیل، ئەو جووڵانەوانە لەگەڵ ئەوەدا بەرنامەی سیاسیی دیاریکراویان نەبوو، بەڵام دژکردەوەیەک بوون بەرانبەر بە سیاسەتی یەکدەستکردن و حاشاکردن لە ناسنامەی کوردەکان.

سەرانی ژ ـ کاف و پاشان سەرانی حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستانیش بەتەواوەتی هەستیان بە مەترسییەکانی کۆنسێپتی دەوڵەت ـ نەتەوەی پەهلەوی کردبوو، هەم لە بڵاوکراوەی "نیشتمان" و هەم لە ژمارەکانی ڕۆژنامەی "کوردستان"یشدا ئەو گرینگیدانە بە شوناسی هاوبەش و چارەنووسی هاوبەشی کورد بەتەواوەتی ڕەنگی داوەتەوە. دووهەم داواکاریی حیزبی دێموکراتیش لە بەیاننامەی دامەزراندنیدا پرسی مافی خوێندن بە زمانی دایک و بەکارهێنانی زمانی کوردییە لە بەڕێوەبەرایەتی و ئیدارەکاندا، لە کاتێکدا خاڵی یەکەم باسی لە شێوەی مافی چارەی خۆنووسین لە سیتەمێکی ئۆتۆنۆمیدا دەکرد. لەو ماوە کورتەدا زمانی کوردی کرایە زمانی فەرمی و بێجگە لە ڕۆژنامەی "کوردستان" کە زمانحاڵی حیزبی دێموکراتیش بوو، کۆمەڵێک بڵاڤۆک و گۆڤاری دیکەش وەکوو "هاواری کورد"، "هاواری نیشتمان"، "هەڵاڵە" و "گروگاڵی منداڵی کورد" بڵاو کرانەوە.

**زۆر جار دەوترێ کە یەکیەتیی سۆڤییەت کۆماری کودستانی دامەزراندووە و ئەگەر خەیانەتی لە کۆمار و ئەو بەڵێنەی کە بە پێشەوا درابوو نەکردایە، کۆماری کوردستان نەدەڕووخا، ئەمە تاکوو چەند ڕاستە؟**

هەر ڕووداوێکی مێژوویی لە بەستێنێکی دیاریکراودا لەدایک دەبێ و کاریگەریی شوێن و کاتی لەسەرە، یەکیەتیی سۆڤییەت لەو ڕووداوانەی کە لە ئازەربایجان و کوردستاندا ڕوویان دا بێ ڕۆڵ نەبوو، هاوکات تاکە هۆکاریش نەبووە لە دامەزراندنی کۆماری کوردستاندا، ئەو گۆڕانکارییانەی کە لەگەڵ دەستپێکردنی شەڕی جیهانیی دووهەم هاتنە ئاراوە، ویستی نێوخۆییی کوردەکان و بێزاری لە کۆنسێپتی دەوڵەت ـ نەتەوەی پەهلەوی و بۆشاییەکی دەسەڵات کە لەو ناوچەیەدا دروست ببوون، هۆکاری سەرەکیی دامەزراندنی کۆماری کوردستانن. ئەو ڕوانگەیەی کە دامەزرانی کۆماری کوردستان و تەنانەت دامەزرانی حیزبی دێموکراتیش دەبەستێتەوە بە ویستی یەکیەتیی سۆڤییەت، لەنێو کۆڕی پانئێرانیزم و نووسەرانی جیرەخۆردا زۆر باوە، ئەوان دەیانهەوێ بە هەموو شێوەیەک داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان بە تیئۆریی دەستی دەرەکی ڕاڤە بکەن و بەو شێوەیە لە هۆکارە نێوخۆیییەکان خۆ ببوێرن. لەو دانوستان و وتووێژانەدا کە لەنێوان نوێنەرانی کورد و باقرۆڤ، سکرتێری حیزبی کۆمۆنیستی ئازەربایجاندا ئەنجام دران باس لە دامەزراندنی کۆمارێکی کوردی نەکراوە، ئەوان دەیانویست کوردستانیش بکەوێتە سەر ئازەربایجان و ڕاستیی دابەشبوونی ئیداری لە ئێراندا قەبووڵ بکەن، لەو بەڵێنانەشدا کە لەو دوو دیدارەدا بە کوردەکانیان دابوو، زۆربەی هەرە زۆریان جێبەجێ نەکرد. بەڵام نابێت لەبیریشمان بچێ کە لەو سەردەمەدا مۆدێلی سۆڤییەتی نموونەیەکی بەرچاو و باڵای سیاسەت و ئیدارەکردن و بەڕێوەبردن بوو لەلای سەرانی کۆماری کوردستان و کاریگەریی ئەو ڕوانگەیە بە لێدواندەرانی سیاسیی کۆمارەوە دیارە. بەڵێن و وادەکانی سۆڤییەت وای کرد کە ڕووداوەکان زووتر لەوەی چاوەڕوان دەکرا بڕۆنە پێشەوە، بەڵام دەبێ لە بەستێنە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکاندا بە دوای هۆکارەکانی ڕووخانی کۆماری کوردستاندا بگەڕێین، نەک تەنیا لە پەیوەندیی لەگەڵ یەکیەتیی سۆڤییەتدا.

**لەسەر کۆماری کوردستان دوو بۆچوون لە ئارادایە، بۆچوونێک دەوترێ کۆماری کوردستان دەوڵەتێکی سەربەخۆ بووە و بۆچوونێکیش دەوترێ دەوڵەتێکی خودمۆختار بووە، ئێوە پێتان وایە دەوڵەتی کۆماری کوردستان چ جۆرە کیانیک بووە؟**

ئەگەر سەیری نووسراوە فەرمییەکانی حیزبی دێموکرات کە دامەزرێنەری کۆماری کوردستانیشە بکەین، لەوێدا باس لە مافی چارەی خۆنووسین لە فۆرمی ئیدارەیەکی ئۆتۆنۆمیدا کراوە، ئەوەی کە کوردەکان خۆیان کاروباری خۆیان بەڕێوە ببەن و زمانی کوردی زمانی فەرمی بێ و کۆمەڵێک خاڵی دیکەش کە بە تەواوەتی ئاماژە بە مانەوە لە چوارچێوەی ئێراندا دەکا و بە ڕوونییش ئەو هۆشیارییە سیاسییە لە ئاست مێژوو و چارەنووسی هاوبەشی گەلی کورددا هەست پێ دەکرێت، بەڵام ئەو بۆشاییی دەسەڵاتەی کە لە کوردستاندا هەبوو وای کرد کە کۆماری کوردستان لە کردەوەدا وەکوو دەوڵەتێکی سەربەخۆ هەڵسوکەوتی دەکرد، کۆماری کوردستان ئەرتەش و ئاڵا و سروودی نەتەوەییی خۆی هەبوو، مامەڵە ئابوورییەکانی ڕاستەوخۆ لەگەڵ سۆڤییەتدا ئەنجام دەدا. هەر وەکوو پێشتریش ئاماژەم پێ دا لە وێژمانی سیاسیی ئەو کاتدا هێنانەبەرباسی پرسی سەربەخۆیی کارێکی ئاسایی بووە و هەر لەوسەردەمەشدا پێناسەیەکی نوێ لە شوناسی کوردی کرا و ئەو پێناسە نوێیە شوناسی کوردیی جیا کردەوە لەو شوناسە ئێرانییەی کە ڕەزاشا تەمەن و وزەیەکی زۆری بۆی تەرخان کردبوو. ئەو تێگەیشتنە لە شوناسی کوردی ئاستی ڕەگەزە ئێتنیکییەکان دەبەزێنێ و کوردبوون لە چوارچێوەیەکی بەربڵاوتری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئیداریدا پێناسە دەکا، پێم وایە ویستی ئۆتۆنۆمیخوازیی کۆماری کوردستان لەو سەردەمەدا کاریگەریی باشی لەسەر دیاریکردن و پێناسەکردنی شوناسی کوردی هەبووە لە ئاست شوناسی بە زۆر داتاشراوی ئێرانیدا.

**ئەزموونەکانی کۆماری کوردستان تاکوو چەند بوونەتە سەرباشقە بۆ گەلی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا؟**

کۆماری کوردستان بەو تەمەنە کورتەی خۆیەوە بایەخێکی سیمبۆلیی مێژوویی و سیاسی هەیە. بۆ یەکەمجار دامەزراندنی دەوڵەتێک بە ئاڵا و سروودی نەتەوەیی و سوپایەکی سەربەخۆ ڕووداوێکی دەگمەنە، کۆماری کوردستان بەرهەمی پێگەیشتوویی وشیاریی سیاسی بوو، بەرهەمی پێگەیشتنی هەستی نەتەوەیی و شوناسی کوردی بوو، هەربۆیەش بۆ یەکەمجار سەرکردە و دامەزرێنەری کۆماری کوردستان سەرۆک عەشیرەت، شێخ یان ئاغایەکی خاوەن مولک نەبوو، چینی خاوەن موڵکەکان هەر لە سەرەتاوە هەستیان بە مەترسییەکانی ئەو دیسکۆرسە سیاسییە مۆدێرنە کرد، لەگەڵ ئەوەدا سەرەتا کەم و زۆر پشتیوانییان لە کۆمار کرد بەڵام پەیوەندیی خۆیان لەگەڵ ناوەند نەپچڕاند و لە دواییدا پشتیان لە کۆماری کوردستان کرد.

کۆمار لە ڕووبەڕووبوونەوە و بێ بنەما پێشاندانی کۆنسێپتی دەوڵەت ـ نەتەوەی پەهلەویدا ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەی گێڕا، ئەو دەوڵەتە بەناو مۆدێرنەی کە ڕەزاشا دەیویست بە ئاگر و ئاسن بنیادی بنێ، لە ئاست دیسکۆرسی ناسیۆنالیستی و وشیاریی سیاسیی سەرانی کۆماری کوردستاندا دەستەوەستان بوو.

گواستنەوەی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی لە دژکردەوەی چەکداریی عەشیرەیی و لۆکاڵییەوە بۆ دیسکۆرسێکی گشتگیریی نەتەوەیی لە چوارچێوەی دامەزراوەی دێموکراتیکی مەدەنیدا هەم خاڵی وەرچەرخانە و هەمیش دەسکەوتێکی سیمبۆلیکی مێژوویییە، لە کۆماردا هاودەنگی و هاوکاری و بەشداریی کۆڕوکۆمەڵە جیاوازەکانی کوردستان و کوردانی پارچەکانی دیکە ڕەنگوڕووی یۆتۆپیایەکی بەو کۆمارە بەخشیبوو کە تەنانەت ئەو بێگانانەی کە لەو سەردەمەشدا سەردانی کۆماری کوردستانیان کردووە سەریان لەو کەشوهەوا سیاسییە ئازاد و ئارامە سوڕ ماوە. دامەزراندنی یەکیەتیی ژنان و یەکیەتیی لاوان و بایەخدان بە ڕۆڵی ژنان لە کۆمەڵگەی ئەو کاتدا کردەوەیەکی ڕادیکاڵ و بوێرانە بوو.

**کاک سۆرانی بەڕێز، سپاس کە کاتتان بۆ ئەم دیمانەیە تەرخان کرد**

سپاس بۆ ئێوەش کە ئەم دەرفەتەتان ڕەخساند تاکوو لە یادی ٧٦ ساڵەی کۆماری دێموکراتیکی کوردستاندا باسێک لەسەر کۆمار بکەین.

# پێگەی جەماوەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان



مەنسوور مرووەتی

پێگەی جەماوەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان یەکێک لە سەرنجڕاکێشترین و لە هەمان کاتیشدا بەهێزترین فاکتەرەکانی ڕاگرتن وبەردەوامیی ئەم حیزبە لە گۆڕەپانی سیاسی و خەباتی سیاسیی کوردستانە، کە بەدرێژایی ٧٦ ساڵ لە خەباتی پڕ هەوراز و نشێوی حیزبی دێموکرات ئەو پێگەیە بەردەوام لە هەڵکشاندا بووە. بە جۆرێک کە هیچ زیادەڕۆیی نییە ئەگەر بگوترێ حیزبی دێموکراتی کوردستان نەک تەنیا لە ئاستی سیاسیدا کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر خەڵکی کوردستاندا هەیە بەڵکوو لەوەش بەولاوەتر حیزبی دێموکرات لەنێو خەڵکدا بووە بە فەرهەنگ. ئەم حیزبە کە بەجۆرێک بە دایکی هەموو حیزبەکانی کوردستان دەناسرێ و چارەنووسی خۆی وابووە لەو مێژووە دوورودرێژەیدا سەرکردایەتییەکەی کەمتر لە سێ ساڵ لە کوردستان و لە نێو خەڵکەکەی خۆیدا و بە تایبەت لە ناوەندی شارەکان بووە، کەچی هەروا خاوەنی پێگەیەکی بەهێزی سیاسی و کۆمەڵایەتییە.

لە دنیای ئەوڕۆدا سەرەکیترین خاڵ کە حیزبێک دەکاتە ڕێکخراوەیەکی شوێندانەر و یەکەمی کۆمەڵگەکەی خۆی، بە پلەی یەکەم ڕادەی نفووز و خۆشەویستیی ئەو حیزبەیە کە دەتوانێ پێگەیەکی بەهێزی جەماوەریی بۆ دەستەبەر بکا. ئەو پێگە جەماوەرییەش لە هەندێ بابەت و قۆناغدا خۆی دەنوێنێ و ڕاستیی ئەو بابەتە بۆ هەموان ڕوون دەکاتەوە. ئەو قۆناغ و بابەتانەش دەکرێ بەشداری لە هەڵبژاردنەکان بێ، یان وڵامدانەوە بە داواکارییەکانی ئەو دەستە حیزبانە لە جەماوەری خۆیان بۆ جێبەجێ کردن یان خۆبواردن لە کارێک بێ. جیاواز لەوانە دەکرێ پیوانەیەکی دیکەش لە بەرچاو بگیردرێ کە ئەویش بەشداریی خۆبەخشانەی خەڵکە لە کاروبار و چالاکییەکانی ئەو حیزبانەی کە بۆ ڕزگاریی گەل و نەتەوەکەیان لە ژێردەستی، لە قۆناغی خەباتی سیاسی و تەنانەت چەکداریدان. لە هەموو ئەو حاڵەتانەدا و بەو پێوەرانەی کە باس کرا دەکرێ بڵێین حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ژینگەی سیاسیی خۆیدا خاوەنی بەهێزترین پێگەی جەماوەریی خۆیەتی، کە لە درێژەی ئەم وتارەدا ئاماژە بە چەندین نموونە دەکەین.

حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک یەکەم حیزبی مودێڕنی کوردی و یەکەم حیزب کە توانی کیانێکی کوردی بەناوی کۆماری کوردستان دامەزرێنێ لە ڕاستیدا بناغەکەی لە سەر کۆمەڵەی ژێ کاف دامەزرا. کۆمەڵەی ژێ کاف لە کاتی شەڕی دووهەمی جیهانی و سێ ساڵ بەر لە گۆڕانی بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان دەستی بە تێکۆشان کرد، بەڵام لە بەر پاراستنی ئەندامەکان و دامەزرێنەرەکانی بەشێوەی نهێنی کاری خۆی دەکرد، بەڵام لە وەرگرتنی ئەندامدا پێگەی جەماوەریی ئەندامەکانی زۆر بەلاوە گرینگ بووە، ئەویش بەو مەنتقەوە کە کەسایەتیی بەهێزی کەسەکان دەتوانێ ڕادەی کارتێکەریی ڕێکخراوەکە لە نێو کۆمەڵگەدا زیاتر بکا، هەر بەو هۆیەوە بوو کە داوای هاوکاری و بوون بە ئەندامەتییان لە کەسێک کرد کە خۆشەویستترین و متمانەپێکراوترین کەسی ئەوکاتە لە ناوچەی موکریان، پێشەوا قازی محەممەد بوو کە لەو سەردەمەدا و لە کۆمەڵەی ژێکافدا بە "بینایی" دەناسرا. کەواتە هەر لە ژێکافەوە و دواتر لە دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە ئەم حیزبە پێگەی جەماوەریی بەلاوە لە گرینگترین فاکتەرەکان بووە و بۆ وەدەسهێنانی پێگەی جەماوەرییش هەموو هەوڵی خۆی داوە و لە چەندین قۆناغیشدا ڕادەی هێزی جەماوەریی خۆی تاقی کردووتەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەوکات لە چەندین بۆنەدا بە ئامادەبوونی جەماوەرێکی زۆر بەرەبەرە ئامادەکاریی بۆ دامەزرانی یەکەم دەوڵەتی کوردی دەکرد کە بۆ وێنە دەکرێ ئاماژە بە ڕۆژی داگرتنی ئاڵای ئێران لەسەر شارەوانیی ئەوکاتی مهاباد و هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لەو شوێنە بکەین، کە لەودا بە بەشداریی خەڵک ڕێوڕەسمێک بەڕێوە دەچێ و هەژاری شاعیریش ئەو شێعرەی تێدا دەخوێنێتەوە.

***"داری ئاڵاکەم وەکوو چقڵێکە بۆ چاوی عەدوو***

***هەر دڵێ خۆشی نەوێ ڕەببی وەبەر خنجەر کەوێ..."***

دواتر پاش چەند مانگ لەو ڕووداوە لە ٢ی ڕێبەنداندا لە ڕێوڕەسمێکی پڕشکۆدا نەک تەنیا بە ئامادەبوونی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڵکوو بە بەشداریی کوردان و بە تایبەتی نوێنەرانی بەشەکانی دیکەی کوردستان کۆماری کوردستان بە سەرۆکۆماریی پێشەوا قازی محەممەد ڕادەگەیەنرێ. لەو ماوە کەمەی تەمەنی کۆماری کوردستاندا کە ناکرێ ئامادەکارییەکانی کۆمەڵەی ژێکاف لە بەرچاو نەگیرێ، کۆمەڵێک کاری بەنرخ کران کە دەکرێ بگوترێ بوو بە بناغەیەکی پتەو بۆ خەباتی کورد لە هەموو بەشەکان و پاش ٧٥ ساڵ تا ئێستا بزووتنەوەی کوردستان هەر لە سەر ئەو ڕێبازە دەڕوا. ئەگەرچی پاش یازدە مانگ کوماری کوردستان نەما و ئەرتەشی شایەتی کوردستانی داگیر کردەوە، بەڵام بەشێوەیەکی مودێڕن هەوڵی نەتەوەسازی درا و تەنانەت بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ڕۆژانە و ڕێکخستنی کۆمەڵگە قانوون داڕێژرا.

لە هەموو ئەوانەی کە باس کرا ئەوەی پێوەندیی بەم باسەوە هەیە ئەوەیە کە ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات و لە سەری هەموویانەوە پێشەوا قازی محەممەد بەبێ پرس وڕا بە جەماوەر و لەبەرچاو گرتنی گرینگترین فاکتەر واتە خەڵک، دەستی بۆ نەبردوون، تەنانەت لە کاتی هاتنەوەی ئەرتەشی شا پێشەوا قازی محەممەد لە مزگەوتی "هەباس ئاغا"ی مهاباد خەڵک کۆ دەکاتەوە و ڕاوێژیان پێ دەکا کە لە بەرانبەر ئەرتەشدا چی بکەن. هەربۆیە پێشەوای مەزن بەڵێن بە خەڵک دەدا کە تاکۆتایی ئەم کارە لە گەڵیان دەمێنێتەوە و هەرواشی کرد و بە پێشکەشکردنی گیانی خۆی بەڵێنەکەی بردەسەر.



### میتینگی سەد هەزار کەسیی مهاباد

پاش ڕووخانی کۆماری کوردستان و هەورازونشێوی زۆر و پەرتەوازەیی و دەربەدەریی ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات ڕێژیمی حەمەڕەزاشا ڕووخا و سەرکردایەتیی ئەوکاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە عێراقەوە گەڕانەوە کوردستان و بە هاوکاریی تێکۆشەرانی نێوخۆ دەستیان کردەوە بە ڕێکخستنەوە و چالاککردنەوەی حیزب. یەکەم میتینگ لە یازدەی ڕەشەمەی ١٣٥٧دا بۆ ڕاگەیاندنی تێکۆشانی ئاشکرای حیزب لە شاری مهاباد بەڕێوە چوو کە لەودا زیاتر لە سەد هەزار کەس لە سەرانسەری کوردستانەوە بەشدار بوون کە بە متینگی سەد هەزار کەسیی مەهاباد بەناوبانگە. لەو میتینگەدا کە سکرتێری ئەوکاتی حیزب شەهید دوکتور قاسملوو لە وتارێکدا دەسپێکی تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند، هێزی جەماوەر جارێکی دیکە خۆی نیشان دایەوە و لە ڕاستیدا بۆ جارێکی تر حیزبی دێموکرات و هێزی جەماوەر دەستەملانی یەکتر بوونەوە. دواتر لە زۆربەی شارەکانی کوردستان چەندین کۆبوونەوەی گەورەی خەڵکی بەڕێوە چوون کە بوو بە هۆی ئەوەی کە لە ماوەیەکی کەمدا ڕێژەی ئەندامانی حیزب لە کوردستان بۆ دەیان هەزار کەس بەرز ببێتەوە.

### هەڵبژاردنەکان

ساڵی دواتر چەند هەڵبژاردنێک لە ئێران و کوردستان بەڕێوە چوون کە هەڵبژاردنی مەجلیسی خوبرەگان لە ١٢ی گەلاوێژ و هەڵبژاردنی مەجلیسی شۆرای ئیسلامی لە ٢٤ی ڕەشەممەدا دوو نموونەی باشن کە هێزی جەماوەر پاڵپشتێکی قایمی کاندیداکانی حیزبی دێموکرات بوو.

لە هەڵبژاردنی مەجلیسی خوبرەگاندا دوکتور قاسملوو وەکوو کاندیدای حیزبی دێموکرات لە پارێزگای ورمێ توانی بە وەدەستهێنانی ١٣٠ هەزار دەنگ و بردنەوەی سەتا هەشتای دەنگەکان وەکوو نەفەری یەکەم لەو پارێزگایە لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردرێ. ئەگەرچی دەسەڵاتی تازە و لە سەرووویانەوە خومەینی ڕێگەیان نەدا کە دوکتور قاسملوو وەکوو نوێنەری خەڵک و بە دەنگی خەڵک بچێتە تاران، بەڵام گرینگ ئەوە بوو کە تەنانەت تورکەکانی دانیشتووی ئەو پارێزگایەش بە ڕێژەیەکی زۆر دەنگیان بە دوکتور قاسملوو دابوو.

هەڵبژاردنی یەکەم مەجلیسی شوڕای ئیسلامی لە ٢٤ی ڕەشەمەی هەمان ساڵ واتە ١٣٥٨ بەڕێوە چوو، لەو هەڵبژاردنانەشدا لەو شارانەی کە بەربژێرەکانی حیزبی دێموکرات دەرفەتی خۆکاندیدا کردنیان هەبوو هەر هەموویان لە لایەن خەڵکی کوردستانەوە دەنگی یەکەمیان وەدەست هێنا. دەکرێ بۆ نموونە ئاماژە بە شارەکانی مهاباد، بۆکان، پیرانشار، سەردەشت، شنۆ، نەغەدە، سەقز، بانە بکەین کە کاندیداکان زیاتر لە هەموو شتێک لە بەر کاندیدابوونیان بەناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە بوو کە متمانە و دەنگی بەرچاوی خەڵکیان وەدەست هێنا. لە هەندێ شاری وەکوو سنە هەڵبژاردن خرایە دەوری دووهەم و لەو ماوەیەشدا حکوومەتی جومهووری ئیسلامی هەڵبژاردنەکانی هەڵوەشاندەوە و نوێنەرانی خەڵک واتە کاندیدا هەڵبژێردراوەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕێگەیان پێ نەدرا کە بچنە مەجلیسی شوڕای ئیسلامی. لێرەشدا وێڕای خۆبواردن لە هۆکارەکانی ئەو ڕووداوانە و ڕووداوەکانی دوای ئەوانە کە ئاکامەکەی پەلاماری هەمەلانەی ڕژیمی تازە بۆ سەر کوردستان بوو، ئەوەی کە مەبەستی ئەم وتارەیە پێگەی جەماوەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانە کە وەکوو نموونە لەو ساڵانەدا ئاماژەی پێ دەکرێ. هەڵبەت پێویستە ئاماژە بەو شوڕایانەش بکرێ کە حیزبی دێموکرات بە شێوەی هەڵبژاردن بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ڕۆژانەی خەڵک لە گوندەکان پێکی هێنابوو کە تا ساڵانی دواتریش هەر جێگەی باوەڕ و متمانەی خەڵکی گوندەکان بوون.

ئەم هەڵبژاردنانە نموونەیەکن لە متمانەی ئەوکاتی خەڵک بە حیزبی دێموکرات کە لە ڕوویەکی دیکەشەوە ئاماژەیەکی ڕوون و ڕاستەوخۆیە بە پێگەی جەماوەریی حیزبی دێموکرات لە نێو خەڵکی کوردستاندا. چونکە ساڵانی دواتر ئەگەرچی هیچکات کۆماری ئیسلامی ڕێگەی بە هەڵبژاردنێکی ئازاد نەدا و لەجیاتی پەنا بردن بۆ سندووقەکانی دەنگدان کۆماری ئیسلامی شەڕێکی هەمەلایەنە و وێرانکەری بە سەر کوردستاندا سەپاند بەڵام لە چەند نموونەیەکی دیکەدا دەرکەوت کە ڕێژیمی تاران ململانێی حیزبی دێموکراتی لە کوردستان پێ ناکرێ. هەر بۆ وێنە لە هەڵبژاردنی دەورەی شەشەمی سەرکۆماری لە ساڵی ١٣٧٢دا بە ئاماژەیەک خەڵک لە کوردستان دەنگیان بە هاشمی ڕەفسەنجانی نەدا کە تەنانەت ناوبراو لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا ئاماژەی بەو بابەتە کردوە. هەروەها لە هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریی ساڵی ٨٨دا حیزبی دێموکرات داوای لە خەڵکی کوردستان کرد کە دەنگ بە نوێنەرانی ڕیفۆرمخواز بدەن کە سەرەڕای ئاکامی هەڵبژاردنەکان، بەڵام خەڵک بەرەوپیلی ئەو داوایە چوو.

### پێگەی ڕێبەرانی شەهیدی حیزبی دێموکرات

نموونەیەکی دیکە لە نفووزی جەماوەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەنێو خەڵکدا پێگەی ڕێبەرانی شەهیدی ئەم حیزبە لە دوای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامییە. پێگەی ئەوان لەنێو خەڵکی کوردستان و لە سەر بزووتنەوەی کوردستان بە ڕاددەیەک بوو کە کۆماری ئیسلامی پەنای بۆ تیرۆر و لەنێوبردنی ئەوان برد. جیاواز لە ڕووداوی شەهیدبوونەکەیان ئەو کەشە پڕماتەمینەی کاتی تێرۆری دوکتور قاسملوو لە ٢٢ی پووشپەڕی ٦٨ و تێرۆری دوکتور سادق شەرەفکەندی لە ٢٦ی خەرمانانی ١٣٧١ بە دەستی کۆماری ئیسلامی چ ئەوکات و چ ئێستا بەئاشکرا بە ڕوخساری کۆمەڵگەی کوردستانەوە دیارە. سەرەڕای دۆخی توندی ئەمنیەتیی هەم ئەوکات و هەم ئێستاش پاش ٣١ ساڵ برینێکی سارێژ نەکراوە بە جەستەی خەڵکی کوردستانەوون کە دیسان دەرخەری پێگەی حیزبی دێموکرات و ڕێبەرە هەڵکەوتووەکانی لەنێو دڵی خەڵکی کوردستان‌دایە.

### شکستی کۆماری ئیسلامی لە هەوڵی چەند دەیەیی بۆ دابڕینی خەڵک لە حیزبی دێموکرات (١٧و ٢١ی خەرمانان وەک نموونە)

بەدرێژایی تەمەنی کۆماری ئیسلامی ئەم ڕێژیمە هەوڵی داوە خەڵک لە حیزبی دێموکرات داببڕێ تا بەڵکوو لەو ڕێگایەوە بتوانێ بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستان سەرکوت بکا. بۆ ئەو مەبەستەش جیاواز لە هێرشی بەربڵاو بۆ کوردستان و سەپاندنێکی شەڕێکی ناڕەوا، کۆماری ئیسلامی ئەوەندەی بۆی کرابێ بە هەموو شێوەیەک هەوڵی لەنێوبردن و تەریکخستنەوەی حیزبی دێموکراتی داوە. لە ناقانوونی ناساندنی حیزبی دێموکرات و ڕێگری لە چوونی نوێنەرانی هەڵبژێراوی خەڵکی کوردستان بۆ هەردوو مەجلیسی خوبرەگان و شوڕای ئیسلامییەوە بگرە تا دەگاتە گرتن و ئیعدامکردنی ئەندام و لایەنگرانی حیزب و پاشان هەڵگیرساندنی شەڕێکی قورس لەگەڵ خەڵک و هێزی پێشمەرگە و هەوڵ بۆ دەرپەڕاندنی سەرکردایەتیی حیزب بۆ دەرەوەی کوردستان، هەروەها تیرۆر و لەنێوبردنی ڕێبەران و کادر و پێشمەرگەی حیزب و لە سەرووی هەموانەوە تیرۆری هەر دوو سکرتێری حیزبی دێموکرات، دوکتور قاسملوو لە ڤیەن پێتەختی ئوتریش و دوکتور شەرەفکەندی لە بێرلینی ئاڵمان، نموونەیەکن لەو هەوڵانە.

جیاواز لە هەموو ئەوانە کۆماری ئیسلامیی ئێران بەردەوام لەم چل و یەک ساڵەدا و بە هەموو شێوەیەک ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ تەبلیغی ئەوەی کردوە کە حیزبی دێموکرات پێگەی لەنێو خەڵکدا نەماوە و ئەم حیزبەی بەردەوام بە حیزبێکی هەڵوەشاوە ناو بردوە. بەڵام ڕاستییەکان پێچەوانەی درۆ و ئیددیعا بێبنەماکانی کۆماری ئیسلامی بوون و ئەوان سەرەڕای ئەو هەموو زەبرە گەورانەی کە وەک پەیکەرەی حیزبی دێموکرات کەوت نەیانتوانی دابڕانێکی قەرەبووونەکراو لە بەینی خەڵکی کوردستان و حیزبی دێموکراتدا دروست بکەن.

حیزبی دێموکراتی کوردستان لەم دە دوازدە ساڵەی دواییدا قایمتر لە هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدا بووە کە ڕێکخستن بۆ خەباتێکی هەمەلایەنە و گشتگیرتر بکا و هاوتەریب لە گەڵ ئەو پتانسیەل و جموجووڵە مەدەنییانەی کە لە نێوخۆی وڵات هەیە درێژە بە خەباتی خۆیان بدەن. لەم قۆناغەدا سەرەڕای هەموو کێشە و گیروگرفتە نێوخۆییەکانی بزووتنەوەی کوردستان حیزبی دێموکرات توانی بەشێوەیەکی باش کەڵک لە هەموو ماتەوزەکانی کۆمەڵگەی کوردستان وەربگرێ و فشارێکی زیاتر بۆ ڕێژیمی تاران بێنێ.

کۆماری ئیسلامی کە ئەو هەموو ساڵە تێچوویەکی زۆری بۆ لەنێوبردنی حیزبی دێموکرات و سەرکوتی بزووتنەوەی کوردستان دابوو، دیسان دەستی دایە تیرۆر و تەقینەوە. کار گەیشتە ئەو جێگایەی کە سپای پاسدارانی ڕێژیم ڕۆژی ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧بە مووشەکی بالستیک هێرشی کردە سەر کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە قەڵای دێموکرات و بەپێچەوانەی تێرۆرەکانی پێشوویان، سپا هەر زوو بە دەرکردنی ڕاگەیاندراو ئەو هێرشەی گرتە ئەستۆ. سەرنجڕاکێشتر لەوە پاساوی پەلامارەکەیان بۆ سەر قەڵای دێموکرات بوو کە جگە لە شکستی کۆماری ئیسلامیی ئێران و دۆشداماوییان لە بەرانبەر سیاسەتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا هیچ خوێندنەوەیەکی دیکەی لێ نەدەکرا. سپای پاسداران لە دوو ڕاگەیاندراودا گوتی ئامانجی ئێمە لەو هێرشە لەبەینبردنی سەرکردایەتی و ناوەندی فکریی حیزبی دێموکراتی کوردستان بووە، چونکە ئەوانە ئاسایش و ئەمنییەتی کۆماری ئیسلامییان وەمەترسی خستوە."


لێرەدا پرسیاری سەرەکی ئەویە، ئەو کۆماری ئیسلامییەی کە چل ساڵە ئیدیعای نەمانی حیزبی دێموکرات و دابڕانی ئەوان لە خەڵک دەکا، ئەوە چۆنە کە بە پێشکەوتووترین چەک واتە مووشەکی بالستیک هێرش دەکاتە سەر سەرکردایەتی و ناوەندی فکرییەکەی بەو پاساوەی کە حیزبی دێموکراتی کوردستان ئاسایش و ئەمنییەتی ئەوانیان وەمەترسی خستوە.

چوار ڕۆژ دوای ئەو هێرشە دڕندانەیەی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر حیزبی دێموکرات کە لەڕاستیدا زەبرێکی جەستەیی قورس وە پەیکەری حیزب کەوت و شەش ئەندامی ڕێبەری و دە کەس لە باشترین فەرماندە و پێشمەرگەکانی حیزب تێیدا شەهید بوون، مانگرتنە گەورە و مێژووییەکەی خەڵکی کوردستان لە ٢١ی خەرمانان بەڕێوە چوو کە دەکرێ بە لوتکەی پشتیوانی و قووڵایی پێگەی جەماوەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نێو خەڵکی کوردستان ناوی لێ ببرێ. لە ٢١ی خەرماناندا سەرەڕای کەشوهەوای ئەمنیەتیی زاڵ بە سەر کوردستاندا خەڵک، بە نیشانەی نارەزایەتی بەو پلامارەی کۆماری ئیسلامی لە ماڵەکانیان نەهاتنەدەرەوە کە لە هەندێ شار و ناوچەدا ڕێژەی مانگرتنەکە گەیشتە نزیکەی سەد لەسەد.

ئەو چەند نموونەیە کە لەم وتارەدا باس کران تەنیا ئاماژەیەکی سەرەتایین بە ڕاددەی جێگە و پێگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ژینگەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی خۆی، کە هاوکات ئەو ئەرکەشی دەخاتە ئەستۆ کە دەبێ تا گەیشتن بە ئامانجەکانی گەلی کورد لە خەبات بەردەوام بێ. ڕەمزی مانەوەی حیزبی دێموکراتیش خەبات و تێکۆشانی بەردەوامی تێکۆشەرانی ئەم حیزبە و قووڵایی پێگەی جەماوەریی ئەم حیزبە لەنێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان‌دایە.

## هەفتەی شاخ و شۆڕش





برایم چووکەڵی

لاوەکانی نەتەوەی ئێمە لاپەڕەکانی مێژوویان بە خوێنی خۆیان نووسیوە و دەنگی ئازادیخوازانەی کوردیان بە دنیا گەیاندوە و نەیانهێشتوە بۆ ساتێک دەنگی خەباتی نەتەوەکەیان کپ و بێدەنگ بێ و بەردەوام بۆ ئازادی لە بەرەنگاری و گیانفیداییدا بوون.

مێژووی زارەکیی خەباتی نەتەوەکەمان بە دەیان و سەدان بیرەوەریی تاڵ و شیرینی لە ڕۆڵەکانی نیشتمان لە دڵی خۆیدا تۆمار کردوە کە نەوەکانی نوێ لەگەڵ هەڵکێشانی هەر ئاخ و حەسرەتێک، ئەزموونی پێویستیان لێ وەردەگرن و، دەبنە هۆی دڵگەرمی زیاتر بۆ بڕینی ڕێگای پڕ لە کەندولەندەکان بەرەو لوتکەی سەرکەوتن. بەڵام بێگومان تاڵترین بیرەوەری لە مێژووی خەباتی ئەو نەتەوە ماف لێ زەوت کراوە، بیرخەرەوەی ژیانی ڕۆڵەکانیەتی کە بۆ ڕزگاریی نیشتمان گیانیان پێشکەش بە بارەگای ئازادی کردوە. لەنێو دەیان خونچەی تازە پێگەیشتوو لە ناوچەی باکووری کوردستان یادێک لە شەهید "سەید خالید محەممەدی" دەکەینەوە.

شەهید سەید خالید محەممەدی لە ساڵی ١٣٤٠ی هەتاوی لە ئاوایی کۆزەرەشی ناوچەی سەڵماس لە بنەماڵەیەکی وەرزێر چاوی بە دنیای ڕوون کردەوە. هەتا پۆلی پێنجی سەرەتایی خوێندی و لەپێناو دابینکردنی بژیوی بنەماڵەکەیدا قۆڵی لە کاری وەرزێڕی هەڵماڵی.

سەید خالید کە بەهۆی دۆخی نالەباری ژیانی بنەماڵەی دەرگای قوتابخانەی لێ بەسترابوو، بۆ دابینکردنی ژیانی بنەماڵەکەی بەدرێژایی ڕۆژ کاری دەکرد. هەر بۆیە زۆر زوو هەستی بە چەوساندنەوە و ژێردەستی کرد و پڕ بە دڵ لەو ژیانە پڕ لە ژانە بێزار ببوو. ئەو لە ڕاپەڕینی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ دژی ڕێژیمی پاشایەتی بەشداریی چالاکانەی کرد و دوای ڕووخانی حکوومەتی پاشایەتی وەک هەموو خەڵکی ئێران چاوەڕوانی بەرهەمی شۆڕش بوو. بەڵام ئاواتی سەید خالید وەدی نەهات و ڕێژیمێکی دیکە بە ماهییەتی کۆنەپەرستانەتر بەسەر خەڵکی کوردستان و ئێراندا زاڵ بوو. هەربۆیە بە دامەزرانی بنکەکانی حیزبی لە ناوچەی باکووری کوردستان و دەوروبەری زۆر زوو پێوەندی بە تەشکیلاتی حیزبەوە گرت و بە شانازییەوە دەستی دایە چەک و بەرگی پیرۆز و پڕ لە شانازیی پێشمەرگایەتیی کردە بەر و لە هێزی "شەهید حاتم"دا سازمان درا.

سەید خالید زۆر هێدی و هێمن و پێشمەرگەیەکی بەنەزم و دیسیپلین بوو لەگەڵ بەنەزم بوونی ئازا و، نەترس بوو. بۆ هەموو مەئمووریيەتێک ئامادەیی هەبوو. ئەو ڕۆڵەیەکی ئازا و تێکۆشەر و شۆڕشگێڕێکی ڕاستەقینە و دڵسۆز بوو، و لە ماوەیەکی کورتدا خۆشەویستی هاوڕێیانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا. ئازایانە لە شەڕەکانی مەڵبەندی باکووری کوردستاندا بەشداری دەکرد و هەمیشە لە سەنگەری پێشەوەدا بوو. لە ماوەی پێشمەرگایەتییدا چەند جار بریندار بوو، هەموو جارێ پاش سارێژبوونەوەی برینەکەی، بە شانازییەوە دەگەڕاوە سەنگەری ئازادی و بە هۆگەرییەکی پترەوە ئەرکەکانی بەجێ دەگەیاند. تەنانەت بەهۆی برینداری دەستێکی کاری نەدەکرد. ئەوانە هێچی لە بیروباوەڕی سەید خالیدیان کەم نەدەکردەوە و زۆریش ئازایانە دژی داگیرکەران دەوەستاوە.

دڵسۆزی و فیداکاریی سەید خالید بوو بەهۆی ئەوەی کە بەرپرسایەتیی پێ بدرێ و بە تێکۆشانی بێوچانی و بە هەڵمەتی دوژمنشکێنی نیشانی دا، شیاوی ئەم پلە و بەرپرسایەتییە و لە کاری فەرماندەییدا ڕۆڵەیەکی کارلێهاتوو و ئازایە؛ بە چەشنێک کە قارەمانیەتی و نەترسیی ئەو لە ناوچەی شومالی کوردستان دەنگی دایەوە. ئەو هەمیشە دەیگوت: "من لە بەرامبەر ئەو گەلەدا هەست بە مەسئوولییەت دەکەم، مەگەر تەرمەکەم بکەوێتە دەستیان دەنا قەت بە خۆمیان خۆش ناکەم."

نەزم و دیسیپلین، وەرەی شۆڕشگێڕانە، خاکی و خەڵکی، ئیمان بە حیزب و خەباتی ڕەوای گەلەکەی لە تایبەتمەندییەکانی دیکەی سەید خالید بوون. ئەو بەردەوام بۆ پێکهێنانی یەکیەتیی فیکری و تەشکیلاتی لەنێو هاوسەنگەرانیدا هەوڵی دەدا. کوڕێکی مودیر، لێزان، قانع، لەسەرەخۆ قازانجی حیزب و شۆڕشی بۆ لە هەموو شتێک گرینگتر بوو، فیداکاری و هەڵسووڕانی بەرچاو بوو بەهۆی ئەوە کە وەک فەرماندەری لک و فەرماندەری عەمەلیاتی هێزی شەهید حاتم دیاری بکرێ. سەید خالید یاری بەوەفای زەحمەتکێشان بوو. هەروەها شەڕەکانی پردی قوتوور، سیاوان، هێشتراک، دێلەزی، گەلی سولێ، ناوشاری سەڵماس نموونەیەکن لە فیداکاری ئازایەتی و قارەمانێتیی ئەو تێکۆشەرەی دێموکرات.

فەرماندەی قارەمانی مەڵبەندی شومال بڕیاری دا، ڕۆژی ٢٠ی بەفرانباری ساڵی ١٣٦٢ بە یادی ٧ پێشمەرگە کە لەگوندی ستۆرە شەهید ببوون لەگەڵ هێزی سەرگورد عەباسی دەستەی کۆماندۆ، عەمەلیاتێکی هاوبەش لە ناوچەی شپیران بەڕێوە بەرن و بۆ ئەم مەبەستە شەوی ٢٠ی بەفرانبار هێرشیان کردە سەر ڕیزەکانی دوژمن و بە گرمەی ئارپیجی و قریشکەی بی کەی سی و چەکەکانی دیکەیان ئاوریان بەسەر دوژمندا باراند. بەجۆرێک کە دوژمن قەت چاوەڕوانیی ئەوەی نەدەکرد کە بەو سەرمایە هێرشیان بکرێتە سەر و پاش چەند سەعات شەڕی دەستەویەخە کە زەبرێکی گاریگەر لە دوژمن کەوت بە داخەوە لە شەڕگەی گوندی کالکیان سەید خالید محەممەدی کەوتە بەر گوللەی داگیرکەران و گیانی پاکی پێشکەش بە نەتەوەکەی کرد و کاروانی شەهیدانی بە تارای سوور ڕازاندەوە. ڕێگا و ڕێبازی پیرۆزی بۆ هاوسەنگەرانی وەفاداریان بەجێ هێشت.

تەرگەوەڕ لانی دڵی گەرناسە
گەڕی خوێنینی سەری جێی باسە

ئاسەوارێکی لە کۆن جێ مابێ
کورد دەبێ گیانی لەسەر دانابێ

دەزگر و دێری نیشانەی مانن
بەرزە شاکاری دەستی کوردانن

چل شەهید بەرزە وەکوو ئازی
سووری پۆشیوە لە ڕێی شانازی

شاخی دالانپەری گەڵ دڵسافە
ڕووی مەکۆی بیرەوەریی ژێکافە

# «گیرۆدەیی»
# نەخۆشییەکی درێژخایەن و جیهانی
## (بەشی دووهەم و کۆتایی)


د. کامران ئەمینئاوە

### پێناسەی گیرۆدەیی

گیرۆدەیی بە زمانێکی ساکار وەکو خووپێگرتوویی کەسێک بە ماددە یان ڕەفتار و ئاکارێکی تایبەتی پێناسە دەکرێ. گیرۆدە توانای کۆنترۆلی ئەم ڕەفتارەی نییە و، بە چەشنێکی خۆکار درێژەی پێدەدا. بۆ گیرۆدە بەکارهێنانی ئەم چەشنە ماددەیە بە بەراوەرد لەگەڵ ئەو شتانەی کاتێک بایخی بۆی بوون، گەلێک گرینگترە.

### قۆناخەکانی شکڵگرتنی گیرۆدەیی

لەوە دەچی بۆ گەیشتن بە قۆناخی گیرۆدەیی، پێویست بە تێپەڕبوونی چەند پلە وەکوو بەکارهێنانی جاروباری، کەلکوەرگرتنی ئاسایی ڕۆژانە و، بەکارهێنانی نابەجێ و ئازارهێنەری ماددەی هۆشبەر یا کەیفخۆشکەر بۆ سلامەتی بێ. بۆ وێنە ئەگەر بمانەوێ ئەلکۆڵ وەکوو نموونەیەک لەبەرچاو بگرین، لە حاڵەتی جاروباریدا، مرۆڤ لەکاتی شام خواردن یان ڕابواردن لەگەڵ دۆست و هاوڕێیانی؛ لە کاتی میوانی و تەعارف پێکراندا یەک یان دوو بتری ئابجۆ یاخود پەرداخێک شەراو دەخواتەوە. لەم حاڵەتدا ئەم کەسە گیرۆدەیی جەستەیی یان ڕووحیی بە ئەلکۆڵ نییە و، خۆی پێ کۆنترۆڵ دەکرێ.

لە کاتی بەکارهێنانی ئاسایی یان ڕۆژانەی ئەلکۆڵ، بەرە بەرە سازانی بیۆشیمیایی لە جەستەی بەکارهێنەر و بەرزبوونەوەی ئاستی خۆڕاگریی لەش بە ئەلکۆڵ پێکدێ، مرۆڤ تووشی ئازاری جەستەیی و ڕووحی دەبێ، سەرەڕای ئەوەش، توانای کۆنترۆلی خۆی هەیە.

لە کاتی کەلکوەرگرتنی نابەجێ و ئازارهێنەر، بەکارهێنەر بۆ ڕزگاربوون لە کاریگەریی گێرە و کێشەکانی ڕوحی و ڕۆژانەی ژیان، پەنا بۆ ئەلکۆڵ دەبا، لەباری ڕووحییەوە بەستراوەیەتی و، ڕێکیوپێکی لە کەلکوەرگرتنیدا نابیندرێ، بەڵام وێرای ئەوەش جارێ توانایی کۆنترۆلی خۆی لەدەست نەداوە. ئەم چەشنە بەکارهێنانەی مەشرووب تەندروستیی بەکارهێنەر دەخاتە مەترسییەکی جیددییەوە.

لە قۆناخی گیرۆدەییدا، بەکارهێنەر لەباری جەستەیی و ڕوحییەوە بەستراوەی ماددەکەیە، مەیلێکی زۆری بۆ بەکارهێنانی هەیە، لە دەسپێکردن، درێژەپێدان، ئەندازەی بەکارهێنان یان کۆتاییپێهێنانی، توانای کۆنترۆلی خۆی نییە. لەم کەسانەدا ڕادەی خۆڕاگری و سازانی جەستەیی بەم ماددەیە بەرز دەبێتەوە، بەکارهێنەر تووشی ئازار و ناڕەحەتی جەستەیی و ڕوحی واتە سەرهەڵدانی نیشانەکانی تەرکی گیرۆدەیی یان خوماری دەبێ (بۆ وێنە نیشانەکانی تەرکی ئەلکۆڵ بریتین لە: عارەقەکردن، لەرز، دڵەکوتە، بەرزبوونەوەی گوشاری خوێن، نائارامی، ترس و دڵەڕاوکێ، هەروەها پەرێشانی، سەرلەشێواویی و، لە حاڵەتی سەختدا بەرزبوونەوەی تینی لەش، وڕاوەکردن و بزڕکاوی). لەم حاڵەتەدا بۆ پێشگیریی لەم ئازارانە، گیرۆدە ناچار بە کەلکوەرگرتنی دووبارەی ئەم ماددەیە دەبێتەوە. بەکارهێنانی بەردەوام و درێژخایەنی ئەلکۆڵ دەبێتە هۆی تێکچوونی جیددی باری تەندروستی ڕوحی و جەستەیی گیرۆدە، خەمساردی لەهەمبەر سلامەتی و چارەنووسی خۆ و دەوروبەری، هەروەها زۆربەی ڕووداوەکانی نێو بنەماڵە و کۆمەڵگە و، پێشێلکردنی بەردەوامی یاسا کۆمەلایەتییەکان.

### هۆیەکانی گیرۆدەیی

بەکارهێنانی ئەلکۆڵ، دەوای ڕەوانگۆڕ و ماددە هۆشبەرەکان دەتوانێ بە هۆی جۆراوجۆر بێ، وەکوو: چێژوەرگرتن، گەیشتن بە هەستێکی باش و خۆش، گۆڕانی بارودۆخی ڕوحی و مڵومۆیی، هەروەها لە گەنجاندا گوشاری هاوتەمەنەکان. گیرۆدەیی حاڵەتێکی درێژخایەنە. لەوە دەچێ لەسەرەتادا بوارەکانی سەرێ، بە تایبەتیی فاکتەرەکانی هەستی، ئەنگیزە، وەبیرهاتنەوەی کاریگەریی باش و کەیفخۆشکەرەی ماددەی هۆشبەر و هتد ڕۆڵی لە پەرەسەندنی ئەم ڕەوتەدا بێ، بەڵام پێشچوون و درێژەی مەیلی بەکارهێنانی ئەم چەشنە ماددەیە تا ڕادەیەکی زۆر پێوەندیی بە بەستراوەیی، خووپێگرتوویی و سەرهەڵدانی نیشانەکانی وەلانانی ماددەی هۆشبەر هەیە.

گیرۆدە بۆ دووربوون لە دووپاتبوونەوەی نیشانەکانی تەرک و ئالۆزییەکانی، ناچار دەبێ پەنا بەم ماددەیە بباتەوە.

بە گشتیی سێ فاکتەر لە ڕەوتی شکڵگرتنی گیرۆدەیی بەشدارن:

١. ماددەی هۆشبەر
٢. تایبەتمەندیی کەس
٣. کاریگەری دەوروبەر

لەوە دەچێ لە کۆمەڵگەیەکدا کە ماددەی هۆشبەری تێدا نییە، هیچ کەسیش تووشی گیرۆدەیی نەبێ، بەڵام لە ژیانی ڕاستەقینەدا کۆمەڵێکی ئاوا پاک و خاوێن تەنیا لە خەیاڵدا دەبیندرێ و، ئەمڕۆ زۆربەی وڵاتانی جیهان بەچەشنێک کێشەیان لەگەڵ دیاردەی گیرۆدەیی و ئاڵۆزییە کۆمەڵایەتی و تەندروستییەکانی هەیە.

بەگشتی، کاریگەریی ماددە هۆشبەرەکان لەسەر ئینسان دەگەڕێتەوە سەر: وەزع و حاڵی مرۆڤ (وەزعییەتی ئێستا، ناسەقامگیریی ڕەوانی، جینس، هەبوونی بەستێنی ژنێتیکی)؛ ئاقاری دەوروبەر یان بارودۆخی ئێستای کەسەکە (وەکو وەزعی بنەماڵە، شوێنی کار، بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر بە تەنیایی یان کۆیی لە جێژن یان شوێنی کارکردندا، فەرهەنگی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر، بارودۆخی نزمی ئابووری و کۆمەڵایەتی، نەبوونی پشتیوانی و پشتگیری لە لایەن بنەماڵەوە، هەبوونی پێوەندیی لەگەڵ خەڵکی نالەبار، لادەر و تاوانکار، پێشینەی تاڵی دەستدرێژیی جەستەیی و ڕوحی بەتایبەتی لە سەردەمی منداڵیدا؛ چۆنیەتی و ڕادەی کاریگەریی ماددەکە (وروووژێنەر، سوکناییدەر و هێدیکەرەوە، گومانەوەر، هەروەها دەستڕاگەیشتنی هاسان بە ماددەی هۆشبەر، بڕ و خەستیی ماددەکە).

ئەوانەی تووشی ناڕەحەتیی ڕوحی وەکوو ترس و خەمۆکی یان تێکچوون و سەقامنەگرتوویی کەسایەتی بوون زۆرتر لە مەترسی گیرۆدەبووندان. هەروەها لە شوێن و کۆڕو کۆمەڵێکی پیشەیی وەکو فرووشگای ماکی خۆراکی، پیشەی ئازادی ناحرفەیی یان پیشەی میدیایی و هونەریی، ئەگەری تووشبوون بە ماددە هۆشبەرەکان بەرزتر لە پیشەکانی دیکەیە.

دەستڕاگەیشتنی ڕاحەت و هاسان بە ماددەی هۆشبەر، کاریگەریی ئەرێنیی ئەم ماددەیە وەکوو لەبەینبردنی ترس، کەمکردنەوەی دڵەڕاوکێ، ئێشبڕی، سوکناییدەربوون، هەروەها ئەندازە و توانای گیرۆدەکردنی ماددەکە(بۆ وێنە میزانی کاریگەریی هیرۆئین و نیکۆتین لە ڕەوتی گیرۆدەیی بەرزترە لە ئەلکۆڵ و کۆکائین) لەم ڕەوتەها نەخش دەگێڕن.

نەبوونی متمانەبەخۆیی، گرێی دەروونی، چێژبردن لە کارێکی قەدەغەکراو و مەترسیدار، بێتاقەتی و شێوەژیانێکی یەکجۆر و بێئاڵوگۆڕ، ڕەنگگری، سەرکوتکردن و ڕێپێنەدان بە فیکر، بیرەوەری، ئاوات، مەیل و ئەزمونە تاڵ و ناخۆشەکانی ڕابردوو بۆ نێو مێشک، تێکچونی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، هەوڵ بۆ جێپەسەند بوون لە نێو کۆڕ و کۆمەڵیش ڕۆڵیان لە ڕەوتی گیرۆدەبووندا هەیە.

ئەم فاکتەرانە و کاریگەریی ماددە هۆشبەرەکان و هتد دەبنە هۆی پێکهێنانی بەستێن و بارودۆخی پێویست بۆ گیرۆدەبوون. بۆ وێنە، کاتێک خواردنەوەی ئەلکۆڵ دەبێتە هۆی ئارام و هێدی بوونەوە، هەروەها لەبیرچوونەوەی ئێش و ئازاری جەستەیی و ڕوحی و، پێوەندی گرتن ڕاحەت و هاسان لەگەڵ خەڵکی دیکە، بەئاسانی دەربڕینی بیر، هەست و ویستەکان لەو کەسانەی تووشی سترێس و ناڕەحەتی ڕوحیین، ئەوکات بەکارهێنەری ئەلکۆڵ بەم ئاکامە دەگات ئەڵکۆڵ ئامرازێکی باش و، یاریدەدەرێکی گرینگ بۆ زاڵبوونی بەسەر کێشە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانیەتی.

مەترسیی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر و گیرۆدەبوون لەوانەی تووشی ناڕەحەتی و نەخۆشیی ڕەوانین، بە چەشنێکی بەرچاو بانتر لە کەسانی دیکەیە. لە نزیکەی سەتا ٣٠ی ئەوانەی نەخۆشیی ڕوحییان هەیە بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر دەبیندرێ، لەم ڕێژەیەدا، سەتا ٢٥یان گیرۆدەی ئەلکۆڵ، سەتا ٤٠یان گیرۆدەی نیکۆتین و سەتا ١٥یان گیرۆدەی ماددە ئەفیوونییەکانن.

لە نزیکەی سەتا ٥٠ گیرۆدەکان بەستێنی خەمۆکی و ترس دەبیندرێ.

سترێس یاخود گوشاری ڕەوانی هۆی بەرزکردنی ئەگەری گیرۆدەبوونن. هەر ئەم ڕاستییە، شیکەرەوەی هۆی دوورەپەرێزی کۆمەڵایەتی بەشێک لە تازەلاوان، سەرهەڵدانی سترێس و تێکچوونی باری ڕەوانی و، لە ئاکامدا بەرزبوونەوەی ئاستی مەترسی خووپێگرتن بە ماددەی هۆشبەر لە بەراوەرد لەگەڵ تەمەنەکانی دیکەدایە.

لەوە دەچێ فاکتەری ژنێتیک نەخشێکی گرینگ لە ڕەوتی گیرۆدەبووندا بگێڕێ. بە پێی لێکدانەوەکان لە سەتا ٤٠ هەتا ٦٠ی بێبەرگەیی گیرۆدەکان، دەگەڕێتەوە سەر کاریگەریی فاکتەرە ژنێتیکیەکان.

لەو لێکۆڵینەوانەی لەسەر گیانلەبەرەکان کراوە، ژێنێکی زۆر دیاریی کراون کە ڕۆڵیان لە ڕەوتی گیرۆدەبوندا هەیە، هەروەها توێژینەوەکانی نێو بنەماڵە، زڕمنداڵ و دووانەکان ئاماژە بە ڕۆڵی گرینگیی ژێنەکان لەم پێوەندییەدا دەکەن. بەپێی توێژینەوەکان، ڕادەی کاریگەریی باری ژنێتیکی لە گیرۆدەیی دووانەکان بە نیکۆتین ٣٣ هەتا ٧١٪، بۆ ئەلکۆڵ ٤٨ هەتا ٦٦٪ ، بۆ کۆکائین ٤٢ هەتا ٧٩٪ و بۆ کانابیس ٥١ هەتا ٥٩٪ ە.

بارودۆخ و ئاقاری دەوروبەریش هۆی دیکەی گیرۆدەبوونن. بۆ وێنە، لەو وڵاتانەی خواردنەوەی ئەلکۆڵ بەشێک لە پێوەندیی ڕۆژانەی ژیان پێکدەهێنێ، خواردنەوەی مەشروبی ئەلکۆڵی لە کۆبوونەوە و بۆنە جۆراوجۆرەکاندا شتێکی ئاساییە. لەوەدەچێ کەلکوەرگرتن لە کۆکائین لەنێو کۆڕ و کۆمەڵێکی تایبەتیدا وەکوو دیاردەیەکی لووکس و شیک لەبەرچاو دەگیرێ و منداڵ بە هۆی بەشداری لەگەڵ دایک و باوک لەم شوێنانەدا فێری ئەم چەشنە هەڵسوکەوتانە لە کاتی ڕابواردن، جێژن و کۆبوونەوەکان دەبێ.

بارودۆخ و چارەنووسی بنەماڵە، بە تایبەتیی ڕەفتار و ئاکاری ناشیاو، توندوتیژی دایک و باوک لەگەڵ یەک و لەگەڵ منداڵان، دەستدرێژیی جینسی لە لایەن ئەندامێکی بنەماڵە یان دۆست و نیزیکی ئەوان لە کاتی منداڵی، بوونی دیاردەی گیرۆدەیی لە بنەماڵە، هەروەها لەیەکجیابوونەوێ دایک و باوک ڕۆڵێکی نەرێنیی لە ڕەوتی گیرۆدەبوونی منداڵ و تازەلاوان لە داهاتووی ئەواندا دەگێڕێ لە ئاڵمان، لە سەتا ٥٠ی گیرۆدەکان ئەندامی بنەماڵەیەکن کە دایک و باوکیان تەڵاقیان وەرگرتووە یان جیا لەیەک دەژین. لە ئاڵمان ئەم بنەماڵانە سەتا ٣٠ی حەشیمەتی ئەو وڵاتە پێک دەهێنن.

دیاردەی پێوەبەستراویی(Codependency) واتە کاردانەوە و هەڵسوکەوتی ئەندامی بنەماڵە لەگەڵ گیرۆدە هۆیەکی دیکەی دەوام و درێژدانی ڕەوتی بە کارهێنانی ماددەی هۆشبەرە. خۆتێهەڵقوتاندنی ئەندامی بنەماڵە یاخود هاوژین و دۆستی گیرۆدە کاریگەرییەکی نەرێنیی لەم ڕەوتەدا هەیە. لەم ڕەوتەدا چوار قۆناخ جیا دەکرێتەوە: ١) پشتگیری ٢. کۆنترۆل ٣. سەرکۆنە و لۆمە کردن و ٤. قەبووڵ و سازان لەگەڵ گیرۆدەیی. لە تەواوی ئەم قۆناخانەدا کاردانەوەی بەکارهێنەر بە خۆتێهەڵقوتاندنی هاوبنەماڵە لە ڕێگای زۆرتر بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەرە، لەم خولە شەیتانییەدا، هەرچی گیرۆدە زۆرتر ماددەی هۆشبەر بەکار بێنێ، ئەندامی بنەماڵە زۆرتر خۆی تێدەگەیەنی، و هەرچی ئەم خۆتێهەڵقوتاندنە زۆرتر بێ، گیرۆدە ماددە هۆشبەرێکی زۆرتر بەکار دەهێنێ.

### میکانیزمی کار و کاریگەریی ماددە هۆشبەرەکان

بەگشتی و کورتی، جگەرە، ئەلکۆڵ و ماددە هۆشبەرەکان لە ڕێگای سیستمی دەمارییەوە دەبنە هۆی گۆڕانکاری لە ئاستی سیللول و وەرگرەکانی مێشک. کاریگەریی ماددە هۆشبەرەکان بهپێی

پێکهاتەی شیمیایی و کاریگەریی نۆیرۆبیۆلۆژیکیان لە ئاستی مولوکوولی و شوێنی لکاوی سیللولە دەمارییەکانە. بۆ وێنە، سیستمی لیمبیکی (Limbic System) مێشک بەرپرسی بەشی پاداشدانی مێشکە و پێوەندیی لەگەڵ بەشێکی زۆر لە هەستەکانی مرۆڤ هەیە و، تا ڕادەیەکی زۆر لە شکڵگرتنی بیرەوەریی و هەستەکاندا ڕۆڵ دەگێڕێ.

بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر دەبێتە هۆی چالاکبوونی لە ڕادەبەدەری ئەم بەشە و، مەسەلەی پاداش ڕۆڵێکی بەرچاو لە سەرهەڵدان و دەوامی گیرۆدەیی دەگێڕێ. ماددە هۆشبەرەکان لە ڕێگای بەرزکردنەوەی ڕێژەی دۆپامین، دەبنە هۆی چالاکبوونی سیستمی پاداشدان. دۆپامین بههۆی کاریگەریی لەسەر حافیزە(کۆیاد) و خولگەی کارکردنی مێشک دەبێتە هۆی دووپاتبوونی هەست و ئەزمونێکی خۆش و، لە ئاکامدا کەسەکە بۆ گەیشتنەوەی دووبارە بەم هەستە خۆشە هەوڵ دەدات ئەم ماددەیە زۆرتر بەکار بهێنێ. بەرزبوونی ئەم هەستە خۆشە و چێژوەرگرتن لەو، سەرخۆش و کێفخۆش بوون، هەروەها دابەزینی ئاستی ئێش و نارەحەتی و لەبیرچوونەوەی کاتیی کێشە بنەماڵەیی، کۆمەڵایەتییەکان و هتد دەبێتە هۆی بەکارهێنانی هەرچی زۆرتری ماددەکە و، بەرزبوونەوەی ئاستی خۆڕاگریی و سازان لەگەڵ ماددەی هۆشبەر. وەلانانی ماددەی هۆشبەر دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی ناڕەحەتی جەستەیی و ڕەوانی، هەرلەبەر ئەوەش گیرۆدە سەرلەنوێ پەنا بۆ ماددەکە دەباتەوە.

### دەرمان

گیرۆدەیی نەخۆشییەکی درێژخایەنە و پێویستی بە دەرمانکردن هەیە. ئامانجی سەرەکیی دەرمان بریتییە لە:

– پاراستنی ژیانی نەخۆش و، پێشگیری لە مردنی گیرۆدە بە هۆی بەکارهێنانی لەڕادەبەدەر و نەخۆشییەکانی پێوەندیدار بە ماددەی هۆشبەر.

– دابینکردنی سلامەتی و کەمکردنەوەی مەترسیی تووشبوون بە نەخۆشییەکانی درێژخایەنی عفوونی وەکو ئەیدز و هێپاتیتەکان (هەوکردنی جەرگ).

– دابەزاندنی ئاستی مەترسی و ئازاری پێوەندیدار بە ڕەفتار و ئاکاری ناکۆمەڵایەتی، ناتەندروست، نایاسایی، هەروەها تاوانکاری ئەم کەسانە لە کۆمەڵگەدا.

– دابەزاندنی پەیتاپەیتای ڕادەی بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان.

– درێژترکردنی مەودای بەکارنەهێنانی ماددەی هۆشبەر.

– پێتەرکدانی گیرۆدەیی، وازهێنانی یەکجاریی لەبەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر و پێشگیری کردن لە سەرهەڵدانەوەی گیرۆدەیی.

– دابینکردنی ژیانێکی ئاسایی لە بوارەکانی بنەماڵەیی، کارو پیشەیی، کۆمەڵایەتی و گەڕاندنەوەی گیرۆدەکان بۆ ژیانی ئاسایی و بەقازانجی نێو کۆمەڵ.

تەرکدانی گیرۆدەیی لە چوارچێوەی بەرنامەیەکی چەند قۆناخیدا وەدی دێ:

١- هەڵسەنگاندن، ٢- ژەهرسڕینەوە، ٣- لە عادەت خستن و ٤- سازکردنەوە (بووژاندنەوە)

بەپێی وەزعییەتی گیرۆدە، پێشچوون و بەڕێوەبردنی ئەم قۆناخانە لەباری زەمەنییەوە جیاوازن و، لەوە دەچێ تەنانەت هاوکات پێکەوە ئەنجام بدرێن.



لە قۆناخی یەکەمدا وێڕای دیاریکردن و هەڵسەنگاندنی وەزعییەتی سلامەتیی جەستەیی و ڕوحیی نەخۆش، هەروەها چۆنیەتی وەزعییەتی بنەماڵەیی و کۆمەڵایەتی، ئەنگیزە و دەرفەتەکانی دەرمانکردن لێک دەدرێتەوە. لەم قۆناخەدا بۆ سەقامگیری سلامەتی ئەوانەی گیرۆدەی نیکۆتین یاخود ماددە هۆشبەرەکانن لە دەواگەلی جێگیر وەکو مێتادۆن، لوومێتادۆن، بۆپرۆنۆرفین، کەپسوولەکانی مۆرفین بە کاریگەریی خاوەوە وەکوو سووبستیتۆل یان کۆمپێنسان؛ هەروەها هیرۆئینی بێگەرد بە ناوی دیامۆرفین (Diamor-phine) کەلک وەردەگیرێ. لە نێو ئەم دەوایانەدا، تەنیا دیامۆرفین بە چەشنی وشاندن لە ڕێگای خوێنبەرەکانەوە کەلکی لێ وەردەگیرێ. دیامۆرفین هیرۆئینێکی بێگەردە و ٥ هەتا ١٠ کەرەت بەهێزتر لە مۆرفینە. هیرۆئین‌دەرمانی لە ساڵی ١٩٩٦وە لە سویس، لە ساڵی ١٩٩٨ وە لە هۆلەند و لە ساڵی ٢٠٠٩ وە لە ئاڵمان بۆ ئەو کەسانەی گیرۆدەییەکی سەختیان هەیە و دەرمانکردن بە مێتادۆن و بۆپرۆنۆرفین کاریگەریی لەسەر ئەوان نییە، بە کار دەبردرێ. ئەم شێوە دەرمانییە پێویستیی بە ناوەندێکی تایبەتیی بە ئاستی باڵای ئەمنییەتی و ڕێکخراوەیی هەیە.

توێژینەوەکان پیشانیان داوە کەلکوەرگرتن لە دیامۆرفین، شێوەدەرمانێکی باشە بۆ:

– بۆ پێشگیریی لە تووشبوون و پەرەسەندنی نەخۆشیی ئەیدز، هێپاتیت و هتد لەنێو گیرۆدەکان،

– کۆنترۆلی باشتری ڕادەی بەکارهێنان و هەڵبژاردنی ماددەی هۆشبەر،

– کەمکردنەوەی ڕێژەی کەلکوەرگرتنی هاوکات لە چەند ماددەی هۆشبەر،

– سەقامگیریی ڕوحی،

– و دابەزینی ئاستی هەڵەکاریی و تاوانکاریی گیرۆدەکان لە کۆمەڵ.



بەراوەردێک لە ئاڵمان لەنێوان ئەو نەخۆشانەی کەلک لە مێتادۆن یاخود دیامۆرفین دەگرن، نیشانی داوە، جێگیردەرمانی بە دیامۆرفین بە تایبەتی لە ساڵی دووهەمی بەکارهێنانی کاریگەرییەکی بەرچاوی لە ڕەوتی بەرزبوونەوەی ئاستی سلامەتی جەستەیی و ڕوحی، خۆگونجانی گیرۆدەکان لە کۆمەڵ و، تەنانەت چوونە نێو بازاری کار، هەروەها بەکارنەهێنانی هاوکاتی چەند ماددەی هۆشبەر، دابەزینی ڕادەی خواردنەوەی ئەلکۆڵ و دەوا ڕەوانگۆڕەکان یان کەڵکوەرگرتن لە هیرۆئین لە بازاری ڕەش و مردن بەم هۆیەوە بووە.

ژارسڕینەوە بە گشتی لە بەشی ڕەوانپزیشکی، نەخۆشییەکانی هەناو یان دەماریی نەخۆشخانە ئەنجام دەدرێ. لەم قۆناخەدا ماددەی هۆشبەر بە یەکجاری وەلا دەندرێ و نیشانەکانی پێتەرکدان بە پێدانی دەوای شیاو و پێویست دەرمان دەکرێ. لەوە دەچێ لە حاڵەتی گیرۆدەیی سووک و ئاستی بەرزی خۆهاوئاهەنگکردن و سازانی کۆمەڵایەتیی نەخۆش، گیرۆدە بە چەشنێکی نیوە سەرپێی و خەواندن لە نەخۆشخانە دەرمان بکرێ.

بە گشتیی بۆ دەرمانی گیرۆدەکان پێویستی بە کارێکی کۆیی و گرووپی تەواولایەنەی پسپۆڕانی پزیشکی لە بواری نەخۆشیی هەناو، ڕەوانی، عفوونی و جینسی، هەروەها ئاریکاری کۆمەڵایەتی هەیە. هەوڵ و هەنگاوە دەرمانی و نادەرمانییەکان دەبێ هاوئاهەنگی لەگەڵ پێداویستیەکانی گیرۆدە هەبێ. لە عادەت خستن و سازکردنەوەی نەخۆش پاش تەواوبوونی دەورەی دەرمانکردن لە نەخۆشخانە، بۆ بەرزکردنەوەی توانایی نەخۆش بۆ دەستپێکردنی ژیانێکی نوێ و ئاسایی، لە ناوەندێکی هێزدەری ڕوو دەدات.

### پێشگیری لە گیرۆدەیی

بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر، ئەلکۆڵ و دەوای ڕەوانگۆڕ نەک تەنیا هۆی سەرهەڵدانی نەخۆشیی گیرۆدەیی، بەڵکوو هاوکات هۆیەکی بەرچاو و گرینک بۆ سەرهەڵدانی نەخۆشیی جیددی و مەترسیدار بۆ ژیان وەکوو نەخۆشیی دڵ و دەمارەکان، هەناسەیی، هەرسەکی، شێرپەنجە و عفوونی، هەروەها گێرەوکێشە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییە.

بەرنامە جۆراوجۆرەکانی پێشگیریی لە گیرۆدەیی لە پێناوی بە هێزکردنی فاکتەرە بەرگەرییەکان، دابەزین و تەرکدانی ماددەی هۆشبەر، هەروەها بەرگری لە سەرهەڵدان و پەرەسەندنی گیرۆدەیی لە کۆمەڵگەدایە. بەرنامەی پێشگیری بەپێی تەمەن، ئاستی پەرەسەندنی ئەم کێشەیە لە کۆمەڵگە، بە سێ چەشن دابەش دەبێ:

* **بەرنامەی گشتی** بۆ تەواوی منداڵانی قوتابخانە یاخود ئەندامانی کۆمەڵگە، بێ هەرچەشنە جیاوازییەک و جیاکردنەوەیەک.

* **بەرنامەی هەڵبژێردراویی** بۆ بەشێک لە منداڵان و تازەلاوان کە بەپێی هۆکارێکی تایبەتی زۆرتر لە مەترسی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەردان.

* **بەرنامەی کاربۆکراوی تایبەت** بۆ ئەو گەنجانەی ماددەی هۆشبەر بەکاردەهێنن.

بۆ پێشگیریی لە سەرهەڵدان و پەرەسەندنی گیرۆدەیی پێویستە لە تەواوی ئەو چار و هەنگاوانە کەلک وەربگیرێ کە دەبنە هۆی دابەزاندنی ئاستی بەکارهێنان و بڵاوبوونەوەی ماددەی زیاندار لە کۆمەڵ. کاری ڕووناکبیری لە نێو بنەماڵە، قوتابخانە و شوێنی کار و هتد ڕۆڵێکی بەرچاو و گرینگ لە بەربەرەکانی لەگەڵ دیادەی گیرۆدەیی دەگێڕێ. سازکردنی فیلمی فێرکاریی کورت و بەڵگەدار، نووسین و بڵاوکردنەوەی نامیلکەی فێرکاریی بە زمانێکی ساکار و بەکەلک، یارمەتی بەم ڕەوتە دەدەن.

دایک و باوک و هێزە پەروەردەییەکان (ڕاهێنەری باخچەی منداڵان، مامۆستای قوتابخانە و هتد) دەتوانن ڕۆڵێکی باش لە پێشچوونی ئەم ڕەوتە بگێڕن. شێوەکانی ڕاهێنان و هەڵسوکەوتی دایک و باوک، مامۆستا و گشت سیستمی ڕاهێنان و پەروەردەکردنی کۆمەڵ دەتوانی کاریگەریی ئەرێنی یاخود نەرێنی سەرەتایی لەسەر منداڵ هەبێ و داهاتووی ئەوان دیاریی بکات.

دانپێدانان بەو ڕاستییە کە منداڵ بوونەوەرێکی سەربەخۆیە و کەسایەتییەکی جیاوازی هەیە، دەتوانێ لە ڕەوتی پەروەردەکردن و ڕاهێنانی ئەرێنی ئەوان ڕۆڵێکی زۆر گرینگ بگێڕی و یاریدە بە بەرزکردنەوەی ئاستی متمانە بە خۆیی لە تەمەنی خوارەوە، بە هێزترکردنی توانایی جەستەیی و ڕووحیی بۆ ڕووبەڕووبوون لەگەڵ گێرەوکێشەکانی ژیان و پارێزکردن و دووری لە بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر بۆ چارەکردنی ناڕەحەتییەکان بدات.

قسەکردن لەگەڵ منداڵ، شیکردنەوەی دیاردەی گیرۆدەیی بە شێوەیەکی دروست و زانستی لە ماڵ و قوتابخانە، خۆپاراستن لە هەر چەشنە توندوتیژی و سەرکۆنەکردنی نابەجێ، یاریدە بە شکڵگرتنی کەسایەتییەکی قایم و بە هێز، بەرزکردنەوەی ئاستی متمانەبەخۆیی لە منداڵ دەدا و بەپێی ئەزمون، ئەم چەشنە هەڵسوکەوتکردنە بە قازانجی منداڵ، بنەماڵە و کۆمەڵگە تەواو دەبێ.

لە ئاستی کۆمەڵگەشدا، هەبوونی سیستمێکی سێکولار و دادپەوەر، دابەشکردنی دادگەرانەی سەروەت و سامان لەنێو خەڵک و بەرزکردنەوەی ئاستی خۆشبژیوی و ڕاحەتیی ژیان، دابینکردنی بارودۆخی پێویست بۆ دەرس خوێندن هەتا ئاستی زانستگا، یەکسانی ژن و پیاو لە تەواوی بوارەکانی ژیاندا، بەربەرەکانی لەگەڵ دیاردەی بێکاری، پێکهێنانی سیستمی باش و پێشکەوتووی تەندروستی، دابینکردنی بیمە بۆ هەموو کەس و، بە گشتی هەنگاوگەلی پێویست بۆ لەنێوبردنی نابەرابەریی کۆمەڵایەتی، ئابووری و کەمکردنەوەی کەلێنی چینایەتی و نەتەوەیی یاریدە بە لەبەین بردنی بارودۆخ و بەستێنی سەرهەڵدانی دیاردەی گیرۆدەیی دەدا.

دارسمە
دارسمە دەنووکی
لە سمین ناپارێزێ

# لێکدانەوەی "جاش"انی

با درووود و سەلام بێ ڕوحێ پۆرفوتووحێ بنیانگوزارێ جمهوریێ ئیسلامی و ئارەزوویێ توولی عومرێ ڕەهبەری موعەززەمێ ئێنقێلاب و ئارەزووی موفەقیتێ ڕەزمەندگانێ مودافعێ حەرەمێ مەعسوومین لە سووریە و هەمەی کشورهای هەمجەوار!

زمنێ عەرزکردنی ئەم عەرایزە لە خدمەت ئەساتیدی موحتەرەم و ڕەزمەندەگانی جان بەرکەف و ئیدامە دەهندگانێ وەفاداری ڕاهشان، دەمهەوێ باسێک لە تەزاهورتاها و ئێعتسابات ئەخیر بکەم. قبل ئەز هەرگونە ئێزهارێ نەزەرێک دەمهەوێ بە لەهجەی شیرینی کوردیی خۆمان عەرزی ئێوە بکەم کە ئەم ئێعتساباتەی چەند ڕۆژی قەبلیی موعەلیمان لە شەهرهای موتەفاوت دەستیان پێ کردووە، یەک زەڕە بە نیزامی والای جەمهوریێ ئیسلامی خەدشە وارد ناکەن. وەک دەڵێن نیزامێ موقەدەس بیدێک نییە با ئین بادها بلەرزەد.

ڕەهبەرانی بادرایەتی ئێمە لە بورهەهای موختەلفدا هەمیشە تەهدیدەکانیان بە فورسەتهای عالی تەبدیل کردوە و بە ئەخزی تەدابیری ئەساسیی خۆیان، کەشتیی ئینقلابی ئیسلامییان بە ساحلێ پیروزی هیدایەت کردوە. ئێعتسابی موعەلیمانیش لەم بورهە حەساسەدا کە ئۆممەتی هەمیشە دەر سەحنە تەحتێ تەئسیری محاسرەی گوناگوونی ئیستکباری جەهانی قەراری گرتوە، دەکرێ بە فورسەتێکی باش بۆ نیزام تەبدیل بێت. ئێمە چۆن توانیومان موحاسەرەی ئیقتسادیی ئەمریکا بە فورسەت تەبدیل بکەین، هەر ئاواش دەتوانین پووزەی یاوەسەرایانی تەرفداری ئێعتسابی موعلێمان بە خاک بماڵین.

ئەلئان دەرحالیکە مەملەکەت دوچاری وەزعییەتی ئانچانی بووە، موتەئەسیفانە موعەلیمان وا دەزانن بەراهـ‌ئەنداختەنی چونین ئێعتسابهایەک نیزام بە زانوو دەردەهێنێ. موسلیحانی نیزامی موقەدەسی ئیسلامی زۆر بەئاسانی لە پەسی چونین توتەئەهایەک دردێن.

دەبێ عەرزی حوزاری موحتەرەم بکەم مەسئولینی بادرایەت دەتوانن ئێعتسابەکان لە تەهدیدەوە بە فورسەت تەبدیل بکەن.

چنانکە موستەحزەرن، موتەئەفسانە در سالهای ئەخیر خوێندنی منداڵان لە مەدارس و حەتتا تەحسیلاتی عالیش یەک زەڕڕە نەبۆتە باعیسی پیشرەفتی ئینقلاب. بیلعەکس، ئەو منداڵانەی لە مەدارس و دانشگاه باش دەخوێنن، دەبنە باعسی لەتمە زەدەن بە ڕەوندی پێشرەفتی ئینقلاب. ئەوانەی دە ڕشتەهایی ئیجتماعی و سیاسی و شتی وا دەخوێنن، دەبنە موعاندی نیزام و ئەوانەی دە ڕشتهایێ عیلمیدا بە زاهیر موافەق دەبن، لەجیاتی خدمەت بە ئینقلاب و نیزام بەرەو کشورهای خاریج دەڕۆن و دەبنە خدمەتکاری ئەجانب. لێرە دەکرێ ئیشارەیەکی موختەسەر بە هەواپەیما ئۆکراینیەکە بکەین کە دوو ساڵ لەمەوبەر بە دەستی مودافعانی ئاسمانی موقدەسی کشورمان سەرنگون کرا. ئەکسەرییەتی سەرنشیانی کوژراوی هەواپەیماکە کەسانێک بوون کە مەدرەکی عالیی دانشگاهیان هەبوو و بە قەسدی چوون بۆ کشورهای بیگانە پەروازیان دەکرد. هەر ئەلئان ئەگەر ئامارێکی دەقیق لە ئیرانییانی کوچ کەردە لە مەراکیزی علمیی کیشورهای دیگر بگرین، بۆمان سابت دەبێ، مەدرەسە و دانشگاهای ئێمە ئەوەندەی خدمەتی ئەجانبیان کردوە، لەم چل ساڵەی دوای ئینقلاب بە یەک سوەمیش خدمەتی نیزام و جامعەی خۆمانیان نەکردوە. پەس ئەمە نەتیجەی خوێندن لە کیشوەری ئێمەیە. دەر چنین حاڵەتێ بێسەوادی بە نەفعی مەملەکەت و نیزام و حەتتا بەنەفعی جیبهەی مقاومەتیشە. چون ئەگەر مەردوم زۆر باسەواد بن، بەر سەفی داوتەڵەبانی دیفاع ئەز حەرەمەین و حەتتا سفووفی بەسیجیانیش خەدشە وارد دەبێت. واباشە ئاحادی میللەت بە جایێ بەدبەخت کردنی نەوجوانان و جەوانان لە بەردەستی موعەلمانی سەر بە ئەجانب ئەوان فێری تەزکیە و وەفاداری بە ڕاهی شوهەدا بکەن. دیارە عاقبەتی هەموومان در بازگەشت بە ڕاهێ شوهدادایە. عاقبەتی ئەمریکا و سەهیونیزمیش لە بەر چاوان دیارە و وەقتێک ڕزمەندەگانی ئێمە کاخی سفید بە حوسەینیە تەبدیل بکەن، ئەوانەی لە کشورهای خارج بوونەتە چوماقی دوشمنانی قسەم خوردەیێ ئینقلاب ڕاهی فەرارێکیان بۆ نامێنێتەوە.

لە نەتیجەگیریی کولیدا دەبێ عەرزی بەسیجیانێ جان بەرکەف و ئومەتی هەمیشە دەرسەحنە بکەم، ئێعتساباتی موعەلیمان نەتەنها زەربە لە نیزام نادا، بەلکە خدمەتیش دەکا. ئەگەر ئەم ئێعتساباتە ئێدامەیان هەبێت، بە عیللەتی تەعتیلیی مەدارس، ئەو دانش‌ئاموزانەی ئیحتماله باش بخوێنن و ببن بە سەرمایەی بیگانەگان، دوچاری موشکلات دەبن. خەڵک خویندن بە فشە دەزانن و دڵیان بە مەدارس خۆش نابێت و لە ناردنی منداڵان بۆ خوێندن سارد دەبنەوە و دەرنەتیجە پێش بە کوچی سەرمایەهای کشور بۆ خارج دەگیرێت.

وەختێک مدارس لە کار دەکەون و فراگیری علومی مەدی نەزەری کوفار و ئەجانب موشکل دەبێت و موعلمانی زدی ئینقلاب دەر جەریانی ئێعترازات ئاشکرا دەبن و ئەز تەرفێ نەهادهای ئینقلابی کونترۆل دەکرێن، بە نەتیجەی قەتعی دەگەین کە ئەم غائلیەیەش لە تهدیدەوە بە فورسەت تەبدیل دەکرێت.



# هەڕەشەی ئەمنییەتی و تیپۆلۆژیی هەڕەشە

**شاهۆ مەتین**

ئەگەرچی خەسارناسیی هێندێک هەڕەشەی ئەمنییەتی بۆ ڕووداوەکانی سەردەمی ڕابردوو دەگەڕێتەوە، بەڵام بەکاربردنیان لە وانەکاندا دەستکەوت و کاریگەریی باشی بۆ خەسارناسیی هەڕەشە هەنووکەییەکان و ئەوانەی لە داهاتوودا دێنە ئاراوە دەبێ. لەلایەکی تر ئەمجۆرە پێڤاژۆیانە بەستێنسازی، ناسینی نێوەرۆکی هەڕەشە و چۆنیەتیی کۆنتڕۆڵی هەڕەشەی پەنگخواردوو و هەنووکەییەکانی لێ دەکەوێتەوە.

هەڕەشەی تەناهی لە بەستێنی سیاسەت و پێوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا بریتییە لە هەرجۆرە مەبەست، نییەت، پێشهات و هەوڵدانێک کە سەقامگیریی سیاسی، ئابووری، سەرچاوەی ژیان و تەناهیی نەتەوەیی یەک وڵات/نەتەوە بخاتە ژێر مەترسیی جیددییەوە. هەڕەشە حاڵەت، دۆخی تایبەت، ڕەفتار و دیاردەیەکە کە خوێندنەوەی جۆراوجۆری لێ دەکرێ؛ و ئاست و سنووری هەڕەشە پێوەندیی بە شوێن و کاتەوە هەیە.

بنەمای هزری سیاسی و کەشی ئەمنییەتی کاریگەریی دیاریکراویان لەسەر پێناسە، هێز و ئەمنییەتی هەڕەشە هەیە و دەکرێ دیاردە یا پرسێک بۆ کۆمەڵگەیەک دیاردەیەکی ئاسایی و پرسێکی ساکاری کۆمەڵایەتی بێت، لە کاتێکدا هەمان دیاردە و دۆخ بۆ کۆمەڵگەیەکی تر بە پرسێکی نائاسایی، مەترسیدار و تەنگەژەیەکی ئەمنییەتی دابندرێ. هەربۆیە نێوەرۆک، جۆر، ئاست و پانتایی هەڕەشە گرێ دراوە بە بڕوا و ڕوانینی لایەنەکانی دژ، بەستێنی کۆمەڵایەتی، نەتەوەیی و؛ شوێنی ڕوودانی هەڕەشەکەش گرێ دراوە بە وێژمانی جۆربەجۆری ئەمنییەتی. وەک میناک: لە تیۆریی ڕیالیستی بەتایبەت تیۆریی "هاوسەنگیی هەڕەشە" و قوتابخانەی "کۆپێنهاگ"دا هەڕەشە ڕۆڵی ئەساسیی لە تەناهی نەتەوەییدا هەیە، لە کاتێکدا لە تیۆریی "هێزی نەرم" هەڕەشە لە پەراوێزدایە و بابەتی تر گرینگیان پێ دەدرێ.

هەڕەشەکان لەسەر ئەساسی دەرهاویشتەی جۆراوجۆر بەتایبەت؛ ئاست، بابەت، کەرەسە و شێوەی بەکارهێنان پۆلێنبەندی دەکرێن و خاڵی هاوبەشی هەموو هەڕەشەکان "سەپاندنی ئیرادە" بەسەر هێزی بەرامبەرە و جیاوازیی هەڕەشەکان لە بەکاربردنی مێتۆد و کەرەسەکاندایە. هەڕەشە دەکرێ بە پێداگری لەسەر هێزی فیزیکی و بە پاڵپشتیی توانستی سیاسی، ڕەوانی و جۆرەکانی ناتوندوتیژ و لە ڕێگای بەکارهێنانی هێزی نەرم بۆ کاریگەری لەسەر ئیرادەی دژبەر و هێزی بەرانبەر جێبەجێ بکرێ.

### پێناسەی تەناهی بە گەڕانەوە بۆ جەوهەری هەڕەشە

دابەشکردنی مەترسییەکان بە سەرەنجدان بە بواری "ڕەهەند" بەربڵاوترین ڕوانگە لە دابەشکردنی تەناهی لە خۆی دەگرێ کە پاڵنەری هەڕەشە بە ڕوانینێک لە مەیدانی هەڕەشە کە تێیدا ئەنجام دەدرێت بە پێوەری ڕەهەند هەوڵ بۆ ناساندنی دەدرێ. "باری بوزان" لە کتێبی "خەڵک، دەوڵەت و ترس" هەڕەشەکان لە چوار ڕەهەندی سیاسی، ئابووری، نیزامی و تێکنۆلۆژیدا جێ دەکاتەوە.

### هەڕەشەی سیاسی

هەڕەشەی سیاسی ڕووی لە سەقامگیریی دەوڵەتە. تۆماس هابز لەسەر ئەم بڕوایەیە کە دوای هەوڵدان بۆ دامەزراندنی دەوڵەت لەلایەن خەڵکەوە و گۆڕانی ئەو خەڵکە بە شارۆمەندی دەوڵەت، ئیتر دەوڵەت هەڵگری شۆناسی سەربەخۆ دەبێ و شوێنی شۆناسی خەڵک بە دەوڵەت هەڵدەسەنگێندرێ. بە بڕوای ئەو دەوڵەت وەک گیاندارێک هەڵگری هێزی بانتری وەک "لیڤیاتان/حکومەت"ە، کە بڕیار دەردەکا و ئەندامانی ژێر دەسەڵاتی ئەم حکوومەتە، جێبەجێکردنی فەرمانە دەرکراوەکان بە ئەرکێکی سەرشانی خۆیانی




دەزانن. پێناسەی "هەڕەشەی سیاسی" بەپێی ڕوانگەی "باری بوزان" لەسەر ئەوە دەوەستێ کە پارێزگاری لە سێ توخمەکەی دەوڵەت" ئەندێشە، ڕێکخراو و کردارەکان" لە مەترسیە دەرەکییەکان مانا بە تەوەری ئەمنییەتی نەتەوەیی دەبەخشێ.

### هەڕەشەی ئابووری

بەستێنی ئابووری بە هۆکاری بوونی کێبرکێی توند لەسەر بەرژەوەندییەکان بەستێنێکی کێشەخولقێنە کە تێیدا لایەنی جۆراوجۆر لە هەنگاوەکان (هاوکاری، کێبرکێ، دژایەتی و، بەریەککەوتن و...) دەتوانن بەرچاو بکەون. بەم هۆکارە ناوزەدکردنی ناوی "هەڕەشەی ئابووری" بۆ هەموو ئەم دیاردانە دروست نییە و "ڕابێرت ماندێل" گرینگترین پێوەر کە بۆ ئەمنییەتیبوونی ئەمجۆرە دیاردانە دایدەنێ، "سەقامگیری سیاسی کۆمەڵایەتی"یە. لە دابەشکردنێکی بەرفراواندا دەتوانین هەڕەشەی ئابووری لە دوو بەستێنی سەرەکیی "بەرهەمهێنان" و "دابەشکردن"دا پۆلێنبەندی بکەین. لە حاڵێکدا کە جۆری هەڕەشەی یەکەم سەرنج لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی پێویست بۆ ویستی گشتییە و هەڕەشەی دووهەمیش لە خوێندنەوەی "جان ئی رومێر" بەرابەریی دەرفەت بۆ بەدەستخستنی ئیمکانات لەخۆ دەگرێ.

### هەڕەشە نیزامییەکان

هەڕەشە نیزامییەکان بە ئاشکراترین جۆری هەڕەشەکان دادەنرێن کە پێشینەی مێژوویی دوورودرێژیان لە کۆمەڵگەی مرۆییدا هەیە. تایبەتمەندی بەرچاو لە دەستە هەڕەشەیەدا بەکارهێنانی "هێز و گوشار"ە کە "پێکدادان " و "شەری نێوخۆیی" بەدوودا دێ. بەم پێیە هەڕەشەی نیزامی بەکارهێنانی هێز و گوشار بۆ وەدەستهێنانی ویستی بەرامبەر لە بەستێنی سیاسەتی کردەیی‌دایە.

ئەم ڕوانگەیە کە ئەساس و بنەماکەی لەسەر لەدەستدابوونی دەستپێشخەری وەستاوە، ئەو مانایە بە دەستەوە دەدا کە هەبوونی ئەمنییەتی نیزامی پێوەندیی ڕاستەوخۆی بە نەبوونی هەڕەشەی نیزامییەوە هەیە.

### هەڕەشەکانی تێکنۆلۆژی

تێکنۆلۆژی یارمەتیدەری هێندێک هەڕەشەیە کە لە سێ گرووپدا جێ دەگرن.

١- هەڕەشەی ئامێری ٢-هەڕەشەی کرداری ٣-هەڕەشەی بەڕێوەبەرێتی

تێکنۆلۆژی لەم ڕوانگەیەوە گرینگە کە توانیویەتی بە بەرهەمهێنانی نەوەیەکی نوێ لە کەرەستەکان یارمەتیدەر بێ کە هێزە گەورەکان بە پشتبەستن بەوان و بەکارهێنانیان ئیرادەی خۆیان بەسەر یاریکەرانی لاوازتردا بسەپێنن و ئەم ڕەهەندە لە ئاڵوگۆڕی تێکنۆلۆژی بۆتە هۆی شۆڕشێکی مەزن لە مەیدانی هاوکێشە تەناهییەکاندا.

"ئەریک ئارێنت" لێکدانەوەی نەریتیی هەڕەشە لە سیستمی نوێی جیهانیدا بە وڵامدەر و بایەخمەند نابینێ. ئەو دەڵێ بۆ تێگەیشتنی سیاسەتەکان و شێوی کاری ڕێکخراوە نیزامییەکان دەبێ لە شێوەی نەریتیی ڕاڤەی هەڕەشەکان تێپەڕین و لە هەڕەشەکان بەربەرینتر بڕوانین، چونکە ڕێکخراوە نیزامییەکان سەرچاوەی جۆراوجۆریان لەپێناو خولقاندنی مەترسی و زۆرکردنی لێهاتوویی نیزامی لە بەردەستدایە. گرینگترین سەرچاوەش لەم بوارەدا وەبەرهێنانی دەوڵەتی، هاوردەکردنی تێکنۆلۆژی و وەبەرهێنانی نێوخۆییە.

سەبارەت بە هەڕەشەی کردەیی دوو ڕوانگەی سەرەکی بوونی هەیە:

یەکەم، کۆمەڵێک ئەم دیاردەیە بە "دوور لە هەر چەشنە نۆرم" و بێبەری لە نێوەرۆک هەڵدەسەنگێنن. دووهەم، کۆمەڵێک هزرڤان هەن کە دیاردەکان بە بەستێنساز و پڕ بایەختر لە نۆرمەکان دەزانن.

بنەما و بەڵگاندنی پێشکەشکراو لەلایەن لایەنگرانی هەر دوو قوتابخانە فیکرییەکە شیاوی تێرامانن، بەڵام ڕەخنەی جیددی ئەزموونگەرێتی، سەرنج، ڕەهەند و لایەنەکانی نۆرمی دیاردەکان بەرەو ئاراستەیەک دەمانبا کە قبوول بکەین تێکنۆلۆژی دوور لە ئامراز و پێداویستیی نۆرماتیڤەکان نییە. لەسەر ئەم ئەساسە لە لێکدانەوەی تەناهیدا ئەم بابەتە جێگای سەرنجە کە نۆرماتیڤی دیاردەکان بۆ پرسێکی جیددی لە مودیرییەتی تەناهیدا گۆڕدراون و لە گەشەی تێکنۆلۆژی نوێدا تەنیا بەدیارکەوتنی کەرەسەکانی کاریگەر و کارامە بۆ کردەی تەناهی ناگەڕێتەوە؛ بەڵکوو لە بەرهەمهێنانی پاڵنەری گرێدراو بە کردەوەی دەسەڵاتیشدا بەتوندی کاریگەرییان هەبووە و هەیە.

لەم ڕوانگەیەشەوە کە تێکنۆلۆژی دیاردەیەکی ئاڵۆزە، بەدڵنیاییەوە بەشی جۆراوجۆر لە هەڕەشە بە یارمەتیی تێکنۆلۆژی بەرهەم دێن کە وەک میناک دەتوانین بڵێین:

١- توخمی ڕەقئامێرانەی کە لە چوارچێوەی کەرەسەکاندا دەتوانین لێکەوتەکانی ببینین.

٢- توخمی نەرمئامێرانەی کە لە چوارچێوی هزر و ئەندێشەگەلی جۆراوجۆردا دەرکەوتەکانی دەردەکەون.

٣- توخمی مرۆڤدئامرازی کە لە مرۆڤەکان و جۆری تواناییەکانیاندا خۆی پیشان دەدا.

٤- توخمی ڕێکخراوئامرازی کە بە لەنێوچوون و سەرهەڵدانی هێندێک لە دامەزراوەکان دیاری دەکرێ.

لەسەر ئەساسی بڕوای "کێنت واڵتێز" چوونەسەری توانایی لەهەر ڕێگایەکەوە بێت، بەتایبەت گەشەی تێکنۆلۆژی لە ئاڵوگۆڕی نێوەڕۆکی کولتووری یاریکەرەکانی لێ دەکەوێتەوە و لەم ڕێگایەوە بەستێنی چالاکی لە چوارچێوەی هەڕەشەی هاوپەیمانە نوێیەکاندا ڕێک دەخرێ. بەکورتی ئەو لایەنەی هێزی زۆرتری لە دووبارە پێناسەکردنی ویست و نیازەکانیدا هەبێ و هەروەها تێکنۆلۆژی بەرهەمهێنانی هاندەری نوێی هەبێ، ئەم پاڵنەرە دەتوانێ بەکارهێنانی کەرەسەکان بە ئەنجام بگەیەنێ. هەر بەم هۆکارەشە "فرێدریک فری" و "کێنت واڵتێز" لە ئاڵوگۆڕی کولتووری تەناهیدا لەسەر توانایی یاریکەرەکان دەوەستن. بەم لێکدانەوەیە دیار دەکەوێ کە ئیدیعای کەسانێکی وەک "گاڵین گری" لەسەر ئەساسی "شەڕخواز نەبوونی چەکەکان" ناتوانێ زۆر ڕاست بێ و بەکورتی "بەهێزی لە هەڕەشەئامێز بوون" لە ڕێگای گۆڕینی جۆری کولتوور و فەرهەنگەوە کاریگەریی دەبێ.

لە پێوەندی لەگەڵ هەڕەشەی مودیرییەتیدا دەتوانین بڵێین کە ئامادەیی تێکنۆلۆژی چ لە ئاستی تاکەکەسی یا جیهانیدا ئەمادەبوونێکی ساکار نییە، بەڵکوو هەروەک وەک "هایدێگر" ئاماژەی پێ داوە: "ئەگەر تێکنۆلۆژی لە خزمەت چارەنووس و ماهییەتی مرۆڤایەتیدا بێت، ئەوکات بە هەموو توانا و پانتاییەک کە هەیەتی دیاردەیەکی باش دەبێ کە لە جەوهەری خۆیدا بە شەڕەنگێز دانانرێ. بەڵام ئەگەر مرۆڤ گیرۆدەی تێکنۆلۆژی بێ و ببێتە خزمەتکاری تێکنۆلۆژی، ئیتر ڕوحی شەیتانیی تێکنۆلۆژی بەسەر مرۆڤدا سەر دەکەوێ و هەموو ژیانی مرۆڤایەتی دەخاتە مەترسییەوە. لە ڕوانگەی "هایدێگر"وە مودیرییەت توخمی جۆراوجۆری تێکنۆلۆژی لە ئاستی نەرمئامێری و چڕئامێری بابەتێکی گرینگە، بەجۆرێک کە کەمترین بێتوانایی و کەمتەرخەمی لەم بوارەدا دەتوانێ شۆناسی گشتی یاریکەرەکان، یەکگرتوویی، ئەرکی تایبەتی دامەزراوە، ڕێکخراو و... هتد بگۆڕێ و بگرە نەزم و سەقامگیری ژیانی مرۆڤایەتیش تووشی ئاستەنگ بکا.

**دەرەنجام:**

پێویستە بزانین کە تەناهی لە تیپۆلۆژیی خۆیدا لانیکەم بریتییە لە: لە بەرامبەر مەترسیدا نەبوون یا لە مەترسی پارێزراو بوونی بگۆڕەکان و یاریکەران لە سیستمی نێودەوڵەتییدا. تەناهییش بریتییە لە: ڕزگاری لە ترس، ئازادبوون لە دڵەڕاوکێ و ترس و بوونی متمانە و دڵنیایی یەکانگیر و پاساوهەڵگر.

# سیستمی هاوبەشی یەکیەتیی ئوروپا بۆ وەدەرنان و ناردنەوەی کۆچبەرانی نایاسایی


حەمەڕەسووڵ کەریمی

حەوتووی ڕابردوو ( ڕۆژی ٢١ی ژانویە) وەزیرانی وڵاتانی یەکیەتیی ئوروپا لە شاری ویلینووس پێتەختی لیتوانی بە مەبەستی تاوتۆێی پرسی کۆچبەرانی نایاسایی لە وڵاتانی ئەندام لە یەکیەتیی ئوروپادا کۆ بوونەوە. لە یەکەم دانیشتندا هەموویان لەسەر ئەوە کۆک بوون کە سیاسەت و هەڵوێستێکی یەکگرتووانەیان لە هەموو وڵاتانی ئەو یەکیەتییەدا هەبێ و، هاوکات هەوڵەکانیان بۆ بەهێزکردنی باری ئەمنی و پاراستنی سنوورەکانی دەرەوەی یەکیەتیی ئوروپا توند و بەهێزتر بکەن؛ لەگەڵ ئەوەشدا ڕێوشوێنی هاوبەش بۆ وەدەرنان و ناردنەوەی کۆچبەرانی نایاسایی لەو یەکیەتییەدا بگرنە بەر.

جیا لە وڵاتانی یەکیەتیی ئوروپا، وەزیرەکانی وڵاتانی سوئیس و نۆرویژ و سەرۆک و بەرپرسانی ناوەندە ئەمنییەتییەکانی ئوروپا وەک یوروپۆل (پۆلیسی فیدراڵی ئوروپا) و ئاژانسی سنووریی یەکیەتیی ئوروپا (فرانتکس) بەشداری ئەو کۆبوونەوەیە بوون.

وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئوروپا وەک لەهستان، هەروەها وڵاتانی ناوچەی باڵتیک وەک ئەستۆنی، لێتونی و لیتوانی کە لەم دواییانەدا شەپۆلێکی بەرینی پەنابەر و کۆچبەران بە هاندان و چاوەدێری بیلارووس گەیاندرابوونە سەر سنوورەکانی یەکیەتیی ئوروپا، داوایان لە یەکیەتیی ئوروپا هەبوو کە یارمەتییان بدرێ، هەر بۆیە لەم پەیوەندییەدا گوشارەکان بۆ سەر یەکیەتیی ئوروپا لە زیادبووندا بوون. دواتر وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی ئوروپا لە هەڵوێستێکی نوێدا بۆ پاراستنی سنوورەکان و هەروەها بە هێنانی یاسایەکی نوێ توانییان پێش بەو شەپۆلە بەرینەی کۆچبەران بگرن و لە ئاکامدا بەشێکی زۆری کۆچبەرەکان بە شێوەی یاسایی و بە هاوکاریی ئەو وڵاتانەی کە کۆچبەرەکان لێیڕا هاتبوون گەڕێندرانەوە بۆ زێدی لە دایکبوونی خۆیان، یا ئەو وڵاتانەی لێی ڕاهاتبوون. ئەو بڕیارەش ئاکامێکی جێگای ڕەزامەندی بۆ یەکیەتیی ئوروپا لێکەوتەوە.

پێویستە ئەوەش بگوترێ کە وڵاتی لەهستان پرۆسەی دروستکردنی سنوورێکی ئاسنین بە بەرزی ١٠ میتر لە نێوان وڵاتی لەهستان و بیلارووسی خێراتر کردوە و ئەو سنووربەندییە ئاسنینە هەر دێت و زیاتر کاری لەسەر دەکرێ و هاوکات بە سیستەمێکی چاوەدێری ئەلکترۆنیی پێشکەوتووش کۆنترۆڵی سنوورەکە دەکرێ.

وەزیرانی ٢٧ وڵاتی یەکیەتیی ئوروپا لە دانیشتنی ڕۆژی ٢١ی ژانویە لە ویلینووس پێتەختی لیتوانی چەندین بڕیاریان پەسەند کردن:

- بەهێزترکردنی پرسگەکانی سەر سنووری یەکیەتیی ئوروپا بۆ پاراستنی دانیشتووانی ئوروپا.

- بەگژداچوونەوە و لێپچینەوەی توند لەگەڵ قاچاخچیانی مرۆڤ بۆ پێشگرتن لە کارەساتی مرۆڤی و ئەو کۆچبەرانەی کە بەهۆی قاچاخچیان و بە ڕێگای نائاسایی و ڕێگای مەترسیدار و سەفەری ڕێگای هات و نەهاتی ئیشکایی و دەریاکانی ئاسیا، ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئەفریقا کە گیانیان دەخاتە مەترسی.

- دروستکردنی ڕایەڵە و سیستەمێکی نوێی ئوروپایی، بۆ گەڕاندنەوەی کۆچبەرانێک کە لە یەکیەتیی ئوروپادا بەبێ مافی مانەوە و ئیقامەت دەژین، ئەو سیستەمە کار دەکا بۆ گەڕاندنەوەی کۆچبەرانی نائاسایی بۆ وڵاتی خۆیان و یا ئەو وڵاتەی سەفەری خۆیان بەرەو ئوروپا لەوێڕا دەست پێ کردوە.

«ئیلوا یووهانسوون» لێپرسراوی بەشی کۆچ و کۆچبەرانی یەکیەتیی ئوروپا (لە حیزبی سۆسیال دێموکراتی سوئێد) لەو دانیشتنەدا ڕوو بە دەسەڵاتدارنی ئوروپا گووتی: ئێمە ئەگەر بمانەوێ سیستەمی گەڕاندنەوە درووست بکەین و ئەو کەسانەی کە مافی مانەوەیان لە وڵاتانی ئوروپایی نییە، بەپەلە و بێ ڕاوەستان بۆ وڵاتەکانی خۆیان و یا ئەو وڵاتەی لێی ڕاهاتوون بنێرینەوە، بە دڵنیایەوە دەتوانین کاری زۆر باشتر لەو پەیوەندییەدا بکەین، هەربۆیە بۆ جێبەجێکردنی ئەو بڕیارە و ئەو سیستەمە نوێیە پێویستیمان بە هاوکاری و پشتیوانیی هەموو لایەک هەیە.

«نووتیس میتاراچی»، وەزیری کۆچبەرانی یونان کە لەم دانیشتنەدا بەشدار بوو، وێڕای ڕەخنەی توند لە شێوەی تاکوو ئێستای یەکیەتیی ئوروپا بۆ پێشگیری لە هاتن و دەرکردنی کۆچبەران بۆ نێو وڵاتانی یەکیەتیی ئوروپا، گوتی کە ئەو سیستەمەی تاکوو ئێستا کاری پێ کراوە وەڵامدەر نەبووە و نییە، هەربۆیە دەبێ چاکسازی لەو سیستەمەدا بکرێ. ئەو دواتر گووتی: کاتێک کەسانێک دەتوانن بەبێ هیچ بەڵگە و پێناسە و پرۆسەیەکی یاسایی خۆ بگەیەننە وڵاتانی یەکیەتیی ئوروپا، ئەوە بەو مانایەیە کە بە گشتی سیستەمی ویزای شێنگێن بێمانایە.

وڵاتی فەرانسە لە سەرەتای ساڵی ٢٠٢٢ی زایینییەوە سەرۆکایەتی و بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ئوروپای بەدەستەوەیە و بڕیار وایە کە «ئیلوا یووهانسوون» لە دانیشتن و کۆبوونەوەی مانگی فێورییەدا، باسێکی چڕوپڕ لە پەیوەندی لەگەڵ ئەو سیستەمە نوێیەدا بکا.

ڕاستە کە پاڵنەر و هۆکارەکانی کۆچ لە وڵاتانی دیکتاتۆرلێدراو و نادێموکراتیک هەر لەجێی خۆیانن، بەڵام نە کۆچ و نە ئەو ڕێوشوێنە ئاسنینانە دەتوانێ چارەسەرێکی گونجاو بۆ ئەو ڕەوشە بێ. وڵاتانی یەکیەتیی ئوروپا و بەگشتی کۆمەڵگەی جیهانی بۆ پێشگرتن بە کۆچ پێویستە واز لە پشتیوانیی خۆیان لە حکوومە نادێموکراتیکەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئەفریقا بێنن و پشتیوانی جووڵانەوە دێموکراتیکەکانی ئەو وڵاتە بن. بەو شێوەیە دەکرێ بەرەوڕووی دیاردەیەکی تراژیدیکی وەک کۆچ ببینەوە.

# کۆڵبەری لەنێوان بەپیرۆزکردن و شوناسی دەستکرد و درۆیین‌دا



شەهریار تەهماسبی

کۆڵبەری، ژیانێکی دژوارە لە لێواری مەرگەوە بۆ بژێوی ژیان و پاڕووەنانێکی سەر سفرە بەتاڵەکان.

ڕۆژانە ڕاگەیاندن و بەتایبەت هەواڵدەرییەکان بە بەردەوامی هەواڵی دڵتەزێنی گیان‌لەدەستدان یان بریندارbوونی کۆڵبەران بڵاو دەکەنەوە. لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە ئاراوە کە بۆچی ئەم دیاردەیە لەم ساڵانەی دواییدا بە شێوەیەکی بەرچاو پەرەی پێ دراوە و بەرپرسانی حکومەت و ناوەند و دەزگا پێوەندیدارە حکومەتییەکانیش هیچ هەوڵێکیان بۆ چارەسەرکردنی ئەم دیاردەیە نەداوە؟

ئەو وەڵامانەی کە تاکوو ئێستە بەم پرسیارە بنەڕەتییە دراونەتەوە، یان لەلایەن ڕاگەیاندنەکانی ڕێژیمی ئێرانەوە بووە یان لەلایەن ڕاگەیاندنەکانی دژبەرانی ئەو ڕێژیمە بووە، و تاکوو ئێستە هیچ وەڵامێکی لۆژیکیی بێلایەنانە کە لەسەر خوێندنەوەیەکی کۆمەڵناسی بووبێ، بەم پرسیارە نەدراوەتەوە.

سەرەڕای ئەوەش کە جاروبار کۆمەڵێک ڕۆژنامەنووسی دژبەری ڕێژیمی ئێران ئاماژەگەلێک بە باندە مافیاییەکانی ئەو ڕێژیمە دەکەن و پێکهاتەکانی ئەو باندانەش هەر هەمان بەرپرسان و کاربەدەستانی ڕێژیمی ئاخوندین و گەورەترین باندگەلی مافیایین کە لە دەروازە و سنوورە قانوونییەکانی ئێراندا بە فڕۆکە و پاپۆڕ و بارهەڵگرە جۆراوجۆرەکان کەلوپەل بە قاچاغ بۆ نێوخۆی ئێران دەگوازنەوە، بەڵام بە هۆکاری ئەو بارودۆخە تۆقێنەر و کەشە حکومەت نیزامییەی کە بەسەر ئەو وڵاتەدا زاڵە، هێزەکانی پاسەوانیی ڕێژیمیشیان هێناوەتە نێو ئەو بازنەوە. بەڵام وا دیارە ئەم باسانە زۆر قووڵتر لەوانەن کە بیری لێ دەکرێتەوە و هەموو ئەم دیاردنەش لە ژوورە فکری و ڕاوێژکارییەکانی دەزگا ئەمنییەتییەکانی ڕێژیمی داگیرکەری ئێرانەوە لە کوردستان بە مەبەستی جێگیرکردنی پیلانە درێژخایەنە فەرهەنگی و سیاسییەکانی ئەو ڕێژیمە بەرنامەداڕێژیی بۆی کراوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە ئەو کەلوپەل و کەرەستانەی کە بە شانی کۆڵبەر دێتە نێو وڵاتەوە لەگەڵ ئەو کەلوپەل و کەرەستانەی کە بە پاپۆڕ و بارهەڵگرە جۆراوجۆرەکانی تر هاوردە دەکرێ، بەراوەرد ناکرێ، ناتوانرێ هەڵسەنگاندنێکی بەراوردکارانە لەنێوانیاندا بکرێ.

کۆڵبەری نە دیاردەیەکی نوێیە و نە تایبەت بە خەڵکانی دانیشتووی سنوورەکانی کوردستانە و، ئەگەر ئاوڕێک لە مێژووی ئەو دیاردەیە بدەینەوە و کتێبەکانی سەفەرنامەی گەڕیدە گەورەکانی ڕۆژاوا بۆ نموونە "شارح فەرانسەیی" بخوێنینەوە، دەزانین کە لەنێو نەتەوەکانی تورک، عەرەب و بەلووچ و فارسەکانی ناوەندیشدا وەکوو دانیشتووانی شارەکانی "یەزد" و "ئیسفەهان"، کۆڵبەری هەبووە و لەنێو ئەو نەتەوانەشدا پێشینەیەکی هەیە. بەڵام هەنووکە بە هۆکاری جۆراوجۆر دیاردەی کۆڵبەری لەنێو ئەو نەتەوانەی ئاماژەمان پێدا، نەماوە و تەنیا لە کوردستانە کە کۆڵبەرێک بە کۆڵێکی گرانەوە ڕێگایەکی دژواری و پڕچەرمەسەریی سەدان کیلۆمتری دەگرێتە بەر و ئەمەش وای کردوە کە کۆڵبەری ببێتە پیشەیەک و بە شێوەیەکی ناهەموار و بەبێ ویست و خوازیاریی خودی کوردەکان دیاردەی کۆڵبەری گرێ بدرێ بە شوناسی کوردبوونیەوە.

بەپێی ئامارە فەرمییەکانی خودی ڕێژیمی ئێران، شانزە تاکوو بیست هەزار کەس لە سنوورەکانی کوردستاندا بەبەردەوامی خەریکی کۆڵبەرین. ئامارە مەیدانییەکان دەڵێن ژمارەی ئەو کەسانەی لە ناوچە سنوورییەکانی کوردستان ڕاستەوخۆ بە کاری کۆڵبەرییەوە سەرقاڵن یان ژیانیان ناڕاستەوخۆ بەو کارە بەستراوەتەوە، چەند هێندەی ئەو ئامارەیە. هەر بەپێی ئامارەکانی ناوەندی مافی مرۆڤی کوردستان، لە ساڵی ٢٠٢١ی زایینیدا لانی کەم ٢١٥ کۆڵبەر و کاسبکاری کورد کوژراون و بریندار بوون کە سەدا ٦٥ی هۆکاری کوژرانی ئەو کۆڵبەرانەش دەستدرێژی ڕاستەوخۆی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم لەسەر سنوورەکانی کوردستان بووە.

لێرەدا دەبێ باسی ئەوەش بکرێ کە هێزەکانی ئەو ڕێژیمە خوێنمژە تەنانەت سەرەتاییترین یاسا و ڕێوشوێنی سەربازی و لانی کەمی پرۆتۆکۆلەکانی بەکارهێنانی چەک ڕەچاو ناکەن و کەوکوژی بۆی دادەنیشتن و سەر و دڵی کۆڵبەران دەکەنە ئامانج و ڕاستەوخۆ تەقەیان لێ دەکەن و دەیانکوژن. لەولاش ناوەندە پێوەندیدارەکانی ڕێژیم وەکوو دەزگای دادوەری و ناوەندە یاساییە حکومەتییەکانی ئەو ڕێژیمە نەک هەر هیچ هەوڵێک بۆ پێشگرتن لەم کارە کرێت و نامرۆڤانە و جینایەتانە نادەن، هیچ ڕێوشوێنێکیش بۆ لێپرسینەوە لە بکوژانی کۆڵبەران لەئارادا نییە، ئەوان دەکوژن و دەبڕن و وەک بەرزەکی بانان بۆی دەردەچن. هەر ئەمەش وا دەکا کە جیا لە کۆڵبەران هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم گیانی خەڵکانی تریش بۆیان گرنگ نەبێ و تەقە لە خەڵکانی غەیرە کۆڵبەری ئاسایی بکەن و خەڵکانێکی ترش بە هۆکارگەلێکی ترەوە بکوژن یان بریندار و کەمەندامیان بکەن و بۆیان گرنگیش نەبێ، بۆیە کاسبکاران لەبەر ئەوەی ڕووبەڕووی هێزەکانی ڕێژیم لەسەر سنوورەکان نەبنەوە، ڕێگەی هەڵدێر، مەترسیدار و دژوارتر دەگرنە بەر و دیسان لەو ڕێگەیانەشدا ڕووبەڕووی مەترسیگەلێکی وەکوو هەڵدێران، سەرمابردوویی و ڕەقبوونەوە، تەقینەوەی مینە چێنراوەکان، هەرەزهاتن و دەیان مەترسیی تر و بەم هۆکارانەشەوە زۆر کۆڵبەر گیانیان لەدەست داوە یا بریندار و کەمئەندام بوون.

بەپێی زانیارییە پێوەندیدارە بڵاوکراوەکان لەسەر کۆڵبەران و هەروەها لەسەر ئەو مەترسییانەی کە لەپێش کۆڵبەرانە و زۆر جاریش دەبنە هۆی گیانیان‌لەدەستدانیان یان کەمەندامبوون و نەمانی ئەندامێکی لەشیان، خێرا ئەو پرسیارەمان بۆ دروست دەبێ کە هۆکار و پاڵنەرەکانی دیاردەی کۆڵبەری چین و چی وا دەکا کە خەڵکانێک ڕوو بکەنە کۆڵبەری و دیاردەی کۆڵبەری سەرهەڵبدا؟ کە بەداخەوە تاکوو ئێستەش هیچ لێکۆڵینەوەیەکی زانستی لەسەر کۆبەندی هۆکارە فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکانی پەنابردن بۆ کۆڵبەری و سەرهەڵدانی دیاردەی کۆڵبەری لەبەردەستدا نییە تاکوو وەڵامی ئەو پرسیارە بۆمان ڕوون بکاتەوە.

گەشەنەکردنی ئابووری و پەراوێزخستنی ناوچەکانی کوردستان، هەڵاواردنی سیستماتیک، بێکاری و نەبوونی کۆمپانیاکانی وەبەرهێنەر، هەڵاواردن و بایەخنەدان بە دابینکردنی هەلی کار بۆ خەڵک بەتایبەت لاوان، پشتگوێ‌خستنی کانگا پیشەسازییەکان، گرینگی‌نەدان بە کشتوکاڵ، بایەخنەدانی دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی ئێران بە چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگە و ...هتد، هۆکارگەلی سەرەکی و بنەڕەتیی سەرهەڵدانی وەها دیاردەیەکە لەم سەردەمەدا، بەڵام زەبر و گوشارەکانی بارودۆخەکەش هۆکاری سەرەکیی مانەوە ئەو دیاردەیەن کە هەنووکە وەکوو پیشەیەک چاوی لێ دەکرێ.

ئەو هۆکارانەی کە پێشتر باسمان کرد و گوشارەکانی ئەو باردودۆخەی کە بەو هۆکارە باسکراوانەوە هاتوونەتە ئاراوە، هەروەها سیاسەتە پیلانداڕێژاوەکانی ڕێژیم لەسەر گەلی کورد، دەتوانین وەکوو هۆکارگەلێکی سەرەکیی سەرهەڵدانی دیاردەی کۆڵبەری ئاماژەیان پێ بکەین.

ئەم سەرەقەڵەمە بۆ ئاماژە و هێنانەبەرباسی کۆمەڵێک هۆکار لەسەر سەرهەڵدان و هێشتنەوە ئەو دیاردەیە و ڕوون و ئاشکرایە کە ڕێژیمی داگیرکەری ئێرانە کە هیچ بایەخێک بە بنەبڕکردن دیاردەی کۆڵبەری و یان لانی کەم هەوڵدان بۆ چارەسەریی کێشەی کۆڵبەرانە، هەر وەک چۆن سەرهەڵدانی دیاردەی کۆڵبەری پیلانێکی دووردرێژی بۆ داڕێژراوە، چارەسەرنەکردنی ئەم دیاردەیەش ئامانجدارە و بە مەبەستی شکاندنی کەرامەتی کەسایەتی و شوناسی تاکی کوردە، بۆیەش دەیانهەوێ ئەو دیاردەیە وەکوو پیرۆزییەک پەرە پێ بدەن و گرێی بدەن بە شوناسی گەلی کوردەوە.

گرنگترین خاڵی پیلانەکانی ڕێژیمی ئێران بۆ هێنانەئارای دیاردەی کۆڵبەری لە کوردستاندا دەبێ ئاماژەی پێ بکرێ ئەمەیە کە، خەڵک و بەتایبەت لاوان دەرگیری ئەو دیاردەیە بکا و هەوڵ بۆبەلاڕێدابردنی کۆمەڵگەی کوردی و داوا بنەڕەتییە ڕەواکانی گەلی کورد بووە و ڕێژیمی داگیرکەر دەیهەوێ بەم هێشتنەوە و پەرەپێدانی ئەم دیاردەیە پرسە نەتەوەییەکانی کورد کەمرەنگ بکاتەوە و ئەم پیلانەش لە درێژەی پیلانەکانی تری ئەو ڕێژیمەدایە.

تایبەتمەندیی پیلانە سیاسی و بەرنامەداڕێژراوەکانی ئەو ڕێژیمە لەسەر ئەو دیاردەیە زۆر ڕوونە و ئەوەش ئاشکرایە کە لە هەوڵی ئەوەدان ئەمەش وەکوو ئامرازێک بخەنە خزمەتی بەناو ئاسایشی نەتەوەیی ڕێژیمەوە.


شیتەڵکاریی پتری هۆکارەکانی ئەم دیاردەیە پێویستی بە لێکۆڵینەوە و شیکاریی کۆمەڵناسییە، سەرەڕای ئەوەی کە ئامرازی پێویست بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پیلانە سیاسییەکانی ئەو ڕێژیمە داگیرکەرە لەبەردەستماندا نییە، بەڵام نابێ ئەمە بکەینە بیانوویەک بۆ ئەوەی کە کۆمەڵگەی مەدەنی، ڕێکخراوە مەدەنی و خەڵکییەکان، حیزبە سیاسییەکان، پارێزە و یاساناسانی سەربەخۆ و دڵسۆزی کورد بایەخ بەم دیاردەیە نەدەن. ئەرکی مرۆڤپەروەری و ئەخلاقیی هەموومان هەوڵ و هیمەتی خۆمان بۆ چارەسەرکردنی بخەینە گڕ و بە ڕێکار و لە ڕێگەی جۆراوجۆر و بەتایبە ڕاگەیاندنەکانەوە دەبێ هەوڵێکی جیددی بۆ بنەبڕکردنی ئەم دیاردەیە بدرێت.

هەر کار و پیشەیەک بەرانبەر بە هەموو دەستکەوتەکانییەوە، پێویستی بە پاڵپشتی‌گەلێکی یاسایی و کەرامەت و ڕێزلێنانی کۆمەڵایەتی هەیە و کۆڵبەریش کار و پیشەیەک نییە و تاکوو ڕێژیمی ئێران ئەرکە یاساییەکانی خۆی لەسەر پەرەپێدانی هەلی کار بە ڕادەیەک کە لەگەڵ بارودۆخی جوگرافیایی کوردستاندا سازگار و لەبار بێت جێبەجێ نەکا و لەم پێوەندییەدا کەمکاریی بکا، بێگومان ئەو دیاردەیەش دەمێنێتەوە و زیاتریش گەشە دەکا.

بەڵام ئەمە بەو واتایە نییە کە کۆمەڵگەی مەدەنی و فەرهەنگیی کورد و پسپۆڕان لەباتی هەوڵدان بۆ چارسەرکردنی کێشەکانی کۆڵبەران و بەتایبەت لە بواری ئەمنییەوە و هەروەها ڕەخساندنی هەلی کار، دیاردەی کۆڵبەری بکەن وەکوو پیرۆزییەک زەق بکەنەوە و بکەونە ناو داوی سیاستە پیلان بۆ داڕێژراوەکانی ژوورە ڕاوێژکاری و فکرییەکای ڕێکخراوە و ناوەند ئەمنییەتییەکانی ڕێژیم و بەبێ ئەوەی کە خۆمان هەستی پێ بکەین، جێبەجێکاری بەرنامە و پیلانەکانی ئەوان لەسەر خۆمان بین و لەسەر ئەو هێڵەی کە ئەوان بۆ جێخستنی سەرکوتی سیستەماتیکی ئێمە دیارییان کردووە، بەڕێوەبەری پیلانەکانیان بین.

بەڵکوو بە واتای ئەوەیە کە ئەو بارودۆخە ئاڵۆزان وە، سەرکوتکردنە سیستماتیکانە و بەلاڕێدابردنی مێشکی تاکەکان ببینن و لێکۆڵینەوەی زانستی و خەسارناسانە لەسەر هۆکارەکانی بکرێ تاکوو بە وریایی و وشیارییەوە باس لە هۆکارەکان بکەین و هەنگاوی پێویست بۆ چارەسەرکردنی هەڵبگیردرێ.

# پەرتەو کرماشانی، شەوچرای شێعری ئەوینداری



**سارۆ خوسرەوی**

هەڵبەستوانی کورد عەلی ئەشرەفی نەوبەتی ناسراو بە "پەرتەو کرماشانی" لە ساڵی ١٣١٠ی هەتاوی لە گەڕەکی بەرزەدەماخی شاری کرماشان لەدایک بوو. ئەو سەرلەبەیانیی ڕۆژی ٥ی ڕێبەندانی ١٤٠٠ی هەتاوی لە شاری کرماشان ماڵاوایی لە ژیان کرد.

پەرتەو شاعیرێکی زۆر ناسراوە لە کرماشان و تەنانەت لە دەرەوەی کرماشانیش. ئەو شاعیری شێعری غەزەلە و بە هەردووک زمانی کوردی و فارسی شێعری نووسیوە. ئەورۆ کەم کەس هەیە لە کرماشان و کوردستان لە گەڵ غەزەلە کوردییەکانی پەرتەو ئاشنا نەبێ، بە تایبەت شێعری "ئەرمەنی" وەک دیارترین هەڵبەستی کوردیی ئەم شاعیرە بۆ زۆر کەس ئاشنایە. غەزەلە کوردییەکانی پەرتەو سەرنجی زۆرێک لە خوێنەران و ڕەخنەگرانی کوردی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە.

پەرتەو لە تەمەنی شانزە ساڵیدا دەستی کردووە بە هۆنینەوەی هەڵبەست. بۆ یەکەمین جار کۆمەڵە هەڵبەستی پەرتەو لە ژێر ناوی"کوچە باغیها" بە زمانەکانی فارسی و کوردی لە لایەن دوکتۆر محەممەدعەلی سولتانی‌یەوە چاپ و بڵاو کرایەوە. شێعرە کوردییەکانی ئەم شاعیرە زۆر کەمن، بەڵام زۆرترین لایەنگریان هەیە.

جوانیی شێعر و هەست و خەیاڵی ناسکی پەرتەو، زمانی کوردیی لە کرماشان خۆشەویستتر کردوە. شێعری پەرتەو هەڵگری خەمی مرۆڤە لە کۆمەڵگەی خۆی. ئەو بە زمانی سادە دەینووسی، بەڵام بە شێوازێکی زۆر هونەرمەندانە و پڕ لە تەکنیکی شێعری باسی لە خۆشی و ناخۆشییەکانی کۆمەڵگە دەکرد. مرۆڤ کە غەزەلەکانی پەرتەو دەخوێنێتەوە، هەموو تایبەتمەندییەکانی شاعیرێکی سەرکەوتوو و خاوەن هەست و زەوق لە ئەودا بەدی دەکا. شێعرەکانی پەیوەندیی ڕۆحی و مەعنەوی لەگەڵ خوێنەر دروست دەکەن و ئارامی دەبەخشنە دڵی پڕ لە ژانی کۆمەڵگە. شێعری پەرتەو بەو ئەندازەیەی کۆمەڵایەتییە، ئەوەندەش پڕە لە پەیام و هەڵوێستی بەرزی ئینسانی. لە شێعرەکانیدا خەم و شادی بەدی دەکرێ. ئەو جوانی و سادەییی ژیانی خەڵک بە سەرچاوەی سووژە و هەوێنی شێعرەکانی خۆی دەزانی و بەبێ خۆهەڵکێشان، خۆ دەرخستن و منەت بەسەر کەسەوە کردن، کەشکۆڵی شێعرەکانی دەخستە خزمەتی کۆمەڵگە. چەکی دەستی ئەو، چرای جوانی شێعر بوو، و تەنیا لە ڕێگای کاریگەریی شێعرەکانیەوە توانیی جێگای شیاوی خۆی لە نێو دڵی کۆمەڵگەدا بکاتەوە.

پەرتەو لە دوای "شامی کرماشانی" نەیهێشت چرای جوان و ڕەنگینی زمانی کوردی لە کرماشان خامۆش بێت. شێعرەکانی وەک شەم لە تاریکیدا هەڵکران و کۆڕی عاشقانی ئەدەب و زمانی کوردییان ڕووناک کردەوە. ئەویندارانی شێعری کوردی بە غەزەلە کوردییەکانی پەرتەو سەرمەست دەبن. کێ هەیە شێعری "ئەرمەنی" بخوێنێتەوە و لە شەوقی جوانیی ئەم غەزەلە ناوازەیەدا، بە خەیاڵ وێڵ و ئاوارەی کۆڵان و گەڕەکەکانی کرماشان نەبێت. پەرتەو لەم شێعرەیدا پەنا دەباتە بەر بادە و سەرمەستانە لە ئەرمەنییەکەی خۆی دەگەڕێ و دەڵێ:

***"ئاوارەگەی بیچارەگەی بێ خانمانم ئەرمەنی***
***ماڵد نیەزانم ها لە کوو، ڕوح و ڕەوانم ئەرمەنی***
***ترسم وەگەردم تا نەکەی، بوشی بچوو، دەر وا نەکەی***
***ئەمجا م دی دێوانەگەی ئاگر وەگیانم ئەرمەنی"***

گرنگیی شێعری ئەرمەنی بەدەر لە ڕەوانبێژی و جوانییەکەی لەوە دایە کە شاعیر دەچێتە بەر ماڵی ئەرمەنییەک و داوای مەی لێ دەکات، بەڵام لە بەر ئەوەی لە ڕەوشی ئێستای وڵاتدا مەی حەرامە و بە ئازادی ناخورێتەوە، پەرتەو بە دزییەوە داوای مەی لە ئەرمەنی دەکا و قەوڵیشی پێ دەدات ناوی ئاشکرا نەکات و دەڵێ:

***" ئەر یەی کەسی لە دوشمنی پرسی شەراو لە کوو سەنی***
***وە گیان هەرچی کافرە ئویشم نیەزانم ئەرمەنی"***

پەرتەو دەیەوێ ئەرمەنی دەرگای لێ بکاتەوە و بەو ئاخر شەوە بە مەی، خەمی دڵی خۆی بە با بدات، بۆیە لە کوڵی نابێتەوە و پێی دەڵێ:

***"دەر واکە زویتر پەرتەوە، مێمانەگەی ئاخر شەوە***
***یەی شیشە لەو بەدمەسەوە پڕکە بزانم ئەرمەنی"***

پەرتەو شاری خۆی، کرماشانی خۆش دەوێ و نایەوێ بەجێی بێڵێت. شێعری ئەو لە بەرزیی بێستۆن سەر دەردێنێ و خۆی لە ئاوێنەی سەراونیلۆفەڕ هەڵدەکێشی.

شاعیر لە یەکێک لە غەزەلەکانیدا خۆشەویستیی خۆی بۆ شارەکەی کرماشان نیشان دەدا و دەڵێ:

***"شار کرماشان دیار عشقە خاپووری نەکەین***
***خەڕگ کوورە بنیشم، خاک و ئاوم هەریەسە"***

یان لە شوێنێکی دیکەی شێعرەکەیدا دەڵێ:

***"ڕووژ تا شەو کاروبارم شین و شیوەن کردنە***
***تاقوەسانم هەریەسە باخ سەراوم هەریەسە"***

پەرتەو لە ژیانی شاعیریی خۆیدا، لە ئاست دیاردە و ڕووداوەکانی کۆمەڵگەکەی بێدەنگ نەبووە و زۆر جار هەڵوێستی نواندوە. ئەو لە بەرانبەر ئەوانەی کە ڕێگری لە وتەی حەق دەکەن و ئازادی لە مرۆڤەکان بەربەست دەکەن دێتە دەنگ و دەڵێ:

***"هەم پەڕو باڵم بەسانە هەم دەمم دورانئنە***
***تا م بووم و حەرف هەق نەوشم جواوم هەریەسە"***

پەرتەو، بەو جۆرەی لە شێعرەکانیدا دیارە، شاعیرێکە خوازیاری عەداڵەتە و ناخوازێ مافی مرۆڤەکان پێشێڵ بکرێ، هەر بۆیە دەڵێ:

***"پەرتەو ئەر ئاوارەم و باوان خەراو و دەروەدەر***
***ئیوشم ئی زوڵمە نەمینید، ناحساوم هەر یەسە"***

خەم و دەردی دووریی کوردەکان لە یەکتر، وردیلە گەڕاکانی ناخی ئەم شاعیرە دەهەژێنێ و بە شێعر خۆشەویستیی خۆی بۆ هاووڵاتی و هاوزمانانی لە شار و دەڤەرەکانی کوردستان نیشان دەدات و ئاوات دەخوازێ گەلەکەی یەکگرتوو بێ و مەشخەڵی سەرکەوتن لە سەر چیا سەربەرزەکانی کوردستان بۆ یەکتر هەڵبکەن.

وەک ئەوەی کە دەڵێ:

**"من کرماشانی و تو کورد بانە**
**لە یەک دور و دوری دەردمانە**
**من لە بان پەڕاو، تو لە ئاڕبابا**
**ئەڕای یەک ئاگری واکەیم شەوانە"**

شێعری پەرتەو کرماشانی ڕەنگە لە ڕووی ڕواڵەتییەوە سادە و ئاسان بێتە پێش چاو، بەڵام ئەگەر بەباشی لە نێوەڕۆکی شێعرەکانی ورد بینەوە، دەبینین خاوەنی پەیامی بەرزن. شێعرەکانی پڕن لە وشیاریی کۆمەڵایەتی و مافخوازی. پەرتەو لە کاتێکدا بڕیار دەدا بە زمانی دایکیی خۆی شێعر بنووسێ، کە لە کرماشان سیاسەتی ئاسیمیلەکردنی زوانی کوردی پەرە دەستێنێ، بەڵام کاریگەریی شێعرە کوردییەکانی ئەم شاعیرە بە ڕادەیەک بوو کە جارێکی دیکە زمانی کوردیی لای خەڵکی شارەکەی خۆشەویست کرد. ئەگەر ئەورۆ لە کرماشان و ئیلام پڕۆسەی ئەدەبی بە زمانی کوردی دەستی پێ کردوە، بێگومان ڕۆڵ و کاریگەریی پەرتەو لەم مەیدانەدا دیارە. ئەگەر شێعرەکانی پەرتەو ئەوەندە کاریگەر نەبان، بێگومان ڕۆژێکی تایبەت بۆ ڕێزگرتنی ساڵانە لەم شاعیرە مەزنەی کورد دیاری نەدەکرا.

خۆشەویستیی پەرتەو لە نێو کۆمەڵگەی خۆی، هەڵدەگەڕێتەوە بۆ بەرپرسایەتیی ئەم شاعیرە لە پێوەندی لە گەڵ زمانی دایکیی خۆی، زمانێک کە ساڵانێکە هەوڵ بۆ تواندنەوەی دەدرێ.

***

**سەرچاوە:**

–ئەدەبیاتی کلاسیک و هاوچەرخی کرماشان و ئیلام – سارۆ خوسرەوی
–دەلاقە، دەروەچەوی باران، زمان و ئەدەبی کوردی لە کرماشان و ئیلام – شەریف فەلاح
– کوچە باغیها– پەڕتەو کرماشانی

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran
NO:816 4 February 2022

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:
www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv: Yahsat 1A @ 52.5° East MHz 11958
polarization: Vertical -27500 FEc : 7/8
Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی ڕۆژنامەی کوردستان:
info@kurdistanukurd.com
+9647501771202
ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
Tashkilat.kdp92@gmail.com
+9647508483312

## بەر لە ماڵاوایی

# چاڵی ویل



بابەک ناسری

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا دەمڕاستەکانی کۆماری ئیسلامی، بەتایبەت خامەنەیی وەک یەکەمین و دوایین بڕیاردەری ئەم سیستەمە جارێکی دیکە سیاسەتەکانی ڕۆژئاوا و ئەمریکا لەهەمبەر ئێرانی بە هۆکاری سەرەکیی قەیرانی ئابووری و کێشەی بژێو و ئاریشەکانی خەڵک دانا کە بە سەپاندنی گەمارۆکان وەها دۆخێکیان بۆ وڵات دروست کردوە. ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی هەموو مێژوویان خۆڵ لە چاوی خەڵک کردن بووە.

لە کەس شاراوە نییە کە ئێران لە ڕووی ئاو، وزە، خاک، سەرچاوە سروشتی و کانزاکانەوە وڵاتێکی ئێجگار دەوڵەمەندە و بۆ نموونە تەنیا لە بواری نەوت و گاز لەنێو وڵاتانی جیهاندا لە پلەکانی هەرە سەرەوودا جێ دەگرێ. هەروەها جۆراوجۆریی سروشتی ژینگەییەکەی وای کردوە کە خاکی بەپیتی ئەو وڵات ببێ بە سەرمایەیەکی گەورەی ماددی و ئێران بە یەکێک لە دەوڵەمەندترین وڵاتانی جیهان دابندرێ. کەوابوو ناتوانین ئاوا بەئاسانی ئەو ڕاستییە بشارینەوە کە ئێران سەرەچاوی داهاتی زۆر و زەوەندی هەیە، بەڵام ئەوەی ئەم دۆخەی بەسەر خەڵک و کۆمەڵگەدا سەپاندوە، ئیدارەکردنی وڵات بە هۆی کۆماری ئیسلامییە و سەرچاوەی هەموو ئەو نەهامەتیانە بۆ نیزامی سیاسیی گەندەڵ و نادێموکرات و دژیگەلیی ڕێژیم دەگەڕێتەوە.

لە دوو دەیەی ڕابردوودا پێداگری لەسەر دەستڕاگەیشتن بە ئۆرانیوم بەمەبەستی دروستکردنی بۆمبی ئەتۆمی میلیارد میلیارد دۆلار لە سامانی ئەو وڵاتەی بەفیڕۆ داوە کە بەشێکی لە ڕێککەوتنی ٢٠١٥ بەرجامدا خرایە ژێر خەڵوار بێتۆنەوە. پاش هاتنەدەرێی ترامپ لە بەرجام، دیسان قەوانە کۆنەکە لێ درایەوە و سانترفیوژە پێشکەوتوەکان لەلایەن ڕێژیمەوە بۆ هەمان مەبەستی پێشوو وەگەڕ خراونەوە و ئەوە یانی بەتاڵانبردنەوە و بەفیڕۆدانەوەی سەروەت و سامانی خەڵک.

پێشتر و لە سەردەمی شەڕی ٨ ساڵە لەگەڵ عێراقیشدا کە ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی لەسەر بەردەوامیی شەڕە تا سەرکەوتن! پێیان چەقاندبوو؛ بەپێی ئامارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان جیا لە زیانی گیانیی ئینسانی، زیاتر لە ٩٧ میلیارد دۆلار زیانی ماددیش لە کۆمەڵگە درابوو. تەواوەتی ئەو کارەساتانەش لە کاتێکدا ڕوویان داوە و ڕوو دەدەن کە کۆمەڵێک ڕێکخراو و دامەزراوەی تایبەت و ئیدئۆلۆژیکی ڕێژیم زۆرترین پشکی بودجەی وڵات بۆ خۆیان دەبەن.

سپای پاسداران و هێزە چەکدارەکانی دیکەی ڕێژیم، ناوەندی بەڕێوەبریی فەرمانی ئیمام، ڕێکخراوی موستەزعەفین، ئاستانی قودسی ڕەزوی، کۆمیتەی ئیمدادی شۆڕشی ئیسلامی، بونیادی شەهید و دەیان و سەدان ڕێکخراوی دیکە بەشێک لە تۆڕی نیزامی- ئەمنیەتی-پڕوپاگندەیی ڕێژیمن کە بە شێوەی ڕاستەوخۆ لەلایەن ڕێبەری کۆماری ئیسلامییەوە ئیدارە دەکرێن و هیچ کەس مافی لێپرسینەوەی لەمەڕ کردەوە ئەوان نییە. لە هەناوی کۆمەڵگەشدا هەڵاوسان و گرانی ئەوکی خەڵکی گوشیوە و خەڵک لەژێر گوشارە ئابوورییەکاندا دەهاڕدرێن و بەرپرسانی گیرفانبڕی ڕێژیمیش هەر دێن و دەوڵەمەندتر دەبن.

کاربەدەستانی ڕێژیم خۆیان لە گێژی دەدەن، ئەگینا دڵنیان کە خەڵک ئەوان و ڕێژیم بە هۆکاری سەرەکیی گەمارۆکان دەزانن و باش لەوەش تێگەیشتوون کە هەر ئەو گەمارۆیانە بۆ ڕێبەرانی ڕێژیم سەرچاوەی بژێوە و کاربەدەستانی ئەم ڕێژیمە دروستیان کردووە، چۆنکە لە سۆنگەی ئەم گەمارۆیانەشەوە بە میلیارد دۆلاری دیکە دەچێتە باخەڵیانەوە.

هەڵبەت ڕوونە کە دژایەتی کۆمەڵگەی جیهانی لەمەڕ دەستڕاگەیشتنی کۆماری ئیسلامی بە بۆمبی ئەتۆمی و پاڵپشتی لە تێرۆریزم و دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتانی دی بەشێک لەو هۆکارانەن کە بوونەتە هۆی سەپاندنی گەمارۆکان بۆ سەر وڵات و هەمووانیش دەزانن کە مافیای دەسەڵات لەو دۆخە قازانج دەکا و گەمارۆکان داهاتی نجوومی بۆ هێندێک لە بەرپرسانی ڕێژیم بەدیاری هێناوە. هەر ئەوەشە کە دەبینین چەند ڕۆژ لەمەوپێش کەسێکی وەکوو سەعید جەلیلی لە نامەیەکدا بۆ خامەنەیی پێداگری لەسەر ئەوە دەکا کە ئێران دەبێ لە بەرجام بێتە دەرێ و دەست بە پیتاندنی ئۆرانیۆم بە خەستیی سەتا ٩٠ بکا. سەعید جەلیلی کە لە سەردەمی سەرۆکایەتیی ئەو لە شاندی دانوستانی ئەتومیدا چوار بڕیارنامەی سزادان لەلایەن شوڕای ئەمنییەتەوە لەدژی ئێران پەسند کرا، براکەی هەموو ساڵێک، چەندین میلیارد تمەن لە قووتی خەڵک بۆ فستیڤاڵی «عەمار» دەخاتە باخەڵەوە و بۆخۆی خاوەنی بەشێکی زۆر لە ئابووریی مافیاییە کە لە ڕێگەی گەمارۆکانەوە لەسەر یەک کەڵەکەی کردوە. لەو نێوەدا تەنیا خەڵکن کە ئابووریی بەرگری بە ئەستۆیاندا بڕاوە و خامەنەییش بێشەرمانە لە یارمەتییە ماڵییەکان بە حیزبوڵڵا، حوسییەکان و حەشدی شەعبی لە وڵاتانی دەروجیرانی دوور و نیزیک بەردەوامە و ناڕەزایەتیدەربڕین بەو دۆخە بە هێڵی سوور دەزانێ.

هەر لەو بارودۆخەدا کە ناڕەزایەتیی مامۆستایان و توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگەش لە هەڵکشاندایە، سەرکۆمار بە ڕووهەڵماڵاییەوە لە دەنگوڕەنگی ڕێژیمەوە دەڵێ چارەسەری کێشەکان لە دەست ئەواندا نییە و ڕوون نییە ئەگەر ئەو لەو پێگەیەدا وەڵامدر نییە، ئەدی خەڵک دەبێ ئێخەی کێ بگرن؟

خامنەیی بە سامانی دەیان میلیارد دۆلاریی خۆیەوە کە لە خەڵکی وڵاتی دزیوە و ئێستاش لەو تاڵانییە بەردەوامە، بەردەوام بەو دوژمن دوژمنەی دێنێ و دەیبا خوێنی خەڵکی لە شووشە کردوە و گیرفان و دەمی وەک چاڵی ویل نە پڕ دەبێ و نە تێر دەبێ. خۆزگە لانی کەم وەک چاڵی جەمکەران بنی دەبوو و دەکرا بە پووڵ و نامە و مادەی هۆشبەر و شتی تر سنوورێکی بۆ دادەنرا، نەک وەک چاڵی ویل بە ئەفسانەی بێکۆتایی خۆیەوە.

# دوو بەرهەمی «ئیسماعیلی بەختیاری» لەسەر مێژووی هاوچەرخی کورد

«مقایسەی دو حکومت خودمختار آذربایجان و کوردستان سالهای ٢٥-١٣٢٤ » و «نگرشی تاریخی بر جنبش مسلحانەی ٤٧- ١٣٤٦ کوردستان (مکریان) در رژیم شاە» دوو بەرهەمی «ئیسماعیل بەختیاری» نووسەر و توێژەری کوردن کە بەدیاری بە کتێبخانەی ڕۆژنامەی «کوردستان» گەیشتوون.

«مقایسەی دو حکومت خودمختار آذربایجان و کوردستان ٢٥- ١٣٢٤» لە دە فەسڵدا باس لە چونیەتیی پێکهاتنی دەسەڵاتی ناوەندگەرای ڕەزاشا و دەوڵەت-نەتەوەی ئێرانی و سەرکوتی جووڵانەوەی نەتەوەکانی دیکەی جوغرافیای سیاسیی ئێران و ڕاگەیاندنی دوو حکوومەتی خودموختاری ئازەربایجان لە تەورێز و کۆماری کوردستان لە مەهاباد دەکا. لەم کتێبەدا ئاوڕ لە کارنامە و کار و کردەوەکانی ئەم دوو کۆمارە و جیاوازییەکانیان لەگەڵ یەکتری لە شێوەی حکوومەتدارییدا دراوەتەوە. هەروەها خوێندنەوە بۆ ڕەوتی مێژوویی چوونەدەرێی هێزەکانی سۆڤییەت لە ئێران و لەشکەرکێشیی حکوومەتی ناوەندی بۆ دەستبەسەرداگرتنی تەورێز و مەهاباد و چارەنووسی سیاسیی پێشەوا قازی محەممەد و جەعفەر پیشەوەری کراوە.




«نگرشی بر جنبش مسلحانەی ٤٧-١٣٤٦ کوردستان (مکریان) در رژیم شاە»، بەرهەمێکی دیکەی ئەم نووسەرەیە کە باس لە چۆنیەتیی چێبوونی کۆماری کوردستان، ڕووخانی کۆمار و بووژانەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بەردەوامیی خەباتی سیاسیی نەتەوەیی حیزبی دێموکرات و بەستێنەکانی بزووتنەوەی چەکدارانەی ساڵەکانی ٤٧-١٣٤٦ دەکا.

دوا بەشی ئەم کتێبە بۆ باس لە ئامانجەکانی بزووتنەوەی چەکداریی ٤٧-٤٦ و خەسارناسیی نسکۆی جووڵانەوەکە لە ڕوانگەی کەسانی خاوەنەزەرەوە تەرخان کراوە.

# بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی پیرشالیار لە هەورامان



لە هەورامان ڕێوڕەسمی پیرشالیار بەڕێوە چوو کە گرنگترین ڕێوڕەسمی ئایینی- کولتووریی هەورامانە و ساڵانە لە یەکەم چوارشەممەی نیوەی دووەمی دووەم مانگی زستان دەست پێ دەکا.

ڕێوڕەسمی پیرشالیار چەند قۆناخێکی هەیە، یەکەم قۆناخ دابەشکردنی گوێزی باخی پیر بە سەر خەڵکە و قۆناخی سەرەکیی ڕێوڕەسمەکەش بریتییە لە کڵاوڕۆچنێ، کۆتەکۆتێ، قوربانی، دەف و زیکر و هەڵپەڕکێ؛ هەروەها ڕێوڕەسمی «نیشت» کە نوێنەرانی ناوچە و بنەماڵەکانی هەورامان لە ماڵی پیر کۆ دەبنەوە.

هەینیی حەوتووی داهاتووش دوابەشی ڕێوڕەسمەکە بەڕێوە دەچێ کە دابەشکردنی جۆرە کولێرەیەکی تایبەتە و دەبردرێتە سەر مەزاری پیر لالۆ لە هەورامان و لەوێ لەگەڵ ماست دەدرێتە بەشداران. بەوەش ڕێوڕەسمی پیرشالیار کۆتایی دێت.

پیرشالیار ناوی پیرێکی ناوچەی هەورامان بووە کە خەڵکی ناوچەکە بە کەسایەتییەکی گرینگ و خاوەن کەرامەتی دەزانن. بەپێی ئەفسانەکانی ئەو ناوچەیە پیرشالیار توانیویەتی بەهۆی کەرامەتیەوە، کچی پاشای بوخارا چارەسەر بکا کە پزیشکەکان نەیانتوانیوە چارەسەری بکەن، پاشای بوخاراش لە بەرامبەر ئەو کارەیدا کچەکەی پێ داوە. ڕێوڕەسمەکانی ئێستای پیرشالیاریش دەبەسترێتەوە بە ڕووداوی زەماوەندی پیرشالیار و کچی شای بوخارا.

ئەو ڕەوایەتە مێژوویەکی دیاری نییە و هەندێک کەس بە ٧٠٠ ساڵ پێش و هەندێکی دیکە بۆ زیاتر لە هەزار ساڵ لەمەوبەری دەگێڕنەوە.


# کۆمەڵە شێعری «هەرمانی ئەوین» و کۆمەڵە چیرۆکی «شەوەزەنگ»

کۆمەڵە شێعری کوردیی «هەرمانی ئەوین» لە نووسینی «ژاڵە سەیفی‌یاری» شاعیر و نووسەری خەڵکی سەقز لە ١٣٥ لاپەڕەدا و لەلایەن چاپەمەنیی «خانی» چاپ و بڵاو کرایەوە.

«هەرمانی ئەوین» دووەمین بەرهەمی «ژاڵە سەیفی‌یاری»یە و لە ساڵی ١٣٩٩شدا کۆمەڵە شێعرێکی بە ناوی «سترانی تاسە» لە شاری سەقز چاپ و بڵاو کردۆتەوە.

«سەیفی‌یاری» ساڵی ١٣٦٣ لە شاری سەقز لەدایک بووە و لە ئێستادا خاوەنی دوو بەرهەم بە ناوەکانی «هەرمانی ئەوین و سترانی تاسە»یە و کتێبێکی دیکەی ناوبراو لە بەشی منداڵاندا کە پرۆژەیەکی هاوبەشە لەگەڵ «ناوەندی نووسەرانی کوردستان» بڕیارە لە داهاتوودا لە دەرەوەی وڵات چاپ و بڵاو کرێتەوە.

هەروەها کۆمەڵە چیرۆکی «شەوەزەنگ» لە نووسینی «کەماڵ کۆکەیی» لە ١١٧ لاپەڕەدا چاپ و بڵاو کرایەوە. نووسەر لە کتێبەکەدا بە زمانی جۆراوجۆر بەتایبەت بە زمانی شێعر وەسفی





ڕووداوەکان دەکات و جووڵەکانی سروشت بە وێنە دەکێشێ.

کەماڵ کۆکەیی لە کتێبەکەدا وڵاتی خیاڵی، پاڵەوانی خیاڵی، دیمەنی جوان، دیوار و عەزرەت، کرێوە و شەختە، کردەوەی جوامێرانە، ترس و سام، ڕەشبەڵەکی خوێن و جێژوان، هۆهۆی جووتیار و هەوهەوی سوار، تا دەگاتە مردنێکی بە ساناهی یان بە لباد و لۆکە سەربڕین، هەموویان دەخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی.

«کەماڵ کۆکەیی» شاعیر و نووسەر لە مەهاباد لەدایک بووە و دانیشتووی ئەو شارەیە.

# چاپ و بڵاوکردنەوەی یەکەم ڕۆمانی کوردی لە ئیلام




ڕۆمانی «هووز مڵاکەت» لە نووسینی «زارا ئومیدی» چاپ و بڵاو کرایەوە کە بە یەکەم ڕۆمانی کوردی بە زاراوەی ئیلامی دادەنرێ. ڕۆمانەکە ٩١ لاپەڕەیە و لە ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانەوە دیاردەی جن و جندۆکە لە کۆمەڵگای کوردی خراوەتە ڕوو. زارا ئومیدی نووسەری خەڵکی پارێزگای ئیلامە و ڕۆڵی بەرچاوی لە پارێزگاریکردن لە شوناسی کوردی لە ناوچەکەدا هەیە.